لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق
«دەستەی کورد»

# جوغرافیای کوردستانی ئێران

هەواڵنامەی کتێب

عەلی ئەصغەری شەمیمی هەمەدانی
داینـاوە

عبد الرحمن محمد أمین زەبیحی
لە فارسی‌یەوە کردوویە بـە کوردی

چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق
بەغدا – ١٩٨٠

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق

«دەستەی کورد»

---

# جوغرافیای کوردستانی ئێران

هەواڵنامەی کتێب

عەلی ئەصغەری شەمیمی هەمەدانی

داینـاوە

عبد الرحمن محمد امین زەبیحی

لە فارسی‌یەوە کردوویە بـە کوردی

---

چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق

بەغـدا ــ ١٩٨٠

من مطبوعات المجمع العلمي العراقي
"الهيئة الكردية"

# جغرافية كردستان الايرانية

تاليف
علي اصغر شميم الهمداني

ترجمة
عبدالرحمن محمد امين نبيحي
من الفارسية

هەواڵنامەی کتێب

مطبعة المجمع العلمي العراقي
بغداد ـ ١٩٨٠

# پێشەکی

ساڵی ١٩٣١ کتێبە بەناوبانگەکەی زانای ناوداری کورد خوالێخۆش بوو موحەممەد ئەمـین زەکی بەگ بـە ناوی ( خۆلاصـەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان ) لە بەغدا لە چاپ هاتەدەرو بڵاوکرایەوە • ئەوە یەکەمجار بوو هەوڵدەدرا مێژووی کورد کە پەردەی تاریکی ڕۆژگارانی بەسەردا درابوو ؛ بە شێوەیەکی زانستییانە ڕوون بکرێتەوە •

هەڵو مەرجێکی ئەو کتێبـەی تێـدا بڵاوکرایـەوە لە چەنـد ڕووەوە مەسەلەکەی زیاتر گرینگ دەکرد :

أ ــ دەوڵەتی عێراق تازە بووبوو بە ئەندامی « عصبة الأمم »و دەستەبەری ئەوەی کردبوو مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لەبەرچـاو ڕابـگرێ‌و بیانپارێزێ‌و لەسەر ئەم بناغەیە زمانی کوردی بـۆ یەکەمجـار لـە مێژوودا ، وەکو زمانێکی ڕەسمی هاتبوە مەیدانەوە •

ب ــ لە عێراق بزووتنەوەی ساڵی ١٩٣٠ی شێخ مەحموودی نەمرو شەڕی بەردەرکی سەرای سلەیمانی‌و ڕۆژی ڕەشی ٦ی ئەیلوول هێشتا لـە مێشکی خەڵکا دەنگی دەدایەوە •

ج ـ لە تورکیا تازە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران خامۆش کرابوو ، شۆڕشی ( ئارارات )یش کە جەژەناڵ ( ئیحسان نووری پاشا ) سەرکردەی بوو بە هاوکاریی هێزی ئێرانو تورکیا سەرکوت کرابوو •

د ـ لە ئیران ، شۆڕشێ بە ناوی شۆڕشی ( مەلا خەلیل )ی مەنگوڕ هێندە لەمێژ نەبوو کوژابووەوە •

هـ ـ لە ئێران چەند ساڵێك بوو ڕەزا شا بووبوو بە پاتشای ئێرانو لەسەر بەشی داهاتی ئێران لەگەڵ شەریکەی نەوتی ئینگلیسو ئێران هەرایەکی سازکردبوو ، وا نیشاندەدرا لە ئینگلیسان ـ کە لە عێراقی ئەوسا هەر خۆیان حیساب بوون ـ دەترسێ کێشەو هەرای بۆ بنێنەوەو جێی پێ لێژ کەن •

بەکورتی لەوکاتەدا کە کتێبەکەی خوالێخۆش بوو ( ئەمین زەکی بەگ ) کەوتە بەردەستی خوێندەواران ، مەسەلەی کورد یەکێك بوو لەو مەسەلانەی کە لە کۆڕو کۆمەڵەکانی نێوان گەلانی ( = دولی ) باسیان لێوە دەکرا ، بۆیە دەرچوونو بڵاوبوونەوەی کتێبێکی ئاوا لە عێراق کە کوردەکانی لەچاو کوردی ئێران لە گەلێ سەرەوە حاڵیان باشتر بوو ، زۆر کاری کردە سەر کاربەدەستانی ئێرانو ترسی ئەوەی وەزعی کوردی عێراق کار بکاتە سەر کوردی ئێرانو بیانهاروژێنێو داوای مافی خۆیان بکەن ، ئارامی لە کاربەدەستان هەڵگرتو زەمزەمەی ( کورد بە ئەسڵ ئێرانین )و ( ئێرانی ئەسڵیان کوردە ) لە هەموو گۆشەو کەناری ئێراندا بەرزبۆوە •

ئەمە باری دەرەوەو ئاشکرای مەسەلەکە بوو • من نازانم لەژێرەوەو لە پشتی پەردەی ئەستووری سیاسەتو لە تالارەکانی کۆبوونەوەی دیپلۆماسی ، دەوڵەتی تازەی عێراق خرابوە ژێر چ پاڵەپەستۆیەکی سیاسی لەسەر مەسەلەی کورد ، بەڵام هەبوونی پاڵەپەستۆیەکی سیاسی لەسەر

عێراق حەقیقەتێکە چونکو سالی ١٩٣٧ دەوڵەتی ساوای عێراق ڕاکێشرا بۆ ناو ( پەیمانی سەعداباد ) کە بەندی ١٣ هەمی دژی کورد بوو •

لە مەیدانی وەڵامدانەوەی کتێبەکەی ( ئەمین زەکی بەگ )یشدا کاربەدەستانی ئێران کەوتنە خۆیانو هانی هەندێ نووسەریان دا کە کتێب لەسەر کورد بنووسن ، کارێکی تا ئەوڕۆژە لە ئێرانا نەکرابوو ، دەیانەویست بەم کارە شتێك ئیسپات بکەن کە هیچ پێویستی بە ئیسپاتکردن نەبوو ئەگەر نیازێکی تایبەتی لەئارادا نەبوایە • دەیانەویست بڵێن ( کورد بە ئەسڵ ئێرانین ) ، جا خۆ وەنەبێ ئەم قسەیە لەگەڵ واقیع چناکۆکییان لەنێواندا بێ ، بەڵام ڕەگەزپەرستیو شۆڤێنێتی وای لێدەکا بەرچاوان ببێزرێ ، کەس نەیگوتوە کورد ( ئێرانی ) یا (ئاری) نین ، بەڵێ (ئاری)نو زۆریش (ئاری)نو ئەسلی (ئاری)ن ، بەڵام ئەو (ئاری)و (ئێرانی)یەی کورد خۆیان بەو دەزاننو گەلێ زانایانی ئارکیۆلۆژیو مێژووناسو زمانەوانیش هەر لەسەر ئەم ڕایەن لەگەڵ (ئێرانی)یەکی کاربەدەستانی ئێران دندووکی دەخەنە سەر زۆر لێك جیاوازن •

( ئێرانی ) لەلای کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران بەومانایەیە کە لە هەموو ئەم وڵاتە پانو بەرینەی ئیمڕۆ پێیدەڵێن (ئێران) تەنیا تاقە میللەتێك دەژی ئەویش نەتەوەی ئێرانە کە ئەمە یەعنی کوژاندنەوەی تطورو گەشەکردنی هەزاران ساڵەی ئەو خەڵکانەی ئیمڕۆ لە ئێرانا دەژین ، یەعنی تێکردنەوەی نەتەوەکانی فارسو کوردو بلووچو ئازەریو ••• و تراندنەوەیانو کردنیان بە یەك میللەت ( میللەتی ئێران) ، کارێکی تطورو گەشەکردنی ئاسایی ڕەنگە بە هەزار ساڵیش بۆی پێك نەیەت •

بەروبووی ئەم هەوڵو تەقەلایەی کاربەدەستان چەند کتێبێك بوو ، لەوانە یەکیان ئەم کتێبەیە کە لە بەردەستی خوێنەری بەڕێزەو ئیی دوەمیان

کتێبەکەی ( ڕەشید یاسمیی کوردی جوانڕۆیی )یە بە ناوی ( کوردو پێوەندە ڕەگەزی‌و مێژوویی‌یەکانی) کە یەك بەدوای یەکا دەرچوون‌و کەوتنە بەر دەستی خوێندەواران ، کتێبی سێیەم لەم ڕیزە کتێبەدا مێژووی زانای کورد ( ئایەتوللا شێخ موحەممەد مەردۆخی کوردستانی )یە کە مەعلووم نی‌یە لەبەرچی چەند سالێ وەپاش کەوت •

★ ★ ★

لەژێر پالەپەستۆی ئامانجی سەرەکیی دانانی ئەم کتێبەدا ، نووسەر لە هەموو شوێنێك هەر باسی ( خێڵ )و ( قەبیلە )و ( عەشیرەت )و (چۆڵ‌نشینان)ی کورد دەکاو بەم‌جۆرە خۆی دەپارێزێ لەوەی ددان بە هەبوونی نەتەوەی کوردا بنێ •

لە باسی شوێن‌و چیاو ڕووبارو مەلبەندەکانیشدا بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی لە زۆر جێ ناوە خۆجێی‌یەکانی کردوە بە ژێر لێوەوەو ئەو ناوانەی نووسیوە کە لە (ڕەسمی‌یات)ی دەولەتی‌دا بەکاردەهێنرێن‌و ویستوویە لێرەشدا تێلاێ بە زمانی کوردیدا بداو ئاوای بخاتە بەرچاوان کە لە کوردستان ناوی چیاو ڕووبارو ••• و ••• بە زمانی فارسی دەبێن ، لە هەندێ جێگاش شوێن‌پێی نووسەرانی عوسمانیی هەلگرتوەو بەدوای ناوی هەر چیایەکەوە (داغ)ێك‌و لەپاش ناوی هەر چۆمێك (چای) یا (سوو)یەکی هێناوە کە هەر ناناسرێنەوەو نازاندرێ مەبەست چ کێوێك یا چ ڕووبارێکە • هەروەها لە باسی ناوی عەشیرەتەکانی کوردیشدا بە عەینی ڕێبازا ڕۆیشتوەو ناوەکانی کردوونە فارسی •

من لەم وەرگێڕانەی خۆما هەولم‌داوە ئەوەندەی بۆم کرابێ‌و لێم زانیبێ ئەو هەلە ئەنقەستی‌یانە ڕاست‌کەمەوەو لام وا نی‌یە زۆریش سەرکەوتبم •

**عەبدوڕڕەحمان موحەممەد ئەمین**

# به نـاوی خوای توانـا

مەبەستی نووسەر لە دانانی ئەم کتێبە ڕوونکردنەوەی جوغرافیـای مەڵبەندی کوردستان و دیاری کردنی ڕەگەزی ڕاستەقینەی هۆزەکانی کوردو مێژووی سیاسیی [1] ئەوانە ، بۆ ئەم مەبەستە نووسەر پشتی بە ئەنجـامی لێکۆڵینەوەو بەشوێنداگەڕانی زانایانی فەڕەنگی و هەیئەتە زانستییـەکان بەستوە کە پەیتا پەیتا هاتوونەتە ئێران و لێکۆڵینەوەکانی خۆیان خستۆتـە سـەر کاغـەز .

بۆ بەرپەرچدانەوەی بیرو باوەڕو باری سەرنجی کۆمەڵێ لەوکەسانەی کە بە نیازێکەوە دەستیان داوەتە لێکۆڵینەوەو بیرو باوەڕو ئامانجی سیاسیی دەوڵەتەکانی خۆیان ، هەمیشەو لە هەموو جێگایەك ، کردۆتە ناوئاخنی وتەی زانستی و بە ناوی زانـست و زانین لە گەڵێ وڵاتانی ڕۆژهەڵات لە سیاسـەتی ئیستیعماریی دەوڵەتانی خاوەن قازانج پەیڕەوی یان کردوە ، هەروەها بـۆ ئیسپات کردنی ئەو مەبەستە کە هۆزەکانی کورد ئێرانین ( چونکو هێندێ لەوکەسانەی بە نیازێکی سیاسی دەستیان داوەتە لێکۆڵینەوە ، دەڵێن کورد هیچ پێوەندێکی ڕەگەزی یان لەگەڵ ئێرانی یان نی یە ) هەموو نووسراوەکانی مێژوونووسانی کۆنی یۆنان و مێـژووزان و جوغرافیانووسـانی ئیسـلام و

---

(١) سـانسۆر ڕێگای بڵاوکردنەوەی بەشی (مێژووی سیاسی)ی ئەم کتێبەی نەدا ـ وەرگێڕ .

ئەنسیکلۆپیدیای ئینگلیزیو فرەنسیم بە وردی خوێندۆتەوەو وێڕای ڕوونکردنەوەی ڕەگەزی کوردان درۆو ناڕاستیی قسەی ئەو موحەققیقانەشم بەئیسپات گەیاندوە .

چونکو من لەم جۆرە باسانەدا ، بێلایەنیو خوێنساردیم پێ لە تەعەصوبی نەتەوایەتی باشترە ، ئەوەندەی بۆم کراوە هەولمداوە ڕاستی ئاشکرا بکەم تا خوێنەرانی بەڕێز نەمکەنە ئامانجی سەرکۆنەو تانووتو بە ( واعظ )ێکم دانەنێن کە خۆی بە قسەی خۆی نەکا .

( شەمیم )ی هەمەدانی

هەواڵنامەی کتێب

ئەم کتێبە سێ بەشە :

بەشی یەکەم ــ جوغرافیای تەبیعیی کوردستان بەگشتیو بەشەکانی : باسی چلۆنایەتیی تەبیعیی کوردستانی سنەو کرماشانو گەڕووسو موکریی تێدایە .

بەشی دوەم ــ جوغرافیای سیاسیی کوردستان کە پانو بەرینی ، مەفهومی مێژوویی ، دانیشتوانی وڵاتی بەناوبانگی کوردستان ، ڕەگەزو مێژووی سیاسیو زمانو مەزەبی هۆزەکانی کوردو ناوی عەشیرەتە گەورەکانی کوردی تێدایە .

بەشی سێیەم ــ جواغرافیای ئابووری : باسی سەرچاوەکانی سامانو چلۆنایەتیی کشتوکاڵو سەنعاتو بازرگانیی کوردستان دەگرێتەوە .

# بەشی یەکەم

## جوغرافیای کوردستان بە گشتیو بەشەکانی

کوردستان لەباری ڕەگەزییەوە مەڵبەندێکی پانو بەرینە کە سنووری باکووری وی جنووبی فەلاتی ئەرمەنستانەو سنووری جنووبیشی دەرەی چۆمی ( دیالە )یە کە یەکێکە لە لقو پۆپەکانی دەجلە . درێژایی کوردستان

له جنووبی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ بـاكووری ڕۆژاوا ٦٠٠ ــ ١٠٠٠ كیلۆمیترەو پانایی‌شی ١٢٠ ــ ٤٠٠ كیلۆمیترو تا ٤٨ دەرەجەی ڕۆژهـەلاتی گرینویـچ ڕاكشاوە • ئەم مەڵبەندە بەرفراوانە كە بابەتە جۆربەجۆرەكانی جوغرافیایی : چیای سەختو ڕژد ، بانووی بەرز ، دەشتی بەپیـتو بەرەكەت ، چـەمو ڕووباری زۆرو دیمەنی تەبیعی‌یە ، لەنێوان سێ دەوڵەتی ئـێرانو عـێراقو توركیادا ، بەش‌كراوە •

## كوردستانی ئێران

سنووری تەبیعی : كوردستانی ئێران [1] بانوویەكی بەرزە لە ڕۆژاوای ئێران ، لـە باكوورەوە بـە بانی ئازربایەجانو دەراوی دەریاچەی ورمێوە نووساوە ، وڵاتی هەمەدانو خاكی هەوشار دەكەونە لای ڕۆژهەڵاتی • دەرەی چۆمی دیالە لەجنووبیدا هەڵكەوتوە ، لەلای ڕۆژاوا سنووری تەبیعیی نێوان ئەم بانووەو جولگەی مێزۆپۆتامیا (عێراق) دەرەی چۆمی دەجلەیە[2] ، شاخی بەرز كە بەشێكیان كلكەی چیاكانی ئەرمەنستانن‌و بەشێكیشیان زنجـیرەی چەند لیزگەی زاگرۆسن ، ڕووی فەلاتەكەیان داپۆشیوە • ئـەو چیایانـە سەرچاوەی گەلێ چەمن كە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژاوا یا لە جنووبەوە بۆ باكوور دەچن • لە باری شكڵو لای ڕاكشانی چیاكانو چلۆنایەتیی ڕۆیشتنی ئاوی چۆمەكانیشەوە ، كوردستان دەكەینە سێ بەشی لێك جیاواز •

**ا ــ كوردستانی موكری‌و گەڕووس :**

باری درێژبوونەوەو ڕاكشانی شاخەكانی كوردستان ، بە شـێوەیەكی

(١) ئەگەرچی دانەری كتێب لە پێشـەكی‌یەكەیدا دەڵێ كوردسـتان لەنێوان ئێرانو عێراقو توركیادا بەش‌كراوە ، بەڵام لە باسی (كوردستانی ئێران)دا مەبەستی تەنیا كوردستانی سنەیە ــ وەرگێڕ •

(٢) ئێستا سنووری سیاسیی نێوان كوردستانی ئێرانو خاكی عێراقی عەرەب دوامین بەرزاییی لای ڕۆژاوای زنجیرە شاخەكانی زاگرۆسەو ئەو سنوورە بەپێی پەیمانێكی سیاسیی نێوان دوو دەوڵەت قەراردراوە •

گشتی وێڕای شاخەکانی زاگرۆس لە باکووری ڕۆژاواوە بەرەو جنووبی ڕۆژهەڵاتە •

ئەو زنجیرە شاخانە کە لەگەڵ زنجیرەی زاگرۆس لە ناوەوەی فەلات ڕاکشاون بەهۆی دەراوی چۆمان لێكدادەبڕێن• چیاکانی ڕۆژاوای کوردستان کە سنووری تەبیعیو سیاسیی ئێران پێکدێنن زنجیرەی موازینو لووتکەی ڕێكوپێکیان هەیە • باری لێژییان لە جنووبەوە بۆ باکوورەو فەلاتی ئێرانیان وا لێ کردوە کە بەسەر جولگەی مێزۆپۆتامیادا بڕوانن ؛ ئەم لێژییەمان لە ڕۆژاوا بە ڕووکاری مێزۆپۆتامیادا ڕژدو لەلای ڕۆژهەڵات لەسەرخۆیە ، بەرزاییی مامناوەندیی چیاکان دەگاتە ٣٢٠٠ میتر • لووتکە گرینگەکانی ئەم زنجیرەیە کە دەکەونە نێوان وڵاتی شنۆیەو دەربەندی بەناوبانگی ئالان بریتین لە : چیاڕەش ، کێوە سپی ، چیای بەرزەن ؛ چیای کانی خولاّ ، قەندیل ، چیای باقرو چیای حاجی برایم [٣] • ئەم کێوانە بەشی زۆری ساڵ بەفر دایپۆشیون •

هەواڵنامەی کتێب

لەنێوان ملەی کێلەشینو دەربەندی ئالان زنجیرەی چیاکانی سنوور ڕێكوپێکنو لە باکووری ڕۆژاواوە بۆ جنووبی ڕۆژهەڵات درێژ دەبنەوەو باریان لەگەڵ باری چیاکانی جنووبی ڕۆژاوای ئێران موازی هەڵکەوتوە • ئەم زنجیرەیە سنوورێکە چیا ئاگرپژێنە نازێکەکانی ئەرمەنستانو ئارارات لە کێوە ڕسووبییەکانی [٤] زەهاوو لوڕستان لێك جیادەکاتەوە •

---

(٣) دانەر وشەی (داغ)ی تورکیی بەدوای ناوی ئەم چیایانەوە نووساندووە ، کە لە سەرچاوە عوسمانییەکانەوەی وەرگرتووە . لەبەرئەوەی ناوی چیاکان لە ناوچەکانی خۆیاندا بێ (داغ) بەکاردەهێنرێن ، ئێمەش لێرەدا لامانبردن ــ وەرگێڕ .

(٤) ڕسووبی ئەو کێوانەن لە نیشتنی قوڕو لیتەی ناوئاوان پەیدابوون ــ وەرگێڕ .

لە ڕۆژهەلاتی موکریان دوو زنجیرە کێو یەکێك بە ناوی (بەردەسیر)و[٥] ئەویتر زنجیرەی موکریان لەگەڵ یەکتر موازی هەڵکەوتوونو دەراوی چۆمی جەغەتوو لێکیان دادەبڕێو درێژەی چیای بەردەسیریش لەباکوور بەهۆی دەراوی چۆمی تەتەهوو هەڵبڕاوە . کلکەی ئەم زنجیرەیە بە ناوی کورتەك تا سابلاغو جنووبی دەریاچەی ورمێ دەکشێ .

باری درێژەی کێوەکانی بەردەسیر لە باکووری ڕۆژاواوە بەرەو جنووبی ڕۆژهەلاتەو تۆزێك بۆ لای ڕۆژهەلات لاردەبێتەوە ، بەڕاستی ئەم زنجیرەیە ئەو سنوورەیە کە لەلای ڕۆژهەلاتەوە کوردستان دیاردەکاو ئاوڕێژگەی کوردستانیشە دامانەی لای ڕۆژهەلاتی بە لێژاییەکی لەسەرەخۆو بڵیند لە دەراوی چۆمی جەغەتوو دەبڕێتەوەو لە ڕۆژاواشی دەراوی ( زێ )یە هەڵکەوتوە . لووتکە گرینگەکانی ئەمانەن : شوان بریان ، پالانسەر ، شیرینتان ، کورتەك ، کێوی یاقووب ئاغا ، ملەی کێلە شێن کە لە دەربەندە گرینگەکانی ئەم مەڵبەندەیە بۆلای ڕۆژاوا لە زنجیرەی بەردەسیردا هەڵکەوتوە .

کێوەکانی ناوەوەی موکریانو گەڕووس کلکەی هەڵقرچاوییەکانی زنجیرەی بەردەسیرن کە بە هەموولایەکی ناو فەلاتەکەدا لقو پۆپی لێ بۆتەوەو ڕادەکشێ . لووتکە گرینگەکانی ئەمانەن : کێوی تەکەلوو کە دەراوی چۆمی جەغەتوو لە چەمی سەقز (ئەویش لقێکی جەغەتوە) جیادەکاتەوە ، کێوی وەنەوش لەنێوان چەمی خاڵۆو چۆمی تەتەهوو ، پارشان : لەنێوان چەمی خاڵۆو چۆمی تەتەهوو ، سوورمتان : لە باکووری سەرچاوەی چەمی تەتەهوو .

---

(٥) ڕەنگبێ ڕاستییەکەی ( بەردە سوور ) بێ — وەرگێڕ .

بەپێی ئەم سەرەتایانە دەتوانین کێوەکانی کوردستانی موکریان بکەینە دوو بەش ، یەکێ چیایەکی مەزنە کە لە باکوورو باکووری ڕۆژاوا بەرەو جنووبو جنووبی ڕۆژهەڵات درێژ بۆتەوەو بەشێکە لە چیا سەرەکییەکانی فەلاتی ئێرانو بە شێوەیێکی گشتی لووتکەکانی ڕێكوپێكو باری ڕاکشانی ئاشکرایە ، دەستەکەی دیکە هەڵقرچاویی دەرەجە دوون کە باری هەڵکەوتنی چیاکانیان بەلای ڕۆژهەڵات ــ ڕۆژاوادا وەرچەرخاندوەو دیسان تەوژمی قورسی ئاگرپژێنی سەهەندو ئالوگۆڕی زەوی کاری تێکردوونو باری هەڵکەوتنی دوەمیشیان تووشی گۆڕان هاتوە •

## چۆمەکانی موکریانو گەڕووس ( بیجاڕ ) :

لە کوردستانی موکریانو گەڕووسدا دوو مەڵبەندی بەرچاو بۆ باری جاریبوونی ئاوەکان دەتوانین دیاری بکەین ، یەکیان هەرێمی باکووری ڕۆژهەڵاتە کە چۆمە گرینگەکانی بریتین لە جەغەتوو و تەتەهوو ، ئەویتر بەشی جنووبی ڕۆژاوا یا دەراوی (زێ)ی پچووك (کەڵوێ)یە ، چۆمەکانی موکریان لەبەر باری هەڵکەوتنی شاخەکانیو چلۆنایەتیی بەرزیو نزمیی زەوی بە دوو لای باکوورو جنووبی ڕۆژاوادا دەڕۆن ، چۆمەکانی باکوور دەڕژێنە دەریاچەی ورمێو چەمەکانی جنووبی ڕۆژاواش بەهۆی (زێ)ی پچووکەوە تێکەڵ بە دەجلە دەبن •

## دەراوی ورمێ :

چونکو سەرچاوەی چۆمەکانی ئەم دەراوە لە چیا پڕبەفرەکانی بەردەسیرو چل چەشمەدا هەڵکەوتوە ؛ چەمەکانی بەنیسبەت ئاویان زۆرەو لەبەرئەوەش کە بەستۆڕەیان لەزەویی خوێڵێنندا نییە ئاویان شیرینەو گرینگترینیان جەغەتوو و تەتەهووە •

## جەغەتوو یا زێڕن چۆم (٦) :

بەدرێژایی ٢٤٠ کیلۆمیتر ( نیزیکەی ٣٧ فرسەق ) لە کێوی چل چەشمە هەڵدەقوڵێو لە جنووبەوە بۆ باکوور جاری دەبێ ، لای ژوورەوەی چۆمی خوڕخوڕەی پێدەگوترێ • گرینگترین لقەکانی لەلای چەپی چەمی سەقزە کە لە کێوەکانی بەردەسیرەوە دێتو مەڵبەندی سەقز پاراو دەکاو لەو جێگایەی کە دەڕژێتە ناو جەغەتوو پان دەبێ ، چۆمی جەغەتوو لەو شوێنەوە کە چەمی سەقزی تێکەڵ دەبێ تا ئەو جێگایەی خۆی دەڕژێتە ناو دەریاچەوە لقێکی گرینگی نیە ، بەڵام لەلای ڕاستەوە هەموو ئاوەکانی چیاکانی خولاو سارۆی دەڕژێتە ناو • لقی دیکەش بە ناوی لەیلانو سارووق لە داوێنەی سەهەندو خاکی هەوشارەوە دێنو لە نێزیکی (مەصەب)ەوە تێکەڵی دەبن •

ئاوی ئەو چۆمە شیرینەو بۆ کشتوکاڵ کەڵکی لێ وەردەگیرێ ، بەڵام لە بەشی موکریان لەبەر بڵیندیی زەوییەکانی قەراغیو قووڵایی زۆری چۆمەکە کەڵکوەرگرتن لە ئاو دژوارەو زوربەی ئاوی ئەم چەمە مەزراکانی مەڵبەندی سایین قەڵا دەیخۆنەوە •

## تەتەهوو :

ئەم چۆمە لە جەغەتوو کورتترو کەمئاوتریشە ؛ بە دەرویێکی قووڵدا دێتەخوار کە زنجیرەی چیای کورتەکو بەردەسیر لێکدادەبڕێ ، لقەکانی لەلای ڕاستەوە چەمی خالۆیەو لە دەستی چەپیشەوە چۆمی سابلاغو [٧] چەند ڕووباری پچووکن کە لە نێزیکی دواوانەکەیەوە تێکەڵی دەبن •

---

(٦) ناوی ئەم چەمە لە کۆنەوە ( جەغەتوو ) مەشهوورە . پاشان ئەم ناوە مەغوولیە کرا بە فارسیو بوو بە (زرینە رود) کە بە کوردی دەبێتە (زێڕن چۆم) ــ وەرگێڕ .

(٧) سابلاغ تەحریفێکی صاوج بولاقو بەمانای ( چۆمی کانیی سارد )ە .

چۆمی جەغەتوو و تەتەهوو لەبەرئەوەی ئاوەکەیان شیرینەو ( خوێ ــ املاح )ی تێدا نی‌یە ماسی‌یان زۆرە ، بەڵام چونکو خەڵــکی دەوروبەریــان گوێ‌نادەنە ڕاوەماسی‌و ئامرازی پێویستی ئەمکارەش نی‌یــە کەڵکیــان لێ وەرنــاگیرێ •

**دەراوی دەجلە :**

ئاوەکانی بەشی جنووبی ڕۆژاوای موکریان کە لە چەند چیایەك سەرچاوە دەگرن ، تێکەڵ یەك دەبنەوەو چۆمی ( زێی گچکە ) یا (کەلوێ) پێك‌دێنن[٨]؛ لقی پڕئاوی (زێی پچووك) لەپێشدا لە شاخی مەیدان [٩] بە بەرزایی ٢١٤٠ گەز سەرچاوە دەگرێ . ئەم جێگەیەدا لەبەرئەوەی شاخی (لگبن) کە ١٥٦٠ گەز بەرزەو لەلای چەپی دەراوی سەرووی هەڵکەوتوە پێشی‌دەڵێن ( چۆمی لگبنێ)و پاش ئەوەی بە دامێنی ئەم کێــوەدا دەڕوا . بــۆ لای جنــووب بادەداتەوەو بە دەرەیێکی پانو بەرێنــدا جــاری‌دەبی‌و دەچێتــە وڵاتــی سەردەشت • لە هەرێمی سەردەشتا کە بە مامناوەندی هەزار گەز بــەرزە ، نشێوی چۆمی کەلوێ زۆر خوڕەو لە مەودای ١٦ فرسەقدا نێزیکەی ٥٦٠ گەز دادەکەوێ‌و [١٠] پاش هەرێمی سەردەشت ( زێ ) دیسان ڕوودەکاتەوە ڕۆژاواو بە چیا گەورەکانی دەربەندی ئالانو[١١] جنووبی کاولەکانی شاری

---

(٨) دانەری کتێب بە سەهو چوەو ناوی ( زێی گچکە ) وەختێك پەیــدادەبێ کە هەموو ئەو ئاوانە دەگەنە خاکی کوردستانی عیراق ــ وەرگێڕ .

(٩) مەیدان بەڵەك : لە چەند کیلۆمیتریی ڕۆژاوای مەهابادە ــ وەرگێڕ .

(١٠) هەر لەبەر ئەم خوڕی‌یە لەم مەڵبەندەدا پێی‌دەڵێن ( گافڕێن ) ــ وەرگێڕ .

(١١) دەربەندی ئالان لەدوایی ئەو کێوانەدا هەڵکەوتوە کە لە ئێرانەوە چوونە ناو خاکی عێراق‌و ڕێگای پێوەندی کوردستانی موکریانە لەگەڵ مووسڵ ، ئەم دەربەندە کە چۆمی (زێی پچووك)ی پێدا دەرباز دەبێ هــەر لەکۆنەوە ڕێبازی خێڵە کۆچەرەکانو ، زۆر بەناوبانگ‌و گرینگ بوە .

قەدیمی ئەربیل‌دا کە بە کوردی پێی‌دەڵێن هەولێر تێ‌دەپەڕێ‌و تێکەڵ بـە دەجلە دەبێتەوە [١٢] .

لقە گرینگەکانی (کەلوێ) لەلای چەپەوە چۆمی (پەس‌ئاوە[١٣])و چۆمی (لاوێن)و چۆمی (مسین)ە لەگەڵ چەند ڕووباری پچووکتر کە لە شاخەکانی تورکیا دێنە خوار ، لەلای ڕاستیشەوە لقی گرینگی چۆمی ( بانە )یە کە پـاش پاراوکردنی (بانە) لە تێزیکی سەردەشت‌و باکووری دەربەندی ئالان تێکەڵ بە (زێ) دەبێتەوە .

لە هەردوو لای دەراوی ژوورووی چۆمی (زێ)یە دوو زنجیرە شاخی بڵیند هەن‌و ئەو چۆمە ، شوێنە فشەڵەکانی ئەم کێوانەی شوشتۆتەوەو لەگەڵ خۆی بردوونی‌و لە دۆڵێکی تێـوان هەردوو زنجـیرەدا پەسـتاوتوونی‌و سەرلەنوێ لەناو ئەو شوێنەدا ڕێبازێکی بۆ خۆی کردۆتەوە . لـە بـەشی ناوەڕاستا بەستۆڕەی پان‌ترو ڕەوتی مەنـدترەو لـەم دەراوەدا کە ئـاوی شاخەکان دەڕژێتە (زێ)یەوە دەشتێکی پان‌و بەرینی ڕسوو‌بی زۆر بەحاسڵی پێکهێناوە کە لە مەڵبەندە بەپیت‌و بەرەکەتەکانی موکریان حیساب دەکرێ .

**ب ـ کوردستانی کرماشان :**

سنووری تەبیعیی کرماشان لەلای باکوورەوە زنجیرە شـاخێکە کـە دەراوی چۆمی دیالە لە دەرووی چـۆمی گاماسـب جیادەکاتـەوە ، لـە ڕۆژهەڵات شاخەکانی (کەنگاوەر)و لای ڕاستی چۆمی گاماسـاوەو لـە جنووبەوە ئەو کێوانەن کە دەکەونە تێـوان دوو مەڵبەنـدی ( کەڵـووڕ )و (پشتکۆ)و لە ڕۆژاواش دەراوی چۆمی دەجلە سنووری تەبیعیی کرماشانە .

---

(١٢) ئەم زانیاری‌یانەی کە دانەر بۆ ڕێبازی (زێ)ی باس‌کردووون زۆر شاشن ـ وەرگێڕ .

(١٣) پەس‌ئاوا : تەحریفی پەزاوایە لە دوو وشەی پەز بـە مانای مێکەلە مەڕو ئاوا بە مانای ئاوەدان‌کەرەوە پێکهاتوە .

شاخەکانی کرماشان بەپێچەوانەی کێوەکانی موکریان ، چونکو تووشی ئینقیلاباتی زەوی‌و هەڵقرچان نەبوونو شکستی تازەیان نەهێناوە ، لووتکەکانیان ڕێك‌وپێك‌و باری درێژ ڕاکشانیان تایبەتی‌و قەراردادەیە • بەگشتی لە باکووری ڕۆژاواوە بۆ جنووبی ڕۆژهەلأت ڕاکشاون ؛ زنجیرە گرینگەکانی ئەم چیایانە لە ڕۆژاواوە بۆ ڕۆژهەلأت ئەمانەن : دەلاقانی [١٤] ؛ پەڕۆ [١٥] ، هۆلأنە کە لە جنووبەوە بە کێوە سپیەوە دەنووسێ ، کەللە ، کێوی پەڕقرمز ، ئەم کێوانە بە شێوەیێکی گشتی بەرزاییان کەمە و ڕێك‌وپێکن ، پاش ئەم زنجیرانەی باسمان‌کرد کێوی داڵەهۆ و باڵووڵ هەڵکەوتوون• ناوی زاگرۆس ئەگەرچی جارجارە بە هەموو زنجیرە چیاکانی ڕۆژاوای ئێران دەگوترێ ، بەلأم ئەوی ڕاست بێ یۆنانییەکان لەوناوە بەتایبەتی مەبەستیان کێوانی داڵەهۆو باڵووڵ بوەو ئەو دوو زنجیرە کێوە کە هەر لە کۆنەوە سەرنجی خێڵە ئێرانییەکان بوون ، یۆنانییەکانیش ناسیویانن•

بێجگە لەو دوو زنجیرەیە چەند زنجیرەیێکی کەم بەرزاییی وەکو (کیالوو)و (ئەوا)و (سونبلە)و (شاکۆ) لە سنووری ئێران‌و عێراق‌و تورکیا[١٦] هەڵکەوتوون • بەرزترین زنجیرە شاخی کرماشان زنجیرەی داڵەهۆیە کە بەدرێژاییی ساڵ بەفر لووتکەی داپۆشیوەو لەسەرەوەی وڵاتی کرماشان

---

(١٤) دەلاقانی ، ڕەنگە (دل‌قانی) بەمانای کێوی دڵ‌خوێن بێ‌و لەبەرئەوەی خاکەکەی گڵەسوورە وای پێ گوتراوە •

(١٥) بەردەنووسی بەناوبانگی داریووشی گەورە کە بە خەتی پەهلەوی باسی سەرکەوتنەکانی ئەو پاتشایەی تێدا نووسراوە لە داوێنەی کێوی (بەڕۆ)یە•

(١٦) لام‌وایە لێرەدا نووسەر بە سەهو چوە چونکو کە باس باسی شاخ‌و چیای کرماشان بێ هەر سنووری ئێران‌و عێراق دێتە مەیدان • جا نازانم ئەگەر ئەم کێوانەی باسیان‌دەکا کێوەکانی لای (مەرگەوەڕ) نەبن • دژواریی دۆزینەوە لەوەدایە کە ئەم جۆرە نووسەرانە ناوی جێگاو شاخ‌و ••• وردەگێڕنە سەر فارسی‌و ••• ناسینەوەیان بۆ یەکێکی شارەزای مەڵبەندەکە نەبێ زۆر دژوارە ــ وەرگێڕ •

تا ئاسۆیەکی زۆر دوور دەبینرێ‌و چونکو یەکێك لە دەربەندە مێژوویی‌یە گەورەکان لە فەلاتی ئێرانەوە بۆ دەشتی مێزۆپۆتامیا ، لەم زنجیرەیەدا هەلکەوتوە ، لە چەرخەکانی کۆندا لای خەلك ناسراوەو بەشی زۆری کۆچ‌و کۆچباری خێلەکان لە رۆژهەلاتەوە بۆ رۆژاوا لە دەربەندەکانی ئەم زنجیرەیەوە دەرباز بوون (١٧) .

بەشێوەیەکی گشتی شاخەکانی کرماشان رێك‌وپێك راکشاون ، بەلام بەرزایی لووتکەکانیان فەرق‌دەکاو لەنێوانیاندا دۆل‌و دەرەی پان یا قوول هەیەو لە هێندێك شوێنان زنجیرەی شاخەکان لێك‌پچڕاون‌و دەرەی بەپیت‌و بەرەکەتیان بەدی‌هێناوەو ئەوجۆرە جێگایانە ناوەندی پڕ دانیشتوانی مەلبەندی کرماشانن‌و گوندو دێهاتی ئاوەدانیان لێ‌یەو دوو چۆمی (قەرەسوو)و (گاماساو) ئاوەدانی‌و پیت‌و بەرەکەتی مەلبەندەکەیان زیاتر کردوە .

لە بەشەکانی‌دیکە لەبەرئەوەی شاخەکان لێك نزیکن ( دەرە )کان تەنگەبەرن ، ئەو جۆرە شوێنانە نشیمەنی عەشایرو خێلاتی کۆچەری رۆژاوای کرماشانین کە لەبەر بەرزایی‌جێگای دانیشتنیان‌و لەبەرئەوەی دەستیان بە ئاوی چومەکان ناگا لە کشتوکال بێ‌بەشن‌و بۆ ئاوی پێویستی خۆیان (بیر) لێ‌دەدەن .

**ج ـ کوردستانی سنە :**

**سنوورو کێوو چلۆنایەتیی بەرزو نەزمی :**

کوردستانی سنە بەشێکە لە فەلاتی کوردستان،لە باکوورەوە بۆ جنووب‌و

(١٧) رێگای گەورەی شاهەنشاهیی داریووشی مەزن کە پێتەختی حکوومەتی ئێرانی بە بەشەکانی ولاتەوە لە ئاسیای گچکەو قەراغەکانی دەریای رەش‌و سپیی ناوەڕاست دەبەستەوە ، رێگایەك بوە کە ئیمڕۆ بەشێکی ماوەو بە هەمەدان‌و کرماشان‌و بەغدادا ڕادەبرێ .

پانایی ۲۰۰ کیلۆمیترە ، خاکی هەوشارو سایینقەلا لە باکوورو مەڵبەندی کەرکووك‌و سلەیمانی لە ڕۆژاواو دەراوی چۆمی دیالە لەجنووب‌و ویلایەتی هەمەدان‌و گەڕووس لە ڕۆژهەلات‌و باکووری ڕۆژهەلات دەورەیان‌داوە •

کێوەکانی کوردستانی سنە بەگشتی ڕێك‌وپێکن ، باری درێژبوونەوەیان لە باکووری ڕۆژاواوە بۆ جنووبی ڕۆژهەلاتە ، دوامین چیای ناڕێکی موکریان لە باکووری کوردستانی سنە زنجیرەی (چل چەشمە)یە کە سەرچاوەی چۆمە پڕ ئاوەکانی ڕۆژاوای ئێرانـە •

لە جنووبی ڕۆژاوای چل‌چەشمە زنجیرەکانی (گەرمیـان)و (دانـی قاشان)و (کەللەسەر) بە موازاتی یەکـتری لە ڕۆژهەلاتـەوە بـۆ ڕۆژاوا ڕاکشاون ، لە ڕۆژاوای کوردستانی سنە ئێزیکی سنووری عێراق ، چیاکانی کوردستان لە مەڵبەندێکی نێوان کەرکووك‌و سلەیمانیدا دەبیندرێن کە بـە شێوەیەکی تەواو موازی ، تەواوێك چوونە پێش • زنجیرە گرینـگەکانی بریتین لە : عەلی‌داغ ، قەرەداغ ، سەگیرمەداغ‌و ئیزمڕداغ[18] ئەم زنجیرەی دوایی بۆلای جنووب درێژ دەبێتەوە تا دەچێتە بـە کێوەکانـی ڕۆژاوای کرماشانەوە دەنووسێ‌و تەنیا چەمی دیالە دێتە پێش‌و زنجیرەکە دەپچڕێنێ • لەباکووری چیای چل‌چەشمە کلکەی کێوەکانی بەناوی (تەکەلتـوو) لـە جنووبی ڕۆژاواوە بۆ باکووری ڕۆژهەلات کشاوەو بە لێژاییەکی کەمەوە دەچێتەوە سەر دەراوی چەمی ( قزل ئەوزەن )[19] •

---

(۱۸) ئەمەش نموونەیەکی دیکەی هەلگێڕانەوەی ناوی عەلەمە لەلایەن هەنـدێ نووسەرانەوە ئەگەرچی ئەمەی ئێرەیان ڕەنگە خەتای گێڕانەوە بێ لـە سەرچاوەکان . لەڕاستیدا ئەو زنجیرانەی ئەو باسیان دەکا ئاوان : ئاچ‌داغ، قەرەداغ ، سەگرمە ، ئەزمڕ ــ وەرگێڕ •

(۱۹) قزل ئەوزەن یا چەمی سپی کە لە کوردیـدا (قـزڵ‌وەزان)ە ، لە کێـوی چل‌چەشمەی کوردستانەوە هەلدەقولێ‌و دەچێتەوە خاکی ( گەڕووس )و لەوێوە بەرەو باکوور دەبێتەوەو دەچێتـەوە مەڵبـەندی ( میـانە ) لە

کێوی چلچەشمە لووتکەیەکی گرینگی هەیە کە (زێی گچکە)و ( جەغەتوو )و (چەمی سپی) لە دامانەی ئەوا هەڵدەقوڵێن‌و بە سێ لای ڕۆژاوا ، باکوورو باکووری ڕۆژهەڵاتدا دەڕۆن ، بەڕاستی هەروەکو ناوەکەشی شایەدە دەتوانرێ چلچەشمە بە سەرچاوەی ئەسڵیی هەموو ئاوەکانی کوردستان دابنرێ • کێوەکانی هەورامان کەوتوونەتە جنووبی شاخی چلچەشمەو بەولاولادا ڕاکشاون‌و بەپێچەوانەی چلچەشمە وشک‌و بێ‌ئاون‌و چەمێکی وایان لێ نایەتە خوار کە گرینگ بێ •

بە شێوەیەکی گشتی کوردستانی سنە لە سێ لاوە چیای بەرز دەورەیان‌داوەو تەنیا لە باکووری ڕۆژهەڵات یەعنی دەراوی (چۆمی سپی) بەرزاییی فەلاتەکە ڕوو لە نزم‌بوونەوە دەکا ، ناوەڕاستی ئەم مەڵبەندە لەچاو دەوروبەری خۆی نزمەو ناوبەناو زنجیرەی چیا ، زەویی ڕسوبیی پڕ حاسڵ‌و دۆڵی بەرین هەیە ، زوربەی دێهات‌و ئاوەدانیی گەورەی کوردستان لەو دەرەو دۆڵ‌و زەویانەدا هەڵکەوتوون •

لەبابەت بەرزی‌و نزمی‌یەوە کوردستانی سنە دەکەینە دوو بەش :

١ـ بەشی باکووری ـ دەشتێکی زۆر پان‌و بەرینی ڕسوویی‌یە ، بەشێوەی مام‌ناوەندی بەرزاییی دوو هەزار گەزەو چەمی قزل ئەوزەن بەوێدا تێدەپەڕێ ، ئەم دەشتە ئاوو هەوای وشک‌و بەژی‌یە [٢٠] ، ڕۆژاوای زنجیرەی چلچەشمەو جنووبی کێوەکانی ویلایەتی سنەو چیای پەنجە عەلی‌یە ، ئەم کێوانە لە جنووب‌و ڕۆژاوا بوونەتە مایەی ئەوەی کە چەمی قزڵ‌ئەوزەن بەرەو باکووری ڕۆژاوا جاری ببێ •

---

ئازربایەجان‌و هەر دەڕواو چەم‌و ڕووباری دێنەوە سەر تا لە شوێنێک بە ناوی ( حەسەن کەیا )وە دەڕژێتە (بەحری خەزەر)ەوە ـ وەرگێڕ .

(٢٠) بەژی : مناخ قاری ـ وەرگێڕ .

لەو دەشتە پانەدا ئاودڕکی قووڵهەن کە پڕن لە زیخو چەوو زۆر بەپیتن ، ئاوەکانی دامانەی ڕۆژهەڵاتو باکووری چلچەشمەو کێوی (دەربەند)و (تاهۆ خان) لە بەرزایی نێزیکەی چوار هەزار میترەوە بەم ئاودڕکانەدا دینە خوارو بە دەشتەکەدا دەڕۆنو لەو شوێنەی کە لێژایی کێوەکان لەگەڵ دەشتەکە دەبێتەوە یەك ئەوانیش یەکتر دەگرنەوەو بەشی ژووررووی چۆمی سپی پێکدێننو ئەو لقانە بەهۆی زنجیرە کێوێکی کەم بەرزایی کە ناوی ( تالواتتو )ە دەکرێن بە دوو بەشی ڕۆژهەڵاتیو ڕۆژاوایی• لەو جێگایەوە کە ڕووبارەکان تێکەڵ دەبنەوە ئیتر چۆمە سپی بە زەویی خیسك (خیزك)دا دەڕوا ودەچێتەوە هەرێمی گەڕووس •

٢ـ بەشی جنووبی : ئەم بەشە بەپێچەوانەی دەشتی باکووری تەواو کوێستانەو دۆڵو دەرەی تەنگو بەسامی هەیە ، بەشی زۆری ساڵ بەفر دایپۆشیوە ، چونکو کێوەکانی ئەم بەشە یەك لەدوای یەكو بە موازاتی یەکتر هەڵکەوتوونو چۆمی گەورەش هەڵیان نابڕن ، کاری هاتوچۆو کشتوکاڵیان لە جنووبی کوردستان زەحمەت کردوە • سەرچاوەی تەبیعیی دەوڵەمەندیی ئەم مەڵبەندە لێڕەواری تەنکن کە لە داوێنەکانی ڕۆژاوای چیاکان هەڵکەوتوونو خێڵو کۆچەرانی جنووبو ڕۆژاوای کوردستان کەڵکیان لێ وەردەگرن •

**چۆمەکان :**

دەتوانین چۆمەکانی کوردستان بکەینە سێ دەستە :

١ـ لقەکانی ژووررووی چۆمەسپی لە باکوور بە ناوی ( سارال )و (هۆبەتوو)و (خوڕخوڕە)و (قەرەتۆرە) کە بە ناوی ئەو ئاواییو دێهاتانەی پێیاندا دەڕۆن ناونراونو لەنێزیك شاخی (تالواتتو) تێکەڵ بە لقی ئەسڵیی

(چۆمەسپی) دەبنەوە ، لقێکی‌تر بە ناوی چەمی لەیلا لە کێوی پەنجە عەلیی ڕۆژھەلاتی شاری سنە ھەڵدەقولێ‌و تێکەڵ بە (چۆمەسپی) دەبێتەوە .

٢ــ لقەکانی چۆمی جەغەتوو کە لە ھەمــوان گرینگتریــان چــۆمی (سەقز)ەو لە (کەلی‌خان)ەوە سەرچاوە دەگرێ‌و مەڵبەندی سەقز پاراو دەکا. ھەر لە (کەلی‌خان)ەوە چۆمێکی‌تر بۆ لای ڕۆژاوا دەچێ‌و پاش پاراوکردنی شاری (بانە) تێکەڵ بە چەمی (کەلات)[٢١] دەبێ کە چۆمێــکی سنــووری ئێران‌و عێراق‌و دوایی ڕوودەکاتە دەجلە .

٣ــ لقەکانی چۆمی گەورەی دیالە کە ئەغلەب وێڕای چیاکانی ناوەندی کوردستان لە باکوورەوە بۆ جنووب دەڕۆن ، لقی ئەسلیی دیالە ، یا گاوەڕۆ یا سیروان [٢٢] لە چیای (شریش‌قان)ی نێزیــکی ( ئەسەدابــاد )و ڕۆژاوای شاخی (ئەلوەند) ھەڵدەقولێ‌و لە ڕۆژھەلاتەوە بۆ ڕۆژاوا تاسنووری عێراق دەڕوا ، ئەم چۆمە ھەموو زنجیرە کێوەکانی کە یەك لەدوای یەك‌و موازی بە یەکتر دێنە سەر ڕێگای وەکو (شاھۆ)و (کەللەسەر) ھەڵدەبڕێ‌و لەو ڕێبازە شاخاوی‌یەدا دۆڵ‌و دەرەی قووڵ‌و پێچەلپلووچ دێنێتە وجوود ، کاتێ لــە دۆڵەکانی (کەللەسەر) دەردەچێ ، بەلای جنووبی ڕۆژاوادا پێچ‌دەکاتەوەو لەم حاڵەیدا دوامین زنجیرە کێوی سنوور دەبڕێ‌و ڕوو لە دەجلە دەکا .

سەرچاوەی ئەسلیی ئەو لقانەی لە لای ڕاستەوە دەڕژێنــە دیــالەوە کێوەکانی کوردستانی ( سنە )ن‌و ئەو لقانە برێتــین لە چــەمی سنــە یــا

(٢١) وادیارە مەبەســتی (چەمی چەمان) بێ کە ســنووری ئێران‌و عێراقــە لەنێوان دوو مەڵبەندی (بانە)و (شارباژێڕ)و نێزیکترین ئاوایی کوردستانی عێراق بەرامبەر ئەم چەمــە (شــابەدین)و لــە کوردســتانی ئێرانیــش ( ئەنجێنە )یەو نەمبیستوە کەس بــەم چەمــەی گوتبێ ( کەلات )و چۆمی ( کەلوێ )ش لە سنوور نی‌یە تا بیاو بلێ مەبەست ئەویانە ــ وەرگێڕ .

(٢٢) ئەم ناوانە ھەریەکە لە مەڵبەندێك بەو چەمانە دەگوترێ‌و ئــاخرێکەی دەبێتە دیالــە ــ وەرگێڕ .

(میابوروان) کە لە باکووری ڕۆژاواوە دێتە ناو شاری سنەو لەجنووبی ڕۆژهەڵاتیەوە دەردەچێ ، نیو فرسەق دوورتر لە جنووبی شار چەمی (قشلاغ)یشی تێکەڵ دەبێ‌و دەچنەوە سەر دیالە • یەکێ‌دی چۆمی هەورامانە کە لەسەرچاوەوە بە چەمی (ڕەزاو) مەشهوورە‌و پاش پاراوکردنی هەورامان لەگەڵ چەمی جوانڕۆو ڕووباری مەریوان چۆمێکی گەورەتریان لێ‌پێك‌دێت‌و دەچنەوە دیالە ؛ ڕووباری مەریوان لە دەریاچەی (زرێبار — زرێوار) دەردەکەوێ ، ئەم دەریاچەیە لە دەشتی مەریوانە درێژایی فرسەق‌و نیوێك (٩ کیلۆمیتر —)و پانایی فرسەقێکەو لە ئاوی ئەو کانیانە دروست‌بوە کە لە بنەوەی هەڵدەقوڵن •

لقەکانی چەپی دیالە کە بە خاکی کوردستاندا دەڕۆن بریتین لە : (لەهلەسوو)[٢٣] کە سەرچاوەی لە (شاهۆ)یەو (ڕەنگان) کە لە کێوەکانی (دالەهۆ) دێتە خوارو چەمێکی پچووکیش بە ناوی (زێ) یا (چۆمی زریشك) کە لەنێوان (دالەهۆ)و کێوی (داڕووجان) دێتە خوارو دوو زنجیرەی گرنگی کێوی (ئاسنگەران)و (بزەینان) هەڵدەبڕێ •

هەندێ لقی دیکەی دیالە کە لە کرماشانەوە دێن ئاوی حەلوان یا (ئاوی ئەلوەند)ە سەرچاوەی ئەو چۆمە لە کێوی (تەختی گڕا)یەو[٢٤] لە بەرزایی ١٩٠٠ گەزەوە بە لێژێکی زۆر ڕژددا لە چیاکانی زاگرۆس دێتە خوارو جولگەی (عەلی)و (سەرپێل)و (قەسری شیرین) پاراو دەکاو تێکەڵی دیالە دەبێتەوە •

**ئاوو هەوا :**

کوردستانی سنە ئاوو هەوایەکی سەختی بەژبی هەیە ، زستانی زۆر

---

(٢٣) ڕەنگە (لەهلەسوو) چەمی لالە بێ — وەرگێڕ •

(٢٤) تەختی گڕا ڕەنگەبێ تەختی گەڕە یا تەختی گرە بێ — وەرگێڕ •

ساردە ، لەم مەڵبەندە ساڵێ چوار مانگی پەیتا پەیتا بەفر دەبارێ ، لووتکەی بەرزی کێوەکان هەمیشە بەفر دایپۆشیونو سەرچاوەی چۆمە گەورەکانی ڕۆژاوان ، شوێنانی نزمو پێدەشتەکانیش تا ناوەڕاستی بەهار بەفریان لێ دەمێنێ ، جاروبار ئەستوورایی بەفر لەم جێگایانە دەگاتە دوو گەز .

زستانان لای ڕۆژاوای شاری سنەو شیوو دۆڵی کوێستانەکانی وەها بەفر دەیانگرێ کە ڕێبوارو هاتوچۆکەر مەگەر بە دووکەڵێ کە لە هەندێ دێهات هەڵدەستێ بزانێ ئاوەدانی لەم شوێنە هەیە . بەفری زۆرو سەرمای سەختی ئەم ناوچەیە کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر ژیانو بەرێچوونی خەڵکەکەی . لە زستانا دەشتو کێو بەفر دایدەگرێو ڕێگاکان دەگیرێنو هاتوچۆی نێوان دێیەکان بەتەواوی پەکی‌دەکەوێ ، بۆیە خەڵکی لادێی کوردستان لە هەموو جووتیرو لادێیی ئێران زیاتر بۆپێکەوەنانی سووتەمەنیو ئازووقەو جلوبەرگی زستانە بەپەرۆشن بەتایبەتی داخستنی سووتەمەنی بۆ جووتیرانی کوردستان مەسەلەی مردنو ژینە . ئەگەر بەرێکەوت ساڵێك حاسڵاتی ناوچەیەك بەشی پێداویستی خەڵکەکەی نەکا ، زستانێ کە ڕێگای هاتوچۆ دەبەسترێ ، قاتیو قڕی‌یەکی گەورە پەیدا دەبێو خەڵکێکی زۆر لە سەرماو لەبرسان لەناودەچن . جارجارە قاتی هێندە سەختە کە جووتیرانی بێچارە دەکەونە گیانی یەکترو یەکتری لەتوکوت دەکەنو دەیخۆن (٢٥) ، ئەم کارە هەر لەنێو جووتیرانی کوردستان ڕوودەداو خێڵەکانی ناگرێتەوە ، چونکو خێڵە کوردەکان لە کۆنەوە گەرمێنو کوێستانێ دەکەنو خۆیان لە

---

(٢٥) نازانم دانەر ئەم قسەیەی لەکوێ‌هێناوە . ئەوەی من بیستبێتم تەنیا لە گرانیی ساڵی ١٣٣٧ی کۆچیدا چەند ڕووداوێکی ئاوا هەبوە،ئەم گرانی‌یەش پێوەندی بە سەختیی زستانەوە نی‌یە بەروبووی شەڕی یەکەمی جیهان بوو کە خاکی کوردستان ببوە پێخوستی لەشکری ئەڵمانو عوسمانیو ڕووسی قەیسەریو خەڵکیان لە کارو کاسبی کردبوو خەڵکێکی زۆریش بە ناوی (غەزا)وە دەسخەڕۆی عوسمانی‌یەکان بووبوون ــ وەرگێڕ .

سەرمای سەختو بەفری قورسی زستانو گەرمای بڕست بڕی هاوین ڕزگار دەکەن. ڕەنگە یەکێك لەو هۆیانەی کە لە گەرمێنو کوێستان کردنی خێڵەکانی ڕۆژاوای ئێراندا کاریگەر بوە هەر ئاوو هەواو هەندێ هۆی دیکەی جوغرافیایی بێ ، هەروەکو ئیمڕۆش جووتیارو خەڵکی لادێ ماڵ بەجێدێڵنو ژیانی کۆچەریان بەلاوە باشترە تا ئەوەی لە جێگایەك نیشتەجێ ببن .

بەڵام لە شیوو دۆڵە تەنگەبەرەکانی ناوچە شاخاوییەکان ، چونکو زەوی بەپیتو بەرەکەتەو ئاوو هەواشی خۆشە ، ژمارەی دانیشتوانی دێیەکان لە هیی دەشتو بەرکێوەکان زیاترەوژیانی دانیشتوانی ئەم مەڵبەندانە دلنیایی زۆرتر تێدایە ، هێندێك لەو شیوو دۆڵانە ، وەکو بەشی ئەردەڵان (لای ڕۆژهەڵاتو جنووبی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی سنە) چونکو تۆفانی پڕ تەڕو تووشیی ڕۆژاوا لە کێوەکانی ڕاگرۆس دەدا ، زەوی تەڕایی زۆرەو هەوا خۆشەو لەگەڵ کشتوکاڵو ژیانی لا دێیی دەسازێ .

لەو قسانەی پێشووەوە بۆمان دەردەکەوێ کە دەتوانین دوو جۆرە ئاوو هەوا لە کوردستانی سنە بەدی بکەین : یەکیان لە بەشی دەشتاییو شیوو دۆڵە بەرینەکان کە ئاوو هەوایەکی بەژیی هەیەو لە گۆڕاندایە ، زستانەکانی زۆر ساردو سەختەو پلەی گەرمای لە (٣٢ + ) تا ( ٢٢ ــ ) لە هاتوچۆدایە ، ژیان لەم مەڵبەندەدا زۆر دژوارەو کارو پیشەی هەرە گەورەی خەڵکەکەی لە سەرەتای بەهارەوە تا سەرەتای پاییز پێکەوەنانی سووتەمەنیو خستنی ئازووقەو سازکردنی جلوبەرگە بۆ زستان .

بەشەکەی دیکە مەڵبەندی شیوو دۆڵە تەنگەبەرەکانی ناوچیایە بەتایبەتی هیی لای ڕۆژاوای شاری سنە ، کە لەلایەکەوە کێوەکانی بەهۆی ڕاکێشانی هەڵمی ئاوو تەڕایی ، ئاوو هەواکەی بە مامناوەندی ڕادەگرنو لەلایەکی

دیکەشەوە سووتەمەنیی زستانەی خەڵکەکەی لە لێرەوارە زەبەندو چڕەکانی داوێنەی ڕۆژاوای کێوەکان بە ئاسانی دەست دەکەوێ •

ئەوەی لەبارەی ئاوو هەوای کوردستانەوە وترا لە سنووری شێوەی گشتی تێناپەڕێ ، چونکو نەلاتی کوردستان بەوەی کە هەموو بابەتە جیاجیاکانی جوغرافیایی هەیە ، لە هەموو جێگایەکی ئاوو هەوای وەکو یەك نییە ، بەڵکو دەتوانین بۆ هەر مەڵبەندێکی ئاوو هەوایەکی تایبەتی دەس نیشان بکەین؛ بۆ نموونە ئەو مەڵبەندەی کە شاری سنەی تێدا هەڵکەوتوە چونکو زۆر ڕۆژان هەتاوی تێدەکا لە مەڵبەندی هەورامانو مەریوان زۆر گەرمترو وشکترەو بەگشتی داوێنەی ڕۆژهەڵاتی چیاکانی زاگرۆس گەرمترو وشکترن لە داوێنەی لای ڕۆژاوای ئەو چیایانەو ئاوەڕۆی چۆمەکانو ئەندازەی بەرزایی مەڵبەندەکانی کوردستان لە ئاڵوگۆڕ بوونی جۆری ئیقلیمی ئەم مەڵبەندەدا زۆر کاریگەرە •

کەوانامەی کتێب

# بەشی دووەم

## جوغرافیای سیاسی

**بەرینایی و مانای مێژوویی کوردستان :**

ئەو مەڵبەندەی ئیمڕۆ پێی دەگوترێ کوردستان ، تا چەرخی حەوتەمی کۆچی بە ناوی جیاجیا هەڵدەدرا • وادیارە کە لە ئاخرو ئۆخری زەمانی سەلجووقی یەکانی ئێراندا (١) ، کوردستان بەو وڵاتانە گوتراوە کە دەکەونە نێوان ئازربایەجان و خۆزستان ، یەعنی وڵاتانی : هەمەدان ، دینەوەرو کرماشان لە ڕۆژهەلاتی زاگرۆس و شارەزوورو ژەنگار لە ڕۆژاوای ئەم زنجیرە چیایە ، چونکو ئەم وڵاتانەی باس کران لە هەموو کتێبی جوغرافیادا کە تا چەرخی حەوتەمی کۆچی نووسراونەوە : بە بەشێکی وڵاتی (جبال)و (جزیرە) یا (دیاربەکر) داندراون و جوغرافیانووسانی ئێرانی و عەرەب و گەڕیدەکان هیچ کاتێك ناوی کوردستانیان نەبردوەو بۆ یەکەمجار ناوی کوردستان لە کتێبی (نزهة القلوب)ی حمد الله مستوفی دا دێتە بەرچاو ، کە ساڵی ٧٤٠ی کۆچی دایناوە • ئیستەخری هەمەدان و دینەوەرو ئیسفەهان و قوم وەکو وڵاتی گەورەو موعتەبەری (جبال) ناودەباو کاشان و نەهاوەندو کەرەج (٢) بە دەرەجە دوو دادەنێ (٣) •

---

(١) دەوڵەتی سەلجووقیی ئێران ساڵی ٥٩٠ بەدەستی ئەتابەکەکانی ئازربایەجان و خوارەزمیی یان ڕووخاوە .

(٢) مەبەست لە کەرەج شاری گەورەی ( کەرەج ئەبو دەلف )ە کە لەنێوان هەمەدان و سوڵتان ئاوای ئیمڕۆدا بوە ، کاولەکانی لە ٦ فەرسەقی سوڵتاناوا لە شوێنێکی کە ناوی (ئاستانە)یە ئێستاش ماوە .

(٣) المسالك والممالك ، ئیستەخری ، چاپی لیدن - ل ١٩٥ .

یاقووتی حەمەوی نووسەری بەناوبانگی دوایی چەرخی شەشەم‌و سەرەتای چەرخی حەوتەم مەلبەندی جیبال‌و جزیرە ئاوا باس‌دەکا [٤] :

الجبال ـ بەشێك لە ولاتێك ئیمڕۆ ( ئەو ساڵەی کتێبەکەی تێدا داناوە ـ ٦٢٦ی کۆچی ) پێی‌دەلێن عێراقی عەجەم‌و مەلبەندێکە لەنێوان ئیسفەهان‌و زەنگان‌و قەزوێن‌و هەمەدان‌و دینەوەرو قرمیسین‌و ڕەی •

الجزیرة ـ لەنێوان دەجلەو فورات هەلکەوتوەو ئەم ولاتانە دەگرێتەوە: حەڕڕان ، دها [٥] ، ڕەققە ، ڕاس‌عەین ، نوسەیبین ، ژەنگار ، خابوور ، ماردین ، ئامێد ، میافارقین‌و مووسل‌و هەندێ ولاتی دیکەش •

حمداللەی مستوفی لەژێر ناوی دیاربەکرو ڕەبیعە هەروەك معجم البلدان ٢٩ ولات باس‌دەکاو بۆ سنووری جزیرە ولاتانی ڕۆم‌و ئەرمەن‌و شام‌و کوردستان‌و عێراقی عەرەب دەنووسێ ، هەر ئەویش سنووری کوردستان‌و شازدە ویلایەتی گەورەی بەم‌جۆرەی خوارەوە باس‌دەکا [٦] :

سنووری کوردستان لە ڕۆژاوا عێراقی عەرەب‌و لە جنووب خۆزستان‌و لە ڕۆژهەلات عێراقی عەجەم‌و لەباکوور ئازربایەجانە ، ویلایەتە گەورەکانی ئەمانەن :

١ ـ ئالانی ـ شارۆکەیەکی گەورەیە ، ئاوی زۆرە ، ئاوو هەوای خۆشەو نێچیرگای باشی هەیە •

٢ ـ ئەلیشتەر ـ شارێکی ئاوەدانە ، ئاتەشگەدەی ئەووەخش یا ئەردەخش لەوێ بوە •

---

(٤) معجم البلدان ، ج ٣ ، ل ٢٤ و ٩٦ .

(٥) دها بەلای منەوە ڕوها ( ئۆرفە )یە ـ وەرگێڕ .

(٦) لە نزهة القلوب چاپی لیدن ، ل ١٠٢ و ١٠٧ ، ڕستەکە تۆزێ دەسکاری‌کراوە .

٣ ــ بەهــار ــ قەلایەکی سەختە •
٤ ــ خەفتیان ــ قەلایەکی سەختە لە کەنار چەمی زابو چەند شارۆکەی لــەدەورەیە •
٥ ــ دەربەندی تاج خاتوون ــ شارێکی پچکۆلەیە •
٦ ــ دەربەندی زەنگی ــ شارێکی پچووکە ، ئاوی زۆرە ، ئــاوو هەوای باشە ، خەلکەکەی زیاتر دزو ڕێگرن •
٧ ــ دزبیلی یا دزبوول ــ شارێکی خۆش ئاوو هەوایە [٧] •
٨ ــ دینەوەر ــ شارێکی گەورەیە ، درێژایی لە (نصف النهاری خالدات (فج)و پانی (له)یە ، ئاوو هەوای خۆشە ، ترێی زۆرە [٨] •
٩ ــ سولتان ئاوای چەمچەماڵ ــ لە داوێنی چیای بێستوونەو ئۆلجــایتوو سولتان کوڕی ئەرغوون خان دروستی کردوە ، دەغڵ ودانی زورە [٩] •
١٠ــ شــارەزوور [١٠] •
١١ــ کرمانشاه ــ ناوی کۆنی لە کتێبی جوغرافیاییدا (قرمیسین)ە •
١٢ــ کرندو خۆشان ــ دوو ئاواین •

---

(٧) دەبێ ( دزفوول )ی ئێستا بێ ( معید ٥٣٨ ) ــ وەرگێڕ •

(٨) درێژایی ڕۆژهەلاتی دینەوەر لە نصــف النهاری خالداتەوە ٦٢و پانیی باکووری ٣٥ دەرەجەیە •
[ ئەوە عەینی ئەو پەراوێزەیە کە دانەری کتێب بۆ ڕوون کردنەوەی ژمارەی (فج)و (له) نووسیویە بەلام (فج) بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە ٨٣ نەك ٦٢ ، هەرچۆنێ بێ دینەودر ئێستا سەر بە بەشی سەحنەی کرمــاشانە لە درێژایی ٤٨ دەرەجەی ڕۆژهەلاتی گرینویچ دا هەلکەوتوە ــ وەرگێڕ ] •

(٩) ئۆلجایتوو سولتان بە ناوی سولتان محەممەدی خودابەندە مەشهوورە لە ٧٠٢ تا ٧١٦ی کۆچی پاتشایی کردوە •

(١٠) یاقووت دروست کردنی شارەزوور دەداتە پــاڵ (زور بــن ضحــاك) ، هێندێکی تر نووسیویانە چونکو دەستەلاتی ئەم شــارە زیاتر بە دەست زۆردارانی عەشایری کوردەوە بوە ، ئەو ناوەیان لێ ناوە • ئەمەیان ڕاستتر دێتە بەرچاو •

١٣ــ كەنگاوەر ــ نەبەرنەوەی دزو ڕێگری تێدا نیشتەجێ دەبوون پێیان گوتوە قصر اللصوص •

١٤ــ ماهیدەشت یا مایدەشت ــ لە ٥٠ ئاوایی پێکهاتوە ، ئاوی زۆرە •

١٥ــ هەرسین ــ قەڵایەکی قایمەو شارێك هەر بەو ناوە لە داوێنیەتی •

١٦ــ وەستام ــ دێیەکی گەورەیە •

بەوجۆرەی کە لە پێکگرتنی ئەو قسانەی سەرەوە دەردەکەوێ ، کوردستانی ئێران بە لوڕستانەوە تا چەرخی حەوتەمی کۆچی بەشێك لە جیبال بە حیساب هاتوەو بەشی کوردستانی تورکیاو عێراق لە سەر (جزیرە) بوون • یا بە تەعبیرێکی تایبەتی‌تر لەسەر (دیاربکر) بوون ، لە چەرخی حەوتەمەوە لە دەوروبەری هەڵمەتی مەغوولان ، کوێستانەکانی زاگرۆس[11] لە ڕۆژاوای ئێران ناوی کوردستانیان لێ‌نراوە •

حاکم‌نشین‌و بارەگای ئەمیر یا والیی کوردستان لە شارێکی گەورە بە ناوی (بەهار) بوە کە لە نێزێك هەمەدان بوە [12] ، بەڵام لە زەمانی پاتشایەتیی چەنگیزی‌یەکانی ئێراندا ، بەرە بەرە ئەم شارە لە ئەهمیەت کەوتوەو لە سەرەتای چەرخی هەشتەمی کۆچی‌یەوە شاری سوڵتاناوای چەمچەماڵ بۆتە پێتەختی ئەمیرەکانی کوردستان •

لە هەموو ئەو دەورانەدا کە چەنگیزی‌و تەیموری‌یەکان دەستەڵاتدار

---

(١١) هەرئەوەی کە خۆی باسی کردوەو بە کوردستانی داناوە ، لە (دزفۆل)ەوە یانێ لە جنووبی‌ترین نوختەی لوڕستان یا شیمالی‌ترین نوختەی وڵاتی خوزستانەوە دەست پێ‌دەکاو ویلایەتی کۆنی ( شارەزوور ) وەبەرخۆی دەدا ــ وەرگێڕ .

(١٢) بەهار ئێستا شارۆکەیەکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژاوای هەمەدان‌و ١٤ کیلۆمیتر دوورەو جاران مەڵبەندێکی کە دەکەوێتە نێوان هەمەدان‌و قەزوین‌و زەنگان پێی‌کوتراوە محاڵی بەهارو شاری بەهار مەرکەزی بووە . ــ وەرگێڕ .

بوون ، لە کوردستان حکوومەتی خۆجێیی (نسبیا) بەدەستەڵات هەبوون ، ئەمیرەکانی ئەم مەڵبەندە کەمتر گوێیان داوەتە فەرمانی پاتشایانی تـورك • جاریش هەبوە کە ئەمیر یا سەرۆك عەشیرەتێك دەستەڵاتێکی زۆری پەیـدا کردوەو عەشیرەتەکانی دیکەی کوردی هێناوەتە ژێر فەرمانی خۆی •

لە زەمانی پاتشایەتیی صەفەوییانەوە بەرەبەرە کوردستان پانو بەرینی پێشووی لەدەستداوەو پاش ئەوەی لە دەوری قاجارییەکاندا بەشێـکی رۆژاوای کەوتە ژێر چنگی عوسمانییەکان دوو مەڵبەنـدی (لوڕسـتان)و (هەمەدان)یشی لێ جودا بۆوەو مەڵبەندێکی پچووك لە کوردستانی کـۆن بە ناوی کوردستانی سنە یا ئەردەڵان مایەوە •

## دابەش کرانی نفووس بەپێی چلۆنایەتیی جوغرافیایی

تا پێش شەڕی یەکەمی جیهان عەشیرەتە کوردەکان لەنێوان سێ دەوڵەتی ئێرانو تورکیاو[1] ڕووسیادا دابەش کرابوونو بەشی تورکیا زۆرتر بوو، بەڵام بەپێی پەیمانێکی لە ٢١ی مارتی ١٩٢١دا لەنێوان رووسیاو تورکیادا[2] بەسترا هەموو کوردی دانیشتووی مەڵبەندەکانی ڕۆژاوای قەفقاز یەعنی خەڵکی ئەو شوێنانەی کە خرانە سەر تورکیا[3] بوون بە تەبەعەی تورکیـاو لـە لایەکیدیکەشەوە چونکو ویلایەتی مووسڵ لە عوسمانی دابڕاو خرایە سەر خاکی عێراق ، عەشیرەتەکانی کوردی دانیشتووی مووسـڵیش تەبەعـەیی عێراقیان قبووڵ کرد ، بەوجۆرە کوردەکان لەنێوان سێ دەوڵەتی تورکیـاو عێراقو ئێران دابەشبوون •

---

(١) دەبێ مەبەستی دانەری کتێب دەوڵەتی عوسمانی بێ چونکو ناوی تورکیا لەپاش شەڕی یەکەم هاتۆتە گۆڕێ ــ وەرگێڕ .

(٢) لێرەدا مەبەست لە ڕووسیا ، یەکێتیی سۆڤیاتیو لە تورکیاش کۆماری تورکیایە ــ وەرگێڕ .

(٣) مەبەست قارصو ئەردەهانو چەند ویلایەتێکی دیکەیە ــ وەرگێڕ .

لە تورکیا ، کوردەکان زوربەی مەڵبەندەکانی سنووری ئێران و عێراقیان داگرتوەو لە دەوروبەری دەریاچەی (وان) هێندێکیان لەگەڵ ( فەلە )کان تێکەڵن و لە باکوور لەنێوان فورات و دەجلە یەعنی ویلایەتی بیرەجەك و جزیرەو لە مەڵبەندەکانی ڕۆژاوای فورات لە ویلایەتەکانی بیتلیس و دیاربەکرو ئەرزەڕۆم و هەروەها لە داوێنەی ڕۆژاوای چیای ئاراراتیش کوردی تەبەعەی تورکیا دانیشتوون •

لە مێزۆپۆتامیا (بين النهرين) عەشیرەتەکانی کورد زیاتر لە هەولێر دانیشتوون و بەشێکیش لە سلەیمانی هەن و [٤] بەپێی سەرژمێریی سالی ١٩٢٣ ــ ١٩٢٤ ژمارەیان ٣٩٤٠٠٧ کەس بوە •

لە ئێران عەشایری کورد لە کرماشان و گەڕووس و کوردستانی سنەو هێندێك شوێنی ئازربایەجان وەکو ( ڕەزائیە )و (شنۆ)و (دەشت)و سەلماس (شاپووری ئێستا)و (خۆ)و (ماکۆ) دانیشتوون و زوربەی مەڵبەندە شاخاوییەکانیان کردۆتە جێ دانیشتنی خۆیان ، هێندێکیش لە کوردەکانی ڕۆژاوا کۆچیان کردوە یا کۆچیان پێکراوە بۆ مەڵبەندەکانی دیکەی ئێران ، بەمجۆرە لە ڕۆژهەڵاتی ئێران مەڵبەندەکانی (قووچان)و (بیجنوورد) ، لە باکوور (دەرەگەز)و (وەرامین)و (مەنجیل)و (قەزوێن) ، لە جنووبی ڕۆژاوا (پشتکۆ)و لە جنووب (بەختیاری)و هێندێك مەڵبەندی (فارس)و (کرمان) جێگای دانیشتنی خێڵە کوردەکانە • بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێ ژمارەی کوردانی ئێران بە ٧٠٠ هەزار کەس دابندرێ ، ئەوانە سەرەڕای ئەوەش کە بوونە تیرەو تایەفەی جیا جیاو مەزەب و ئاقیدەی تایبەتیان هەیە هەموویان لە یەك ڕەگەزن و تابیعی حکوومەتی مەرکەزیی ئێرانن •

ڕەگەزو سەرچاوەی ئەسلیی کورد : ئەو قەوم و عەشیرەتە زۆرانەی کە

---

(٤) نازانم مەبەستی لە ( بەشێکیش ) چییە ؟ ــ وەرگێڕ .

خاکی پانو بەرینی کوردستانی ئێرانو دەراوی سەرووی دوو چۆمی فوراتو دەجلەو دامانەکانی چیای ئاراراتیان داگرتوەو پێیان‌دەڵێن کورد ، لە لانی لەهجەو زمانو ڕەوشتو عادەتو شێوەی ژیانو مەزەبەوە لەگەڵ یەکتر هاوبەشن ، بەڵام چۆنیەتیی جوغرافیایی جێگەی دانیشتنیانو ڕوودانی کارەساتە مێژوویی‌یەکان ، لە تایبەتی‌یەکانی قەومیی ئەواندا کاریگەر بوەو لەناو عەشیرەتەکانی کوردا جیاوازیی لە شێوەو خووڕەوشتو عادەتو مەزەبدا هێناوەتەدی • هەبوونی ئەو چەشنە جیاوازی‌یانە لێکۆڵینەوەی دەربارەی سەرچاوەی پەیدابوون ، ڕەگەزو خاکی ئەسڵیو زەمانی کۆچو کۆچباری کورد وە دژوار گێڕاوە • بەڵام جێگەی دڵخۆشی‌یە کە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەو پشکنینی کۆمەڵێ لە زانایانی ئەڵمانیو ئینگلیسیو فەرەنسی ڕەگەزی ڕاستەقینەی کورد ڕوون بۆتەوەو ئەو زانایانەی باسیان‌کرا لە ڕووی کتێبی مێژوویی زەمانی کۆنی یۆنانو هێندێ نووسراوەی مێژوونووسانو جوغرافیا زانانی ئیسلامو وردبوونەوە لە ئەحواڵی عەشیرەتەکانی کورد لە ئێرانو تورکیا ، بە بەڵگەو دەلیل ئیسپاتیان کردوە کە کورد ئێرانین ، تەنیا هێندێکیان دەربارەی مێژووی کۆچو کۆچبارو ئەو سەرچاوەی کە ناوی ئەو قەومە یەعنی وشەی (کورد)ی لێ وەرگیراوە ڕایان لێك‌ترازاوە کە ئەوەش هێندە گرینگ نی‌یە •

شتێکی کە هەموو زانایانی ئیمڕۆ ڕایان لەسەری‌یە ، ئەوەیە کە پێش ئەوەی کوردانی ئێرانی بێنە مەڵبەندی کوردستان تایەفەیەکی‌تری ئێرانی ڕەگەز بە ناوی (کاردۆ) لەو خاکەدا بوونو شارستانەتی‌یەکی تا ئەندازەیەك گرینگیان هەبوەو پاشان لەگەڵ قەومە کۆچەرە ئێرانی ڕەگەزەکان تێکەڵاو بوونو ناوی خۆیان بەسەردا بڕیون •

بەردەنووسێکی دووهەزار ساڵ پێش لەدایك‌بوونی عیسا کە لە ئاشۆری‌یەکان بەجێ‌ماوە ، باسی وڵاتێك دەکا کە ناوی (کاردا) یا (کارداکا)یە

[ ئەوکەسەی بەردە نووسەکەی خوێندۆتەوە ، گومانی لەوە هەبوە کە لـە ئاخری وشەکەدا دوو پیتی ( کا ) هەبێ ] ، ئەو ولاتە لە سنووری دەریاچەی (وان)ەوە بۆلای جنووب ڕاکشـاوەو قـەلای زۆر سـەختی هەبـوە کە شوێنەواریان تا چەرخی پێنجەم‌و شەشەمی کۆچیش هەر مابوون •

ناوی قەومی (کاردۆ)و ولاتەکەیان (کاردا) تا ناوەڕاسـتی چـەرخی پێنجەمی پێش عیسا لە هیچ جێگایەك بەئاشکرا باس‌نەکراوەو تـەنیا تیگلات پلایزەری پاتشای ئاشوور کە باسی شەڕەکانی خۆی دەگێڕێتەوە باسی قەومی (کورتی) دەکا کە شەڕی لەگەل کردوون ، بەلام قەرینەی زمـان بۆمـان ئیسپات ناکا کە دوو وشەی (کاردۆ)و (کورتی) یەکن• کاتێ گزێنفۆن سەردارو مێژوونووسی یۆنانی بە لەشکرە دەهەزار کەسیەکەیـەوە دەگەڕێتـەوە ئورووپا ، تووشی قەومی (کاردۆ) هاتوە کە ولاتێـکی پـان‌و بەرینیـان بەدەستەوە بوە ، لە کتێبەکەیدا باسیان‌دەکاو بە ئازایی‌یاندا هەلدەلێ[٥] •

لەووەختەوە ئیتر وشەی (کاردۆ) لە کتێبی نووسەرانی یۆنانیدا بەرچاو دەکەوێ ، ئەو مێژوو نووسانە لە هەموو جێیەك لەدوای ناوی کاردۆ باسی ولاتی کاردۆکانیش دەکەن •

نیشتمانی قەومی کاردۆ بەوجۆرەی مێژوونووسانی یۆنانی دەلێن لـە کەناری چەپی دەجلەو مەلبەندەکانی کێوی (جوودی) بوە ، ئارامی‌یەکان‌و مێژوونووسانی ئەرمەنی‌و عەرەب ئەو مەلبەندەیان بە ناوی جیاجیا باس‌کردوە، ئارامی‌یەکان کە بە زنجیرە چیای (جوودی)یان گوتوە (بێت کاردۆ) هەمـوو مەلبەندەکانی نێوان فورات‌و دەجلەشیان ناوناوە گازارتا ــ کاردۆ• ئەرمەنی بە (کوردۆخ)و عەرەب (کرداء) یا (کوردای)یان باس‌کردوە[٦] •

---

(٥) کتێبی ئاناباسیس ، بەشی چوارەم ، فەسلی سێیەم ، پارچەی یەکەم .
(٦) فتوح البلدان ، بلاذری ، ل ١٧٦ .

بەرەبەرە وشەی کاردۆ مەدلـوولی مێژوویی خـۆی بـزرکردوەو مێژوونووسانی ئیسلام بە مەڵبەندی (کاردو)یان کوتوە جزیرة ابـن عمرو سەردەمێکیش ناویان‌ناوە بوختان[٧] •

لەنێو شارەکانی ئەم وڵاتەدا ، کە بە قـەی مێژوونووسانی ئەرمەنـی زۆر ئاوەدان‌و گەورە بوە ، تەنیا ناوی کۆنی سێ شار سـاویزا ، پینـاکا ، ساتالکا ، بەجێ‌ماوە کە هەرسێکیان لە قەراغ دەجلە بوون[٨] •

بە وتەی گزێنفۆن کە هاوزەمانی ئەردەشـێری دوەمی هەخامـەنشی بوە ( ٣٨٣ ــ ٣٧٩ پ • ع ــ وەرگێڕ ) خەڵکی مەڵبەندی کاردۆ لەپێشـدا نە ژێردەستی پاتشای ئێران‌و نە دەس‌تێژی ئەرمەنستان بوون[٩] ، بـەڵام لە سەرچاوە ئەرمەنی‌یەکانەوە وا دەردەکەوێ کە لە چەرخی یەکەمی پێـش عیسادا تیگرانی دوەم پاتشای ئەرمەنستان ئەم وڵاتەی داگیرکردوەو لە ساڵی ١١٥ی پاش عیسا (بانیسارۆس) پاتشای کاردۆ چۆتـە ژێـر دەسـتەڵاتی ئەرمەنستانەوە[١٠] •

---

(٧) بوختان یا بۆهتان = بۆتان دەبێ بەشێك بێ لە وڵاتـی (کاردو)ی کۆن چونکو کوردی دوای ئیسلام دەڵێن جزیرو بۆتان ، لەوانەیە ئەم (جزیر)ە پاشماوەی (گاذارتا)ی ئارامیەکان بێ‌و مێژوونووسانی ئیسلامیش هـەر بەبۆنەی گازارتاوە ناوی جزیرە ابن عمریان داهینابێ ــ وەرگێڕ .

(٨) ئیسترابۆن جوغرافیازانی یۆنانی لە دەوروبەری لەدایك‌بونی عیسـادا ژیاوە ، لە کتێبی شازدەهەم ، فەسڵی یەکەم ، پارچەی ٢٤دا دەنووسێ کە بەشی لێواری دەجلە قەومی ( گۆردیێێنین Gordyéens )ی تێدا دانیشتوە کە لە نەتەوەی (کاردۆ) کانەو شارو قەڵای سەختی هەیە ، وەکو ساویزا ، ساتالکاو قەڵای پیناکا کە سێ سووچەو لەسەر گردێکی خۆڵ دروست‌کراوە .

(٩) ئاناباسیس ، کتێبی چوارەم ، فەسڵی سێیەم .

(١٠) لە چەرخێك پێش عیسا تا ١١٥ی عیسایی نێزیکەی ٢٠٠ ساڵێك ددبێ دەبوایە باسی ڕووداوەکانی ئەم ماوەیە بکرێ ئەگەر کاردۆ هەروەك تیگران داگیری‌کرد مابێتەوە پێویست نەبوو مانیسارۆس بـاسی لێوە بکرێ . وا

هیچ گومانی تێدا نیە کە خەڵکی وڵاتی کاردۆ یا کاردا لە ڕەگەزی ئێرانی بوون [١١] هەرچەندە ماوەیەك کەوتوونە بندەستی بێگانان بەڵام تێکۆشاون سەربەخۆیی خۆیان بپارێزنو ، نەریتی تایبەتیی ڕەگەزی خۆیان بزرنەکردوە • تایبەتەکانی ڕەگەزیان لە سەرچاوەی ناوەکەیان ، یانێ وشەی کاردۆ بە چاکی دەردەکەوێ ، ئەم وشەیە لە زمانەکانی سۆمەریو ئاکەدیدا بە مانای ئازاو بەهێزەو کارادۆ هەر لەو زمانانەدا بەمانای ئـازاییو دلێری هـاتوە •

لەنێوان وشەی کاردۆو خالدی یەکێتیی لەهجەو خزمایەتییەکی تێزیك هەیە • خالدی ناوی سۆمەریی ئەو قەومانەیە کە ئاشۆرییەکان ئۆرارتـوو یا ئۆراشتوویان نووسیوەو بە زمـانی عیبـری ئـارارات‌و لە یۆنانیـدا کزاردۆیان [١٢] پێ گوتوون • هەر ئەو قەومە لە دەوروبەری چەرخی نۆیەمی پێش عیسا کۆچیان کردوەو چوونە ئەرمەنستان‌و [١٣] لە جنووبی دەریاچەی وان دەوڵەتێکی (سەربەخۆ)یان دامەزراندوەو ئەو دەوڵەتە تا سەرەتای چەرخی شەشەمی پێش عیسا بەرپا بوە • لەوزەمانەدا قەومی تازە نەفەسی ئەرمەنی پەلاماری مەڵبەندی (وان)یان داوە خالدیەکانیان بەرەو کێوەکان ڕاداوە [١٤] •

---

دەردەکەوێ لەوماوەیەدا کاردۆ خۆی لە بن‌نێری ئەرمەنستان ڕزگارکردوە ــ وەرگێڕ •

(١١) ڕەگەزی (ئاری) ڕاستترە لە ئێرانی ، چونکو ئێران وڵاتێکە ناوەکەی لـە (ئاریا) وەرگیراوە ــ وەرگێڕ •

(١٢) کزاردۆ : لە یۆنانی‌دا بە (x) دەست پێدەکا هەروەکو گزێنفۆن. ئەم پیتە (x) لە یۆنانیی کۆندا ناوی (خی) بوەو ئێستاش لە ڕووسیدا هەر بە (خ) دەخوێنرێتەوەو لە ئەلفو بێتکەی لاتینیدا کە بۆ کوردی دانراوە هەر (خ)یـە ، بەم‌حاڵەوە ئـەگەر ورد ببینەوە دەتوانین بڵێین کزاردۆ هـەر (خـاردو)یە ــ وەرگێڕ •

(١٣) ئەم شوێنە لەدوایدا ناوی بۆتە ئەرمەنستان . دانەر خۆشی دەڵێ قەومی ئەرمەنی دوای ٣٠٠ ساڵ پەلاماری مەڵبەندەکەیان داوە ــ وەرگێڕ •

(١٤) کتێبی « کۆرۆپێدایا » یا (عاملاندنی کۆرش) ، گزێنفۆن ج ٣ ، فەسلی ١ •

ڕووخانی دەوڵەتی ئاریایی قەومی خالدی یا کاردۆ بە دەستی ئەرمەنی یەکان شوێنەواری سێ‌صەت ساڵەی دەستەڵاتی ئەوانی لەسەر خاکی نیشتمان نەسڕیوەتەوە ، بەڵکو پاش ئەوەی خالدی یەکان بەرەو کێوەکان ڕادران ناویان لەسەر مەڵبەندی باکووری دەریاچەی وان یەعنی تەڕەبزوون Trébizonde ی ئیمڕۆ هەر ماوەتەوەو لە زەمانی دەوڵەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات (بیزەنتی)دا پێیان گوتوە خێلات یا ئالخات •

لەگەڵ ئەوەش کە هەندێ نووسەری ئورووپایی بە غەڵەت کوردەکانی ئێرانیان [١٥] بە سامی ڕەگەز لە قەڵەم داوەو دەڵێن لە بنەچەی کەلدانی یەکانن [١٦] بەڵام ئەو ڕاستی یە سەلمێندراوە کە خاکی قەدیمی کاردا یا کاردۆ کە نیشتمانی قەومی ئێرانی ڕەگەزی کاردۆ یا خالدی بوە ئەوڕۆش جێگای دانیشتنی خێڵە کوردەکانە ، سەرەڕای بەڵگەو شایەدی مێژوویی ، یەکێتیی ڕشەی دوو وشەی کوردو کاردۆ ، خزمایەتی و پێوەندی ڕەگەزیی نێوان کوردەکانی ئیمڕۆو کاردۆکانی کۆن بەتەواوی ئیسپات دەکات • ڕەنگە سەرچاوەی بەهەڵەچوونی هەندێ نووسەری ئورووپایی کە ڕەچەڵەکی کوردیان بردۆتەوە سەر کلدانی یان ، ئەوەبێ کە هێندێك وشەو زاراوەی خەڵکی کەلدە لەنێوان خێڵاتی کوردا بڵاوبۆتەوەو هەروەکو باسیشمان کرد چونکە قەومی کاردۆ یا خالدی لە دەراوی ژووورووی فورات و دەجلە جێگای کەلدانی یەکانی باکووریان کردۆتەوەو هەندێ تیرەی سامی ڕەگەزیان

---

(١٥) وا تێدەگەم نووسەر بەهەڵەچووبێ . مانای ئەم کتێبەی (لیرخ) کوردە ئێرانی یەکانە نەك کوردەکانی ئێران ــ وەرگێڕ .

(١٦)
Lerch : Recherches Sur Les Kurdes Iraniens et Sur leurs ancêtres Chaldéens Septentrienaux.

لێرچ : لە کتێبی خۆیدا بە ناوی : لێکۆڵینەوە دەربارەی کوردەکانی ئێران و باپیرەکانیان کلدانی یەکانی باکوور .

لەخۆیاندا تواندۆتەوە ، دەبێ نووسەرانی ئورووپایی هۆی تێکەڵاوبوونی ئەو قەومانەیان ، خزمایەتیی ڕەگەزی کوردو کەلدانی‌یان هاتبێتە بەرچاوو دەربارەی ڕەگەزی کورد بە خەیاڵ قسەیان کردبێ •

ڕێگایەکی دیکەشم بە خەیاڵدا دێت ئەو نووسەرانە پێیدا ڕۆیشتبن‌و تووشی ئەم هەڵەیە بووبن ، ئەویش ئەوەیە کە بەهۆی ئاینی ئیسلامەوە ، زۆر وشەو زاراوەی عەرەبی تێکەڵی زمانی کوردی بوەو لەهجەی کوردەکان بەهۆی دراوسێتیی دوورو درێژ لەگەڵ عەرەب بە لای لەهجەی زمانی عەرەبیدا لاربۆتەوەو تارادەیەك لەو دەچێ (١٧) • ئەم وێكچوونی لەهجەو بڵاوبوونەوەی مەزەبی سوننی‌یە لەنێو کوردانداو هاوبەش‌بوونیان لە تعصبی مەزەب‌دا لەگەڵ عەرەب ، لەوانەیە ئەو نووسەرانەی هێنابێتە سەر ئەو بیرو باوەڕەی کە پێشان باسمان‌کرد ، دەنا ئەوانەی ئەو قسانەیان کردوە هیچ بەڵگەو سەنەدێکی مێژوویی‌یان بۆ ئیسپاتی قسەکانیان بەدەستەوە نی‌یە •

هێندێك لە زانایانی گەورەی ئەڵمان (١٨) پاش‌ئەوەی بەشێك لە زمان‌و لەهجەکانی هۆزە جیاجیاکانی کوردیان داوەتە بەر لێکۆڵینەوەو لەگەڵ هەندێ وشەو لەهجەی کە لە قەومی کاردۆ بەدەستەوەیە پێکیان هەڵکێشاوە ، یەکێتیی ئەسڵ‌و ڕەگەزی کوردەکانی ئیمڕۆیان لەگەڵ قەومی کۆنی کاردۆ نەسەلماندوە، بەڵام هەر لەو لێکۆڵینەوانەیاندا دانیان بەوەدا ناوە کە کورد ئێرانین‌و ئەم ڕایەی خۆیان بە جۆرێکی دیکە ئیسپات کردوە •

سەرچاوەی ڕای ئەم زانایانەی سەرەوە ئەوەیە کە لە کتێبی نووسەرانی

---

(١٧) نازانم نووسەر بۆچی نەیزانیوە کە وشەو زاراوەی زمانی عەرەبی زیاترو زۆریش زیاتر کەوتۆتە ناو زمانی فارسی‌یەوە تا زمانی کوردی‌و ئەوە شتێك نی‌یە بەڵگەو دەلیلی پێ بوێ ، کەچی فارسیش هیچ ناشوبهێتە زمانی عەرەبی ، هەرچۆنی بەڵگەیێکی سستو فشەڵە ــ وەرگێڕ .

(١٨) لەوانە سێ‌یان لە هەموان بەناوبانگترن : نۆلدکە Nöldke و هارتمان M. Hartman و وایسباخ Weissbach

قەدیمی یۆنانیدا باسی قەومێکی ئێرانی ڕەگەز کراوە کە پێیان گوتوون سیرتی ، بەتایبەتی ئێسترابۆن جوغرافیازانی یۆنانی لە دوو شوێنی کتێبەکەیدا ناوی قەومی سیرتی دەباو هەندێك وشەو لەهجەی (زمانی) ئەو قەومەی بەنموونە هێناوەتەوە [١٩] .

قەومی سیرتی لەپێشدا لە پارس دانیشتوون ، پاشان بەشێکیان ڕوویان کردۆتە ڕۆژاواو لە مەڵبەندەکانی ڕۆژاوای خاکی (ماد) یەعنی ئازربایەجانو کوردستانی ئێستادا نیشتەجێ بوون .

زانا ئەڵمانیەکان ، وشەگەلی کتێبەکەی (ئێسترابۆن)یان لەگەڵ وشەی خێڵەکانی بەختیاریو کورد بەراورد کردوەو بە بەڵگەی ( فقه اللغة ) دۆزیویانەتەوە کە لەیەكدەچنو گەیوونەتە ئەو ئەنجامە کە خێڵە کۆچەرییەکانی سیرتی باپیرەی کوردەکانی ئیمڕۆ بوونو [٢٠] مەسەلەی کۆچکردنی ئەو خێڵانەش لە پارسەوە بۆ خاکی ماد وا لێکدەدەنەوە کە لە چەرخی پێنجەمی پێش عیسادا بەبۆنەی لەشکرکێشیی پاتشایانی هەخامەنشی بۆ ئاسیای ڕۆژاوا ، گەلێ خێڵی شەڕکەری کۆچەر لە پارسو ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە چوونە مەڵبەندەکانی ڕۆژاواو ئەو کۆچو کۆچبارە مێژووییە لە هەموو دەورەکانی مێژووی کۆنی ئێراندا هەبوە .

---

(١٩) ئێسترابۆن لە دوو شوێنی کتێبەکەی خۆیدا پەنجەی بۆ قەومی ئێرانی ڕەگەزی سیرتی ڕاکێشاوە : یەکیان لە کتێبی یازدەهەم فەسڵی سێزدەمین پارچەی سێیەم ، کاتێ باسی ئەو قەومانە دەکا کە لە (مادی) دادەنیشن ناوی دوو قەومی سیرتیو مەرد Les Mardes دەباو جێگای ئەسڵیئەوان بە پارس دەزانێ ، ئەویتر لە کتێبی پازدەهەم کە بەتایبەتی باسی جوغرافیای ئێرانو هیندە ؛ لە پارچەی یەکەمی فەسڵی سێیەمدا لەگەڵ باسی تەشکیلاتی ئیداریی (تقسیمات اقلیمی) ئێرانو خەڵکەکانی ، ناوی دوو قەومی سیرتیو مەرد دەباو لە ڕەگەزی قەومەکانی پارسیان حیساب دەکا .

(٢٠) دانەر لێرەدا بەختیاریی کرد بەژێر لێوەوە تا نەڵێ ئەوانیش کوردن — وەرگێڕ .

خێڵەکانی (سیرتی)ش وەکو گەلێ لە قەومە ئێرانییەکانی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی ئێران تووشی ئەم کۆچ و کۆچبارییە بوون ، بەتایبەتی لە لەشکرکێشیی پاتشایانی گەورەی هەخامەنشیدا بۆ ئاسیای ڕۆژاواو یۆنان لەنێوان ساڵانی ٤٩٠ ــ ٤٨٠ی پێش عیسا [٢١] ئەو خێڵانە لە ڕیزی لەشکردا چوونەتە ڕۆژاواو کاتێ لە یۆنان گەڕاونەتەوەو گەیشتوونەتە مەڵبەندە شاخاوییەکانی ڕۆژاوای ئێران ، ئەو مەڵبەندانەیان بۆ ژیانی کۆچەری و لەوەڕگەی ئەسپ و ئاژاڵ و پاتاڵ بەردڵ کەوتووەو سیپیان لێ داکوتاوە ، چونکو ئازاو شەڕکەریش بوون هۆزو خێڵە دانیشتووەکانی شوێنە بەرزەکانیان دەرپەڕاندو دانیشتوانی دەشتەکانی دەوروبەری چۆمی دەجلەشیان لەناو خۆیاندا تواندەوە ، بەڵام لەم تێکەڵبوونەدا هیچ داب و دەستوورێکی قەومیی خۆیان بزرنەکردو چونکو ئەو شوێنانەی بۆ دانیشتنی خۆیان هەڵبژاردبوو داوێنەی ئەو چیاو شاخانە بوون کە هاتوچۆکردن پێیاندا دژوار بوو ، بێجگە لەو وەختانەدا کە بەرژەوەندی خۆیان داوای دەکرد ، لەگەڵ قەومەکانی دەرو دراوسێیان پێوەندییان نەبوو .

یەکەم تایەفەی قەومی (سیرتی) کە هاتوونە ڕۆژاوا ، چەند هۆزێک بوون بە ناوی ئازاگارتیا پێشان لە ڕۆژهەڵاتی فارس دادەنیشتن و لە دەوری

---

(٢١) داریووشی گەورە شاهەنشای هەخامەنشی بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی لە دەریای ڕەش و سپیی ناوەڕاستدا لە ساڵی ٤٩٠ی پێش عیسا لەشکری کردە سەر شیوە جزیرەی یۆنان و تا نێزیك ئاتینای پێتەختی ئەو وڵاتە چوە پێش ، خەشایارشای کوڕیشی کە جێنشینی ئەو بوو لە ساڵی ٤٨٠دا بۆ تەواوکردنی سەرکەوتنەکانی باوکی بە لەشکرێکی گەورەوە پەلاماری یۆنانی داو ئاتێناشی ئاگر تێبەردا ، بەڵام لە شەڕی دەریاییدا تێشکا . ئەو شەڕانە لە مێژووی ئورووپادا بە (مێدیك) ناونراون و هەموو تیرەو تایەفەی شەڕکەری ئێرانی و عەرەبیش تێیاندا هاوبەش بوون .

[ گومانی تێدا نییە کە مێژووی ئورووپا ناوی (مێدیك)یان لە زاری یۆنانیان وەرگرتوە کە شەڕەکانیان کردوە . وادەردەکەوێ کە یۆنانی ئەوسا ( ئێران )یان بە ( مادە )ەکانەوە ناسیوە ــ وەرگێڕ ] .

پاتشایی ئاشوورییەکاندا هاتوونە خاکی ماد ، کاتێ کە ( کۆرشی یەکەم )و (داریووشی گەورە)ی هەخامەنشی دەستیانکردە وڵاتگرتن یەعنی لە چەرخەکانی شەشەمو پێنجەمی پێش عیسا بەرەو شوێنە بەرزەکانی تێزیك دەجلە هەڵکشاونو بۆ وڵاتی کۆنی هەولێر کۆچیان کردوەو تێیدا دانیشتوون، وەختێك دەستیانکرد بە شۆڕشو سەرکێشی دژی داریووش ئەو پاتشایە هێندێك لە سەرۆکەکانی ئەوانی گرتو بردنیە پێتەختی خۆی (٢٢) •

---

(٢٢) لە وێنە زەقەکانی بێستوون سەرو سیمای پاتشا یا ئەمیری قەومی ئاساگارتیا بە جلكو سەرو شکلی کوردەکانی ئیمڕۆ بەدی دەکرێ .

[زەینی نووسەری کتێب یا لە نەزانین یا بۆ مەبەستێکی تایبەتی لەم باسەدا لە چەند شوێن ، تەتەڵەی کردوە :

أ ـ باپیرانی نەتەوەی کورد کە مادییەکانن لە ٦١٢ی پێش عیسادا بەیارمەتیی لەشکری (بابل) پەلاماری (نینەوا)یان داوەو شاهەنشایەتیی (ئاشوور)یان ڕماندوە ، ئەمە پێشانماندەدا کە کورد زور پێش عەشیرەتی (ئاساگارتیا) گەیشتوونە هەرێمی هەولێری ئیمڕۆ . سەرەڕای ئەمە نووسەر هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی پێشاننەداوە بۆ ئەو قسەیەی کە دەڵێ عەشیرەتی (ئاساگارتیا) چوونە وڵاتی هەولێر .

ب ـ ئەو عەشیرەتەی کە نووسەر باسیدەکا دەبێ هەر عەشیرەتی (ساگاری) بێ کە دیاکۆنۆف زانای بەناوبانگی سۆڤێتی لێیاندواوەو دەڵێ « ... سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ناوی هیندێ لە هۆزە ئێرانییەکان [ مەبەست فارسییە ـ وەرگێڕ ] مادین ، هەرچۆنێ بێ ناوی دوو عەشیرەتی (ماسپی) و (ساگارتی) ، مادین ... بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە خودی ناوی فارس (پارس) مادییە ؛ (دیاکۆنۆف ، مێژووی ماد ، وەرگێڕانی کەریم کەشاوەرز بە فارسی ، تاران ، ل ٩١/٩٠ ) .

ج ـ پاشئەوەی شاهەنشایەتیی (ماد) لە ٥٥٩ی پێش عیسادا بەدەستی (کۆرش)ی هەخامەنشیی پارسی ڕووخێندرا ، مادەکان هەمیشە لەدژی دەسەڵاتی داگیرکەرانی وڵاتەکەیان شۆڕشیان هەڵگیرساندوە ، شۆرشی ( مای تیارشۆ )و ( فرە ئۆرتێس )ی مادی بەناوبانگە .

د ـ ڕاستە وێنە زەقەکانی بێستوون هیی پاتشاو سەرکردەی ئەو وڵاتانەن کە دژی (داریووش) شۆڕشیان کردوە ، بەڵام تائێستا نەبیستراوە کە یەکێك لەمانە ئەمیرێکی (ئاساگارتی) بووبێ ، بەڵکو ئەوەی خەڵك

لەوەبەدوا ، شەڕکەرانی ئازاگارتی (یا ئاساگارتی) [٢٣] لە شەڕو کێشـەی نێوان ئەمیرەکانی ساووکی (جێنشینانی ئەسکەندەری مەقدوونی)و دەوڵەتی ڕۆمدا، هاوبەش بوونو لە سەرەتای چەرخی حەوتەمی پاش عیسا (دەوروبەری پەیدابوونی ئیسلامەتی) بەشێکیان لە ڕۆژاواو جنووبی ئەرمەنستان داگیرکرد، سەرچاوە ئەرمەنی‌یەکان ئەم شوێنانەیان بە (کورچیخ) نـاوبردوە ، وشەی کورچیخ کە لە زمانی ئەرمەنیدا مانای (کورد)ە ناوی مەڵبەندێك بوە لەتێزیك (سەڵماس)ی ئیمرۆ ، حوکمی ویلایەتی هەبوەو سەرچاوە ئەرمەنی‌یەکان باسی سێ لیوای گەورەی ئەوێیان کردوە : کوردووخ ، کوردزیخو کاراتوونیخو مێژوونووسانی ئەرمەن لە چەرخی چوارەمی (پاء ع) هەرێمی (کوردۆ)یان بە (تموریخ) ناوهێناوە •

لە پێك‌گرتنو وردکردنەوەی هەموو ئەوانەی لەسـەرەوە باس‌کران وا دەردەکەوێ کـە پاش کۆچ‌کردنی ئـەو تیرەو تایەفە ئێرانی ڕەگەزانەی (کوردو) یا (سـیرتی) بۆ ئەرمەنستانو بەهێزبوونیان لـەو مەڵبەندانەدا مێژوونووسانی ئەرمەن ناوی ناوکۆیی ئەوانیان یەعنی وشـەی کوردۆ یا بەشێکیان کردوە بە ناوی وڵاتێکی کوردێ تێدا دانیشتوون ، چونکو دوو

---

کوتوویانەو بیستوومانە هەرئەوەیە کە یەکێك لەوانە پاتشای (ماد)ە ـ وەرگێڕ ] •

(٢٣) بێ‌گومان خوێنەری بەڕێز تێفکریوە کە نووسەری کتێب ناوی عەشیرەتێك جارێك بە ئازاگارتیاو جارێك بە ئاساگارتی‌و جاری سێ‌یەم‌و چوارەمیش بە ئازاگارتی یا ئاساگارتی ناودەبا ، پیاو ناتوانێ باوەڕ بـکا ئەم پاشـا گەردانی‌یە بێ مەبەستێکی تایبەتی بێـت ؛ ئەم عەشیرەتـە کە وەکو لـە شوێنێکی‌دیکەشدا باسمان کردوە ناوەکەیان (مادی)یە جا چۆن عەشیرەتێکی فارس ناوی (مادی) دەبێ ؟ بەلای منەوە ئاساگارتی خۆیان عەشیرەتێکی (مادی) بوون لەگەڵ (پارس)ەکان بۆلای (پارسوا) شۆڕبوونەتەوەو پاشان چوونەتەوە لای خزمەکانیان لە خاکی (ماد)و نووسەر کە دیەوێ کورد بەرێتەوە سەر (سیرتی)و سیرتیش سەر ئاساگارتی مەبەستی ئـەوەیە دەری‌بخا کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆ نی‌یە ـ وەرگێڕ •

وشەی کوردۆ یا کورد لە سەرەتای ناوی لیواکانی ئەرمەنستاندا هەمیشە دووپات بۆتەوە ، هەروەها لە نووسینەکانی مێژوونووسانی ئەرمەنەوە دەردەکەوێ کە پەلامارده‌رانی کوردۆ هەر زوو کۆنە دانیشتوانی (کورچیخ)یان لەناو خۆیاندا تواندۆتەوە بەتایبەتی کە هەر دوولایان لە لانی ڕیشەی ڕەگەزیانەوە لە قەومە ئێرانیەکان بوون •

بێجگە لە قەومی ئاساگارتیا لە سەرچاوەکانی ئارامیدا ناوی قەومی (کارتوایە)ش بەرچاو دەکەوێ کە پاشان ناوی کوردیان لێ نراوە ، مێژوونووسانی عەرەب ئەوانیان بە (کورتاویە) ناوبردوەو بە کوردی ئەسلیان دەزانن •

بەپێی ئەم پێشەکیە دەبێ باوەڕمان وابێ کە کۆچ و کۆچباری قەومە ئێرانیەکانی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژاوا بەرەبەرە بوەو ئەو قەومانە پاش ئەوەی ماوەیێك لێكدابڕاون سەرلەنوێ لە کێوەکانی زاگرۆس و لێوارەکانی دەجلە پێك گەیشتونەوەو چونکو ڕەگەزو خووو خدەو داب و دەستووریان لە ئەسڵا یەك بوە تێکەڵبوونەوەکەیان بە هاسانی سەری گرتوەو بەرەبەرە وشەی کوردۆکە ناوی یەکەمین تیرەی ئێرانی یا ناوی وڵاتانی شاخاویی ڕۆژاوا بوە بە هەموویان گوتراوەو لەم کەین و بەینەدا هەندێ تیرەی ئەرمەنیش لەگەڵ کورد تێکەڵ بوون و ئەمە وای کردوە کە (نەسەب نامە)ی ساختە بۆ کورد بکەوێتە ناو کتێبانەوەو ببێتە سەرچاوەی هەموو ئەو خەیاڵاتەی کە هەندێ ئورووپایی وا لێ بکا کوردان بەرنەوە سەر دانیشتوانی سامی ڕەگەزی ( کەلدە ) [٢٥] •

---

(٢٤) شاری سەلماس لە ٤٦ کیلۆمیتریی باکووری شاری ورمێ (رضائیە) تۆزێك بەلای ڕۆژاوادا هەڵکەوتوەو پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٠دا بوومەلەرزە وێرانی کرد ، دوای ئاوەدانکردنەوەی ناوی نراوە شاپوور — وەرگێڕ •

(٢٥) هەندێك لە نووسەران عەشیرەتی بەناوبانگی (مەمەخانی)ی کوردیان

لە هێندێك مێژووی ئیسلامیی عەرەبدا ، ڕەگەزی کورد براوەتەوە سەر عەرەب ، وەکو ئەوەی کە دەڵێن کوردی کوڕی مووریدی کوڕی سەعسەعی کوڕی حەربو هێندێکیدیکە باپیرە گەورەی کورد بە ڕەبیعی کوڕی نەوذەری کوڕی مەعد یا مەداری کوڕی نەوذەر دادەنێنو نووسیویانە کورد یەکێکە لە هۆزە سامییەکانو هاوڕەگەزی عەرەبانو پێشان لە هەرێمی مووسڵ دانیشتوون بەڵام پاتشایانی غەسسانی [٢٦] تەنگیان پێهەڵچنیونو شوێنی خۆیان بەجێهێشتوەو پەڕیوەی کوێستانان بوونو لەوێ بەهۆی تێکەڵی لەگەڵ خەڵك بەجارێك ڕێوشوێنی قەومیو تایبەتەکانی ڕەگەزیی خۆیان لەدەستداوەو زمانی خۆشیان کە لەهجەیەکی عەرەبی بوە لەبیر چۆتەوە .

وردبوونەوە لەو نەسەبە بنەمایانەی سەرەوەو یەکتر نەخوێندنەوەی ناوەکان کە هێندێکیان عەرەبیو هێندێکێشیان فارسینو تێفکرین لە شێوەی کۆچکردنو بزربوونی زمانو دابودەستووری ئەسلیی ئەو قەومانە ، کە مێژوونووسان بێئەوەی هیچ بەڵگەیێك پێشانبدەن خۆیان تێهەڵقوتاندوە بۆمان دەردەخا کە ئەم نەسەبنامانە ساختەو دروستکراونو بێئاگاییی ئەو نووسەرانەش ئیسپات دەبێ ، چونکو ئەو مەبەستە سەلمێندراوە کە توانەوەی قەومێك لە قەومێکی دیکەداو لەناوچوونی زمانو لەهجەو دابو دەستوورو تایبەتەکانی ڕەگەزیی یەکێکیان ، کاری چەرخێكو دوو چەرخ نییەو هەروەك بەتێپەڕبوونی ڕۆژگارو کاریگەریی بێپسانەوەی دەوروبەر ، دابو

---

بردۆتەوە سەر ( مامیکۆن )ی سەرداری ئەرمەنی . ( بۆ عەشیرەتی مەنکوڕیش دەماودەم شتێکی ئاوام بیستوە ــ وەرگێڕ ) .

(٢٦) غەسسانی عەرەبی (یەمەن)ین لە کۆتاییی چەرخی پێنجەم یا سەرەتای چەرخی شەشەمی پاش عیسا لە ڕۆژهەڵاتی سووریاو فەلەستین حکوومەتیان هەبوەو بەردەستی دەوڵەتی ( ڕۆمی ڕۆژهەڵات ) بوون . بەناوبانگترین پاتشایان حاریث کوڕی جیبیللە کوڕی حاریث کوڕی ثەعلەبەیە کە تا ساڵی ٥٧٠ حوکماتی کردوە .

دەستوورو نەریتو تایبەتەکانی قەومێك دەتوانێ ڕیشە دابکوتێ ، هەروەها لەناوبردنیشیان تێپەڕبوونی زەمانو ڕۆژگاری پێدەوێ • بەتایبەتی دەربارەی کوردان کە بۆ پاراستنی نەتەوایەتیو میللیەتی خۆیان ئێجگار بەپەرۆشنو قەت حەزیان لێ نەبوە زمانو لەهجەو دابو دەستووری کە پێی ڕاهاتوون لەدەستبدەن •

گریمان ئەو نەظەرییەی سەرەوە دەربارەی کۆچی کوردان ڕاست بێ ، دیسان هەر بە شایەدیی ئەو مێژوونووسانە کە دەڵێن « کۆچەرەکان خێرا لەناو دانیشتوانی کێواندا توانەوە » دەبێ باوەڕمان وابێ کە ئەو قەومە کۆچەرە لە باری قەومیەتو نەتەوایەتییەوە زۆر بێهێز بوە کەوا خێرا تێکەڵ بە خێڵە ئێرانی ڕەگەزەکانی شاخەکان بوەو قەومیەتی خۆی لەدەستداوە ، بۆیە ناتوانین ڕەگەزی ئەو قەومەی کە تواوەتەوە بکەینە سەرچاوەی ڕەگەزی خێڵە بەهێزو زۆردارە ئێرانییەکان ، بەڵکو بەپێچەوانەی ئەو نەظەریەیە هەرئەوەندە قەومێك بەتەواوی لەناو قەومێکی دیکەدا توایەوەو دابو دەستوورو ڕەوشتو خووی قەومە بەهێزەکەی وەرگرت لەباری ڕەگەزیشەوە هەر دەبێتە تایبعی ئەوان •

بەگشتی نەظەریەی ئەو مێژوونووسانە هیچ پایەو بناغەیێکی نییەو قەرینەو نموونە مێژووییەکانیش ڕاستیی ئەو نەظەریەیە ڕاناگەیێنن ، تەنیا زنجیرە خەیاڵاتێکە کە وێنەی ئەو جاروبارە لەلایەن هەندێ داخ لەدڵانیشەوە دەربڕراوە •

بێجگە لە سەرچاوە مێژووییەکانو لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسانی زاناو تێگەیشتوو کە هێندێکیانمان لەسەرەوە باس کرد لە سەرچاوە داستانییە کۆنەکانیشدا پەنجە بۆ ڕەگەزی کوردو ئێرانی بوونیان ڕاکێشراوە • فیردەوسی کە بێگومان لەڕووی سەرچاوە کۆنەکانی ئێران «شانامە»ی کۆکردۆتەوەو ڕێکیخستوە ئیشارە بۆ ناوی کوردو ڕەگەزیانو

(٨٨) [illegible]

[illegible] (٨٨) [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

هەواڵنامەی کتێب

کوردی ) کە بۆ پیرەوەریی لاچوونی زولم‌وزۆری ئەژدەهاك‌و گرفتاربوونی بە دەستی (فەرەیدوون) بەداب‌و دەستووریکی تایبەتی دەگیرێ ، دەشێ ئەم جەژنە بە قەرینەیەك بۆ ڕاستیی قسەکانی شانامە حیساب بکرێت •

## دانیشتوان‌و عەشایری کوردستان

لەبەر نەبوونی سەرژمێرییێکی ڕاست‌و چونکو دەوڵەتە پێشووەکان دەستیان بەشوێنی هۆزو خێڵەکانی ڕۆژاوای کوردستاندا نەدەگەیی ، ناتوانین ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی سنە بەجۆرێکی‌وا دیاری بکەین کە جێگەی گومان لەڕاستیدا نەمێنێتەوە • ئەوەی لە دوامین سەرژمێریی دەوڵەت‌و زانیارەکانی هەندێ لە باوەڕپێکراوانی خۆجێیی‌و لێکدانەوەی خۆشم دەس‌دەکەوێ ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی سنە لە دەوروبەری دووصەدو پەنجا هەزار کەسدایە ، (١) بەڵام ئەم ژمارەیە لەچاو گەورەیی کوردستان شتێکی ئەوتۆ نی‌یە ، سەختی‌و توندوتیژیی ئاوو هەوا ، ناڕێکیی زەوی ، هەبوونی کوێستانی‌وا کە هاتوچۆ کردن پێیاندا دژوارە ، لێرەوارەکان کە لە هەموو فەلاتی ئێرانا مایەی کەمیی ژمارەی نفووسن ، وێڕای بەربەشۆییی ڕژێمی کۆمەڵایەتی‌و بێ‌دەستەڵاتیی قانوون‌و نەبوونی ڕێکخراوو دام‌و دەزگاکانی لەش‌ساغی لەم ئەیالەتەدا ؛ هۆیەکانی کەمیی ژمارەی دانیشتووانی کوردستانی (سنە )ن • لە لایەکی‌دیکەشەوە قاتی‌و قڕی‌و گرانی کە تائێستا چەند جاران لەوێ ڕووی‌داوە ، بەرەبەرە خەڵکی لادێی لەناوبردووەو گەلێ لە دێهات‌و شارۆکەکانی بە چۆڵی ماونەتەوە •

---

(١) دوکتۆر محمد معین لە لاپەڕەی ١٨١٤ی بەرگی پێنجەمی فەرهەنگی فارسیدا کە ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی دەرچووە لەگەڵ ئەوکاتەی ئەم کتێبەی تێدا نووسراوە ٢٣ ساڵی بەینە ، ژمارەی دانیشتوانی شارستان (لیوا)ی سنەی بە ٣٨٠ هەزار کەس نووسیوە ـ وەرگێر .

کوردان بەشێوەیەکی گشــتی عەشایرو خێڵەکانی خۆیان بــە کوردو نیشتەجێیەکان بە گۆران ناودەبەن و [2] عەشایری گرینــگی ئــەوان لــە کوردستانی سنە ٣٦ عەشیرەتن بەوجۆرە کە باسیان دەکەین : ١ــ باوەجانی• ٢ــ قوبادی • ٣ــ ئیمامی • ٤ــ ئێناخی • ٥ــ وەڵەدبەگی • ٦ــ تایشەیی • ٧ــ تاوەگۆزی • ٨ــ قادر مریسی[3] • ٩ــ عێلە ڕووتی• ١٠ــ ساتیاری(؟)• ١١ــ کڵاوکەرگ• ١٢ــ بیتیارەوەند • ١٣ــ کەمانگەر • ١٤ــ باشووکی • ١٥ــ چارداوڕوو • ١٦ــ شێخسمایلی• ١٧ــ زەند • ١٨ــ گیوەکێــش • ١٩ــ شامەنسووری • ٢٠ــ مەحموود جبرایلی • ٢١ــ گورگەیی • ٢٢ــ دوڕاجی• ٢٣ــ پیرپیشە • ٢٤ــ تەمەرتــۆزەیی• ٢٥ــ سوورســووری • ٢٦ــ لەك• ٢٧ــ کەشکی• ٢٨ــ کوویك [4] • ٢٩ــ بلیلەوەنــد• ٣٠ــ ئەحمەد زەینەڵ• ٣١ــ کۆماسی • ٣٢ــ ورمزیار• ٣٣ــ گەڵبــاغی• ٣٤ــ مەندمی• ٣٥ــ بۆرەکەیی• ٣٦ــ قاڵقاڵی • عەشیرەتی گەڵباغی دەکرێنــە چەند تیرە : مراد گۆرانی ، قــومری ، گامــلی ، کــاك سەوەنــدی [5] ، چۆغەڕەشی ؛ پێتە وەسەری ، کولکنیو ، عەشیرەتی ( مەندمی )ش دەبنــە سێ تیرە : تاری مرادیو عەلی مرادیو لوولەرزیو ، عەشیرەتی ورمزیاریش دوو تیرەن : ورمزیارە زێڕینەو ورمزیاری مەڕەدەر [6] •

---

(٢) ئەوەندەی من بزانم خێڵە کۆچەرەکانی جاف خۆیان بــە کورد دادەنێنو ئەوانەی لە دێهاتو خانواندا نیشــتەجێ بوون بە گۆران بانــگدەکەن . هەرچۆنێ بێ (گۆران) لــە مەڵبەندە جیاجیاکانی هــەموو کوردســتان مەفهوومی جیاجیای هەیەو لەوانە لــە موکریان گۆران بەو (دز)ە دەڵێن کە لەسەر ڕێکایان ڕادەوەستێو ئاموشۆکەران ڕووتدەکاتەوە ــ وەرگێڕ.

(٣) ئەم ناوە لە ئەسڵی کتێبەکەدا ئاوا نووسراوە بەڵام من وا تێدەگەم دەبــێ ( قادر میروەیسی ) بێ ــ وەرگێڕ .

(٤) ئەم ناوەش بەلای منەوە دەبێ (کۆییك) بێ ــ وەرگێڕ .

(٥) لەوە دەچێ ئەم ناوە کاکەوەندی بێ ــ وەرگێڕ .

(٦) بەلای منەوە (مەڕەدەر) غەڵەتەو ڕەنگە ڕاســتەکەی (دەرەسەر) بێ . ــ وەرگێڕ .

لەناو هەموو عێڵو عەشیرەتی کوردستاندا بەپێی دابو دەستوور تەنیا خێڵی ( شێخ سمایلی ) کۆچەر بوونو زستانان لە سنووری ئێران تێدەپەڕین بۆ گەرمێن لە دەوروبەری مووسڵو لە ناوەڕاستی بەهارا دەگەڕانەوە کوردستان ، تا ساڵی ١٣٣٨ی کۆچی لە دەوری حوکمداریی میرزا علی محمد خانی شریف الدوله لەسەر هەرێمی (گەڕووس)و (کوردستان) ئەو عەشیرەتەش نیشتەجێ کران ، بەڵام هێشتا لە داخلی کوردستانا کۆچو کۆچباری خۆجێیی‌و گەرمێنو کوێستان کردن لەناو خێڵەکانا هەر باوەو هاوینان دەچنە هەوارانو لە هەوارش هەندێکیان دەوار هەڵدەدەنو هێندیکیش لە دەوروبەری لێرەوارەکان کە هەوایان ساردە ، بە دارو چڕپی کەپر دروستدەکەن .

**تایبەتی‌یەکانی ڕەگەزیی خێڵە کوردەکان :**

کورد باڵابەرزو کەلەگەتن ، مامناوەندیی درێژی‌یان ١٫٦٨ میترە بەڵام هیی هێندێکیان وەکو ( ڕادکی ) لە کوردانی دەرەوەی ئێران لەم ئەندازەیە زیاترەو هیی هێندیکیشیان وەکو عەشیرەتی ( میلانی ) کەمترە ، بە شێوەیەکی گشتی ٨٣٪ی کوردان لە ئەندازەی مامناوەندی کەلەگەتترن[٧] .

ئەوانەی دەربارەی قولینچکی ناوچەوانی کوردان تەحقیقیان کردوە کوتوویانە ئەندازەی قولینچکی نێوچاوانی کوردان ٧٠٫٠٤ ( یەزیدی‌یەکانی ئەرمەنستان) و ٨٦/٤٨ ( لەنێو عەشیرەتی بێلخانیی دانیشتووی مەڵبەندی دیاربەکر)ە[٨] بۆیە وا تێدەگەین کە شکڵی کاسەی سەر (جمجمه)ی کوردان، بەهۆی تێکەڵاو بوون لەگەڵ قەومانی دیکە ، زۆر گۆڕاوە ، ڕەنگی تووکی

(٧) بەپێی ڕێو شوێنو یاساکانی ئێتنۆلۆژی کە زانایانی ڕەگەزناس دیاری‌یان کردوە ، ئەندازەی مامناوەندیی (معدل)ی درێژیی باڵا میترو نیوێکە .

(٨) ئەم زانایانە ئەندازەی زاویەی ناوچەوانی کوردانیان ئاوا دیاری کردوە ناسۆنۆف Nassonov ٨٧/٤٨ ، شانتر Chantre ٧٨/٥٢ ، پیتار Pittard ٨٦/٤٩ ، فۆنهۆشان Von Huvchan . ٧٥ .

کوردان ٨٢٪ی ڕەشەو ئەوی‌دیکەی خورمایی کاڵو خورمایی تۆخە[٩] •

کوردەکانی ئێران بالآیان ڕێك‌وپێك‌و چاویان گەورەو برۆیان ڕەش‌و پەیوەست‌و دەم‌وچاویان درێژووکەو لووتیان شووش‌و دەمیان بچکۆلانەیە ، بەگشتی بەهێزو هەرەکەتن‌و زۆر چابوك‌و زرینـگن ، ژنانی کورد لەگەڵ ئەوەش کە زۆر جوانن بەپێی داب‌و دەستووری چیانشینەکان هیچ کاتـێ دەم‌وچاویان داناپۆشن تەنیا لە بەردەم پیاوی غەیرە کورد بەتایبەتی خەلکی شارەکان ، بەلکی بە دەسماڵەکەیان بەشێکی دەم‌و چاویان دەگرن •

ئارایشتی دەست‌و پێی ژنان (خاڵ)ە کە بەشێوەی جیاجیا وێنەی گیاو گۆڵو گوڵو گەلای کوێستانان لە قولەپێ‌و دەست‌و باسکی خۆیان دەکوتن، ئەم کارە لەنێو پیاوانیش بەتایبەتی لاواندا باوە • ئەوان ئاغلەبە شکلی شێرو ڕاوی جانەوەری دڕندە لە پشت‌و باسکیان بە خاڵ دەکوتن •

خێلەکانی کوردستان زۆر ساکار دەژین • جلکی گشتی‌یان بریتی‌یە لە شەرواڵێکی فشـی گنج کە دەرەلینگی لەسـەر قولاپەی پێ وێك‌دێتەوەو نیمتەنەیەکی کورت کە زیاتر لە شاڵی تورمە یا مەخمەلی سـوورو بەنەوش سازدەکرێ•لەباتیی کەمبەر پشتێندێکی پەشمینە لە ناوقەدیانەوە تا بەرسینگیان بەشێوەیەکی تایبەتی گرێچن دەبەستن‌و چەند دانە شاڵی ئاوریشم ( مەبەستی شەدەیە ــ وەرگێڕ ) لەسەریان دەئاڵێنن‌و پێلاویان زۆر سـادەو بەدەوامە • ژنە کوردیش وەکو پیاوان شاڵی ئاوریشم (مەبەستی هەوری‌و سرکەیی‌یە ــ وەرگێڕ ) لەسـەر دەبەستن‌و بە چـەند لیزگە لیرەو سـکەی زێڕ یا زیو دەیرازێننەوە • هێندێك لە ژنانی کورد وەکو ژنە عەرەبەکان خلخاڵ لە پێ دەکـەن •

---

(٩) Les Races et L'histoire, PP. 451 — 452 —

(١٠) ئەم قسەیەی ڕاست نیە ، جگەرەکێشـان هـەر هیـچو خواردنەوەی ئارەق‌و ... لە دێهات وەنەبێ نەبێ ، بەلآم کەمەو وەك شارەکان نابێ ــ وەرگێڕ •

دەربارەی خوو خدەی کوردان دەتوانین باسی ئازایی‌و ڕەشیدی‌و میوان خۆشەویستی بکەین ، ئەو صیفەتانە لە غالبەی خێڵ‌و عەشیرەتە کۆچەرەکانی ئێراندا هەن ، بەلاّم کوردەکانی ئێران لەچاو خێڵەکانی دیکەی ئەم مەملەکەتەدا بەهێزترن‌و لە شەڕو ڕەشیدیدا پێش خەڵك کەوتوون ، بەلاّم سەبرو حەوسەڵەو خۆڕاگرتن بەرامبەر بە ناڕەحەتی‌یان کە لەنێو عەشیرەتە هاوڕەگەزەکەی ئەواندا یەعنی ( لوڕ )ەکاندا هەیە لە کورداندا کەمترە •

کورد بە گشتی ، بە هەیبەت‌و سەرو سیمای دلێرانەیەو گەرم‌و گوڕ پەلامار دەدەن‌و زۆر هەڵدەکەوێ لەشکری ئەستوور دەشکێنن‌و هەر ئەوەندە کە ماندوو بوون لە پێ دەکەون‌و سستی دایاندەگرێ •

عەشیرەتە کوردەکان بەگشتی بۆ دەوڵەتی خۆیان خۆبەخت‌دەکەن‌و تا ئەودەمەی کە زۆر هێرشیان بۆ نەبەن‌و تەنگەتاو نەکرێن‌و زوڵمێکی‌وایان لێ نەکرێ کە لە تەحەممول کردن نەیێ، دڵسۆزانە خزمەت دەکەن،حەزیان لێ‌یە بە خۆیان هەڵبلێن‌و پەسنیی خۆیان بدەن، دڵیان بە باسی کردەوەکانیان خۆش‌دەبێ ، لادێ‌یی کورد زۆر زەحمەتکێش‌و قانیع‌و سەخین ، ئەگەر ڕقیان لە کەسێك بێ کە هات‌و بوو بە میوانیان زۆر هەڵدەکەوێ ڕق‌و قینەکەیان بەلاوە دەنێن ، کەم دەخۆن‌و زۆر کاردەکەن ، زۆر حەزیان لە شیرینی‌یەو لە جگەرە کێشان‌و ئەو خواردنەوانەی سەرخۆشی دێنن دوورە پەرێز دەوەستن‌و ئەوی ئەو کارانە بکا بە توندی سزای دەدەن • هەر بۆیە عومری ناونجی لەناو کورداندا ۷۰ ــ ۸۰ ساڵە ، ئەگەر نەخۆشیی کۆمەلاّیەتیی وەکو خواردنەوەی ئالکۆل‌و کێشانی تریاك‌و [11] جگەرە ڕوو نەکاتە ناو عەشایری کوردەوە نفووسیان زیاد دەکا یا هیچ نەبێ وەك خۆی دەمێنێتەوە •

---

(11) ئەوەندەی من بزانم لە لادێی کوردستانی ئێران تریاك کێشان تەشەنەی نەکردوەو ئەگەر هەبێ تەنیا لەناو ئاغاکان‌و بەگزادەکاندایەو ئەویش زۆر بەدەگمەن‌و لەئەنجامی تێکەڵی لەگەڵ عەجەمان فێری بوون ــ وەرگێڕ .

**زمـانو مەزەب :**

هەموو دانیشتوانی کوردستانی سنە خەڵکێکن لە ڕەگەزی کوردو لە لانی زمانەوە دەکرێنە سێ بەش: یەکێکیان خەڵکی شارە گەورەکانی کوردستان کە هەموویان زمانی فارسیـی ئیمڕۆ (فارسیی ئەدەبی) تێدەگەنو قسـەی پێدەکەنو پێیی دەنووسن ، وەکو خەڵکی شاری (سـنە)و دەوروبـەریو بەشێك لە شارۆکەکانی کرماشانو دانیشتوانی شاری کرماشـان ، خەڵکی ئەو وڵاتانە بێجگە لەوەی فارسی کە زمانی میللیو ڕەسمیی مەملەکەتە باش دەزانن ، لەهجـەی کوردی [12] لە شێـوەی قسەکردنیـاندا ئاشـکرایە ، ئەوانە زمانی کوردییش کە لە وڵاتەکەیان باوە دەزانن .

دەسـتەیەکی دیکە دانیشـتوانی مەڵبەندی چیاکان یـەعنی خێـڵو عەشیرەتی هەندێ لادێی کوردستانن کە تەنیا زمانی کوردی دەزاننو چونکو لەکاتی سەوداو مامەڵەدا لەگەڵ خەڵکی شارەکان لەبەرئـەوەی ئەوانـەی دوایی کوردی دەزانن پێویستێکیان بە زمانی فارسی نەبوە ـ هێشتا فێـر نەبوون بە فارسی قسە بکەن بەڵام هەندێ وشەو زاراوەی فارسـیی ئیمڕۆ پەڕیوەتە ناو زمانەکەیان ، خەڵکی هەورامانو مەریوان لەم دەستەیەن .

دەستەی سێیەم دانیشتوانی بەشێك لە دێهاتو شارۆکەکانی مەڵبەندی جنووبو جنووبی ڕۆژاوای کوردستانە کە زمانیان لەهجەیەکی تورکیـیەو هەموو دوو زمانی فارسیی ئیمڕۆو کوردیش دەزاننو زیاتر دڵیان بە فارسیی ئیمڕۆوەیە تا لەهجەی کوردی وەکو خەڵکی محاڵی ئەسفەنداواو چارداوڕوو و دێهاتی نێوان (سنە)و (هەمەدان) .

زمـانی کوردی بە شکڵێکی موطڵەق زمانێکە لەنێو هەموو خێـڵو عەشـیرەتە کورد ڕەگەزەکانی دانیشـتووی ئێرانو دەرەوەی ئێران بـە

---

(12) گۆیا مەبەستی ( لەکنە )ی کوردی بێ ـ وەرگێڕ .

هێندێك جیاوازیی لەهجەو زاراوو تەعبیر باوە ، ئەم زمانە نەنووسراوەتەوە (مدون نیە)و ڕێزمانی نیە ، وەکو زمانی فارسی پشتیوانێکی ئانقای لە کتێبی زانستیو ئەدەبیو مێژوویی نیە ، هەر بۆیەو لەبەر هۆی‌تر بە تێپەڕبـوونی ڕۆژگار تووشی گەلێ گۆڕان بوەو لەناو هەر خێڵو عەشیرەتێکا شێوەیەکی تایبەتیی وەرگرتوە ، پەلاماری پەیتا پەیتای قەومی تورکو عەجەم بۆ سـەر مەڵبەندی کوردستـان شـوێنەوارێکی نەگریسـی لـە زمانی کوردیدا بەجێ‌هێشتوەو هێندێ وشەی فارسیو تورکی جێگای وشەکانی زمـانی شیرینی کوردی‌یان گرتۆتەوە •

لە زمانو شێوەی قسەکردنی تاکەکانی هەر عەشیرەتێکو هەڵسەنگاندنی وشەکان لەگەڵ یەکتری ، جیاوازیی وشەو زاراوەی کوردیمان لەنێو خێڵو عەشیرەتە کوردەکانی دانیشتووی ئێرانو عێراقو تورکیا بۆ دەردەکەوێ ، چونکو هەروەکو گوتمان زمانی کوردی ئەدەبیاتی شیعرو پەخشانو کتێبی چاپکراوو ئاساری مێژوویی نی‌یە تا بتوانین لەڕووی ئەو بەڵگانەوە ڕیشەو ئەسڵی وشەکان بدۆزینەوەو لەلایەکیشەوە دژواریی هاتوچۆ بـە ڕێگاکانی ڕۆژاوای ئێرانداو توندە میزاجیی عەشیرەتە کوردەکان ، ئامۆشۆی زانایانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژاوای بۆ نیشتمانی ئەوان زەحمەت کردوەو تەنیـا چەنـد ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی توانیویانە ئەو وشانەی کە لەناو کوردانی خەڵـکی سلێمانیدا باون بخەنە سەر کاغەزو لەسەر بنـاغەی ( فقه اللغة ) هێندێك لە یاساکانی ڕێزمان ( قواعدی صرفو نحو ) بۆ کوردیی سلێمانی بنووسـن ، هەر ئەو مەسەلەیە یەعنی ڕووتێکردنی تایبەتیی محققینی ئورووپایی لە زمانی کوردانی سلێمانیو دەست پێ‌ڕانەگەیشتنیان بە عەشـایری دیکەی کورد ، بۆتە مایەی ئەوەی کە هێندێك محققینی ڕۆژهەڵاتی شـوێن‌پێی زانـایانی ڕۆژاوایی هەڵبگرنو زمانی کوردانی سلێمانی لە هەموو لەهجەکانی دیکەی زمانی کوردی بە فصیح‌تر دابنێنو بڵاوبوونەوەی هەندێ ڕۆژنامەو گۆڤاری

کوردی لە سلێمانی بکەنە بەڵگەو دەلیل بۆ قسەکانی خۆیـان ، هەرچـۆنێ بێ لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسو نووسەرانی ڕۆژهەڵات دەربارەی زمـانی کوردی زۆر ناتەواوەو تەواوکردنی ئەمکارە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تەواوو پەیتا پەیتای لەهجەکانی خێڵو عەشیرەتە کوردەکان هەیە .

پەلاماری بەتۆرەی بیانیەکان بۆسەر ئەو مەڵبەندەی کە کوردی تێدا دادەنیشتنو هاتنەژووری وشەی زمانی پەلامـاردەرەکان ، بـە یەكڕادە کاری لە زمانی هەموو عەشیرەتەکان نەکردووەو تونـدیو سستیـی ئـەم کارتێکردنە لەگەڵ چلۆنایەتیی جوغرافیایی شوێنی دانیشتنی عەشیرەتەکانو پێوەندی کۆمەڵایەتیی ئەوان لەگەڵ خەڵکی شارەکانو ناوەندە سیـاسیو حوکومەتیەکانی دەولەتە بیانیەکان موتەناسیبە ، ئـەم کارتێکردنە لـە لەهجەی ئەو عەشیرەتانە ، کە شوێنەکەیان کێوانی سەختو بەرهەڵستی تەبیعی دەورەیانداوە ، زۆر بێهێزەو لە زمانی خەڵکی شارەکانو ئەو خێڵانەی کە لەنێزیك ڕێگاکانی عێراقی عەرەب بۆکوردستانو فەلاتی ئێران دادەنیشنو هەروەها هیی کوردەکانی مەڵبەندی جەزیرەو دیاربەکردا ، توندەو بە چـاکی هەستی پێدەکرێ .

جا بۆیە لەهجەی کوردیی فەسیح یا بەجورێکیتر بڵێین کوردیی ئەسڵو سادەمان تەنیا لە زمانی عێلاتی کوێستانە بەرزەکانی ڕۆژاوای ئێران ، وەکو دەوارنشینەکانی هەرێمی هەورامانو مەریوان دەستدەکەوێ ، هەروەکوو بۆ زمانو لەهجەی سادەی ( گێلەکی) دەبێ لەنێو خەڵکی شاخەکانی ڕۆژاوای (گێلان) بگەڕێینو ، وشەو زاراوەی (تەبەری) لە دانیشتوانی شیوو دەرە توناوتوونەکانی کێوەکانی زنجیرەی ( ئەلبورز ) کۆکەینەوە .

دەربڕینی ڕایەکی نەگۆڕ (ثابت) ، دەربارەی بنجو بناوانی زمـانی کوردیو شێوەی داتاشرانی ، لەبەر ئەو بەرهەڵستانەی کە باسمان کردن ،

تا ئەندازەیەك دژوارەو ڕۆژهەڵاتناسەکانیش بیروڕای خۆیان لەم مەسەلەیەدا بە شك و گومانەوە دەربڕیوە •

دارمستتر ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی دەڵێ زمانی کوردی لە زمانی مادی وەرگیراوە ، کەچی لە هەموو زمانی مادی وشەیەکمان زیاتر بۆ بەجێ نەماوە ، ئاشکرایە لە حاڵەتێکی ئاوادا کە ڕیشەی زمانێك و ئاسارێکی گرینگی بەدەستەوە نیە ، بردنەوەی زمانی کوردی بۆسەر مادی بە کارێکی بێ گومان نایەتە بەرچاوان ؛ بەڵام ئەوە دەسەلمێندرێ کە زمانی کوردی یەکێکە لە شیرینترین لەهجەکانی زمانی فارسیی کۆن کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگارو کار تێکردنی هۆیەکانی کۆمەڵایەتی و دەوروبەر تووشی گۆڕان هاتوە [١٣] •

**مەزەب :**

عێل و عەشیرەتە چۆڵنشینەکانی ڕۆژاوای ئێران ، بەپێی تایبەتە ڕەگەزی‌یەکان ، لەسەر کاری مەزەب و مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یەکان بیردەکەنەوەو کەمتر مل کەچی بەندو داوی مەزەب و کۆمەڵ دەبن و ئەوەندەی بۆیان بکرێ بۆ پاراستنی داب و دەستوورو بیروباوەڕی خۆیان تێ دەکۆشن• بەڵام ئەگەر هاتو لەئەنجامی ڕووداوەکانی مێژوو و لەژێر پاڵەپەستۆی

(١٣) بێگومان خوێنەرانی بەڕێز پاش خوێندنەوەی ئەم باسە بۆیان دەردەکەوێ کە لەگەڵ ئەو ڕاستی‌یانەی ئیمڕۆ لەبابەت زمانی کوردی‌یەوە دەیانزانین بە هیچ کلۆجێك ڕێ ناکەوێ ، تەنانەت لەگەڵ ئەو ڕاستی‌یانەش کە زانست لەکاتی نووسینی ئەم کتێبەدا (پێش ٤٥ ساڵ) دەربارەی زمانی کوردی و نەتەوەی کورد خستبوویە مەیدانەوە هەر ناگونجێ ، بۆیە تەنیا دوو هۆ دەمێننەوە کە کاڵ و کرچیی ئەم باسەیان پێ تەعلیل بکرێ ، یەکەمیان گێلی و نەزانیی موتلەق کە من ئەوەیان بە نووسەری کتێب ڕەوا نابینم و دوەمیان خۆ گێل و نەزان کردن بۆ مەبەستێکی سیاسی هەروەکو لە پێشکوتنی ئەم تەرجەمەیەدا لێی دواوین ـــ وەرگێڕ .



هەواڵنامەی کتێب

هۆیەکانی دەرەوە ملیان بۆ یاساو ڕێوشوێنی ( مەزەب )ێك دانەواند بۆ پاراستنی ئەویش وەکو داب‌و دەستووری نەتەوایەتی تەعەصوبێکی توند دەنوێنن‌و [14] ئەگەرچی زۆریش دەربەندی بەجێ‌گەیاندنی ڕواڵەت‌و شیعارەکانی مەزەب نین بەلاّم لە دەروونداً لایەنگرو پارێزەری ڕاستەقینەی مەزەبی خۆیانن •

بەوجۆرەی کە باسمانکرد ، کوردانی ئێران‌و دەرەوەی ئێران لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا پاش‌ئەوەی تووشی زەرەرو زیانێکی زۆر بوون ، دینی پاکی ئیسلامیان قبووڵ کردو بەبۆنەی دراوسێتی لەگەڵ عەرەبان لە هەلبژاردنی لق‌وپۆپی مەزەبەکانی ئیسلاما دوای ئەوان کەوتن‌و ئایینی (سوننی)یان وەرگرت‌و بوونە لایەنگرو فیدایی سێ خەلیفەی ڕاشیدین‌و پاشانیش کە مەزەبی (سوننی) لق‌وپۆپی لێ بۆوەو بوو بە چوار لق ، کوردان ڕوویان لە هاوڕەگەزانی خۆیان کردو لە زەمانی دەوڵەتی سەلجووقییاندا هەر ئەوەندە مەزەبی شافیعی لە ئێران وەبرەو کەوت ئەوانیش باوەڕیان بە ئیمام محەممەدی شافیعی هێناو بوونە پێڕەوی ئیجتیهادی ئەو •

کوردان ئیمڕۆ بەشێوەی گشتی سوننی مەزەبن‌و هەموویان لە ئوسوولی مەزەبەکەدا یەکن ، بەلاّم کە گەیشتە لق‌وپۆپ‌و ڕێوشوێنی مەزەب ، لەناو عەشیرەتەکاندا جیاوازی دێتە بەرچاو ، هۆی کۆمەلاّیەتی هەروەکو لە گۆڕانی زمان‌و لەهجەی کوردانی هەر مەلبەندێکدا کاریگەر بوە کاریشی کردۆتە سەر پەرش‌و بلاّویی بیروباوەڕو ڕێوشوێنی مەزبیشیان‌و دەتوانین کوردستانی ئێران بە هیندستانێکی پچووك دابنێین کە هەموو مەزەبەکان‌و هەموو لق‌وپۆپەکانی ئیسلامی تێدایە• سەرەڕای جیاوازیی مەزەب، جیاوازیی تەریقەتیش لەنێو کورداندا هەیەو مەسەلەی جیاوازیی لق‌وپۆپەکانی مەزەب‌و

---

(14) نووسەر لەم باسەی خۆیدا لە زۆر شوێن وشەی ( مەزەب )ی لەباتیی وشەی (دین) بەکارهێناوە ــ وەرگێڕ •

تەریقەت لەباری کۆمەلایەتی‌یەوە گەلێ کاری لە ژیانی کوردان کردوەو لە ڕابردوودا بۆ کوشتو کوشتارو تاڵانکردنی یەکتری هانی‌داون .

ژمارەیێکی زۆر لە کوردانی ئێران وەدوای تەریقەتی ( نەقشبەندی ) یا (قادری) کەوتوونو بەگشتی بڕوایەکی پتەویان بە شێخو مورشیدەکانیان هەیەو بە مورشید دەڵێن (پیری تەریقەت)و لەژێر چاودێریو ئامۆژگاریی مورشیددا کاری سەیر سەیر ( = خارق العادة )و زیازەتی عەجایب ئەنجام دەدەن ، بەتایبەتی لە دەوروبەری (سەقز)و (بانە) هێندێ هۆزی کورد لەئەنجامی هەڵبژاردنی تەریقەتی سۆفیتی (تصوف) فێری کێشانی بەنگو تریاكو ئەوجورە شتانە بوونو زۆر وەختیان بەکاری دژی ئەخلاقو شەریعەتەوە [15] ڕادەبوێرن .

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کەچۆڵنشینانی کورد لەبنەڕەتا گوێ نادەنە ڕواڵەتی مەزەبو لە هەرشوێنێك بەجێ گەیاندنی ڕێوشوێنی مەزەب پچووکترین دەردی سەری‌یەکیان بۆ ساز بکا یا بەجێ‌گەیاندنی یەکێك لە حوکمەکانی مەزەب لەوانەبێ زیانێکیان پێبگەیەنێ ، بەلاوەی‌دەنێن . زەمینی ساکاریان هەمیشە حوکمەکانی مەزەب لەگەڵ تەبیعەتو ڕووداوەکانی دەرەوە پێك‌دەگرێ ، بۆنموونە ئەگەر لە وەختی نوێژکردنا بە ڕێکەوت پێش‌نوێژ یا یەکێ لە نوێژکەرەکان بە مەرگی مفاجات بمرێ دەس‌بەجێ نوێژەکە دەبڕنو نوقلانەی خراپ لێدەدەنو ئیتر بەلای نوێژو پێش‌نوێژەوە ناچن [15] .

---

(١٥) بەلای منەوە مەبەستی نووسەر ( دەروێش )ی کوردن نەك ( سۆفی ) . هەرچۆنی بێ کێشانی بەنگو تریاك لەناو هەموو کوردانا زۆر کارێکی دەگمەنەو ئەوەندەی پێم‌شك‌بێ بیستوومەو دیومە دەروێشی کورد ، مار ، بزمار ، گوێزانو ... ئەم جۆرە شتانە بخۆن بەلام نە بیستوومەو نە دیتوومە دەروێش یا سۆفی‌یەکی کورد تریاك یا بەنگی کێشابێ ؛ بەلام دەروێشی عەجەم ( غەیرە کورد ) لە ‌صەتا کەمێکی هەیە تریاك نەکێشێ یا نەیخوا ، بۆ کاری بێ‌شەرعی کە نووسەر باسی دەکا بەگشتی ئەوکارانەی

١ ــ لەڕۆژاوا : کەلاتەرزان (کوڕە وز) ، مەریوان ، کەمەرە ، پاڵنگان ، هەورامانی تەخت ، هەورامانی لهۆن •

٢ ــ لە جنووب : پاوە ، جوانڕۆ ، ڕەوانسەر ، شادیاوا ، بێلەوار ، سوورسوور ، گاوەرۆ ، ژاوەرۆ ، حەسەناوا •

٣ ــ لە ڕۆژهەلات : ئەمیراوا ، لەیلاخ ، ئەسپەئاوا ، چارداوڕوو •

٤ ــ لە باکوور : حوسێناوا ، سارال ، هۆبەتوو ، قەرەتۆرە ، خوڕخوڕە ، تیلەکۆ ، کەرەفتوو ، سەقز ، بانە •

ئیمڕۆ کوردستان کراوەتە مەڵبەندی ناوەندیو دە بەشیدیکە کە قایمقام نشینن :

مەڵبەندی ناوەندی : حەسەناوا ، ژاوەرۆ ، گاوەرۆ ، ئەمیرابات ، سوورسوور ، بێلەوار •

**بەشە قایمقامنشینەکان :**

سەقز ، بانە ، مەریوان ، هەورامان ، کەمەرە ، پاڵنگان ، هەورامانی لهۆن ، جوانڕۆ ، پاوە ، ڕەوانسەر ، شادیاوا ، ئەسفەنداوا ، چارداوڕوو ، لەیلاخ ، حوسێناوا ، سارال ، هۆبەتوو ، قەرەتۆرە ، تیلەکۆ ، خوڕخوڕە ، کەرەفتوو ، کەلاتەرزان ، کۆماسی •

**سەقز :**

یەکێکە لە شارستانە گەورەو گرینگەکانی کوردستان لە ٢٤ فرسەقیی (١٩٢ کیلۆمیتر ــ وەرگێڕ ) باکووری ڕۆژاوای سنەدا هەڵکەوتوەو لە باکوورەوە ولاتی سابلاغو لە ڕۆژاوا شلێرو لە جنووب تیلەکۆو لە ڕۆژهەلات

---

پێکیبەستوونەوە . جاریواش هەیە خەلکەکە گوێنادەنە ئەم تەشکیلاتەو دابەشکردنی خۆجێیی خۆی دەسەپێنێ ــ وەرگێڕ .

خاکی هەوشار دەوردیانداوە ، چەمی سەقز لە ناوەڕاستا شارەکە لەتدەکاو دەچێتەوە ناو جەغەتوو . خاکەکەی زیاتر پێدەشتو زەویی کشتوکاڵە . توتنو ترێی زۆری هەیە ، ئەم شارستانە لە پێنج محاڵو شاری سەقز پێکهاتوە : میرەدێ . سەرشیو ، کۆندەلان ، کولتەپەو ئوزوون سەقەل[٦] .

**بانە :**

شارستانی بانە لە ٤٤ فرسەقیی (٣٦٢ کیلۆمیتر ــ وەرگێڕ ) باکووری ڕۆژاوای سنەیە ، ولاتی موکریان لە باکوورو محاڵی خوڕخوڕە لە لای ڕۆژهەلاتو شلێرو قزلجە لە جنووبو سەردەشت لە ڕۆژاوا دەورەیانداوە. چۆمێکی پچووکی پێدا دەڕواو تێکەڵ بە چۆمی کەلات[٧] دەبێتەوە ، شاری بانەو محاڵەکانی لە شوێنێکی هێندە باشدا نینو مەلبەندەکە لە جێگە بەرزەکانی فەلاتی کوردستانەو بە شێوەیەکی گشتی یا کوێستانو بەردەلانە یا لێڕەوار داپۆشیوە بۆیە زەویی کشتوکاڵ لە بانەو محاڵەکانی زۆر کەمەو کاری فەلاحەت لەپاش داوێ دەکوێ . بانە لە باری ئابووری‌یەوە تەنیا توتنکاریی هەیە کە زیاتر لە نشێوو شوێنەنزمەکانی کێوەکاندا دەکرێ . محاڵەکانی بانە بەمجۆرەن : کێودرۆ ، دەشتەتاڵ ، نەمەشیر ، شوێو ساوان ، بەلوێو بنەخوێ ، بۆیەنو بژێ ، نەتۆژ ، پشتی ئاربەبا ، هەریەك لە دە شارستانەکەی کوردستانو مەلبەندە ناوەندی‌یەکەشی لە چەندین دێو ئاواییی پچووك پێکهاتوونو ژمارەی دێهاتی کوردستان تێکڕا دەگاتە ١٣٠٠ ئاوایی کە خەلك بە هێندێکیان دەڵێن ( قشلاخ ) وەکو دێهاتی محاڵی ئەسفەنداواو چارداوڕوو ، بە هێندەکەی‌دیکەش دەڵێن (لەیلاخ) وەکو ئاوایی‌یەکانی مەریوانو هەورامانو کەلاتەرزان .

---

(٦) ئوزون سەقەل وشەیەکی تورکی‌یەو مانای (ڕیش‌درێژ)ە .

(٧) دەبێ مەبەستی چەمی ( کەلوێ ) بێ کە لە ولاتی سەردەشتەوە دێت ـ وەرگێڕ .

## چۆنیەتیی گشتیی ئاوایی‌و دێکانی کوردستان :

ئاوایی‌و دێهاتی کوردستان چەند تایبەتی‌تی‌یەکی ئاوکۆیی‌یان هەیە کە وردبوونەوە لە چۆنیەتیی گشتی‌یان دەریان‌دەخا ، ئەو بەشەی کوردستان کە دارستان داپۆشیوەو ئاموشۆکردنی پێدا دژوارە یاخۆ هەر مومکین نی‌یە ؛ جێگای دانیشتنی خێڵەکانەو ئاوایی‌و دێی کەمەو خانوەکانی ئەم بەشە ، لەبەرئەوەی داروباری زۆرە ؛ زیاتر لە لق‌وپۆپ‌و گەڵای داران‌و دارو قوڕ دروست‌کراوە ، ئەم چەشنە خانوبەرەیە تایبەتی شارستان‌و محاڵ‌و دێهاتی ڕۆژاوای کوردستانە •

لە پێدەشتەکان کە دار کەمتر دەس‌دەکەوێ ، خانوو لە خشت‌و بەرد یا کاشی دروست دەکرێن‌و جۆرێکن کە هەموو خانوەکانی دێیەك لەناوەوە ڕێگایان بۆ یەکتر هەیەو زستانان کە بەفر سەرانسەری دەشتەکان دادەپۆشێ، خەڵکی ئاوایی بێ‌ئەوەی لە ژوورەکانی خۆیان وەدەرکەون دەتوانن دێیەکە ماڵەوماڵ بگەڕێن‌و بێنەوە ماڵی خۆیان ، ئەو جۆرە دێهاتە لە دوورەوە وەکو تەپۆڵکەیەکی خڕی خۆڵ دێنە بەرچاوان‌و جیاوازی‌یان لەگەڵ دێهاتی دەوروبەری لێژەوار ئەوەیە کە هەر چەند دێیەك بە تەنیشت گردێك یا کانیاوێکەوە هەڵکەوتوون •

جێگەی زستانەی ئاژاڵ‌و پاتاڵی لادێیی‌یەکان ، ژێرزەمینی درێژن کە ( ئاغەڵ ) یا ( زاخە )یان پێ‌دەڵێن‌و لەسەر زەوی جێگایەکی پچووکی هەیە پێیدا دەچنە خوار ؛ مێگەلی مەڕو گاوگۆل بە درێژایی زستان لەو ئاغەڵانەدا دەبن •

خەڵکی ئەو چەشنە دێهاتانە کەمتر لە ماڵی خۆیان دەردەکەون‌و هەرکەسە بەو ئازووقەی خستوویەتی ڕایدەبوێرێ• ژنان زیاتر تەونی قاڵی دەکەن‌و پارچە

دەتەنن و پیاوان خوری دەڕێسن و گۆرەوی دەچنن و (٨) چاوەدێریی ژنەکانیان دەکەن .

بەڵام شتێکی کە هەموو ئاواییەکانی کوردستان پێکەوە تێدا شەریکن ئەوەیە کە زۆریان دراوسێی یەکن و مەڵبەندێکی پچووك ٥٠ ــ ١٠٠ دێی تێدایە کە زۆر لێك نزیکن و چەند هەنگاوێکیان بەینەو دێهاتی تاك و تەراو دوور لە یەك زۆر کەمەو تایبەتی دەوروبەری دارستانانە . وا هەڵکەوتوە کە لە هێندێ ناوچەی کوێستانیدا دێیەکی بەتاك کەفتە هەبوە لە زستانێکی ساردو قاتبوونی ئازووقە ، خەڵکەکەی جووقەواریان لێ بڕاوەو دێیەکە بەجارێك خاپوور بوە .

وەکو وتمان لە ناوچە دەشتایی و پێدەشتەکاندا دار زۆر کەم دەست دەکەوێ ، بۆیە خەڵکەکەی غالبەی کەلوپەل و قاپ و قاچاغ و ئامرازەکانی پێویستی ژیانیان لە قوڕ دروستدەکەن . بەڵام لە بەشی ڕۆژاوای کوردستان (دار) ئەوەندە زۆرە کە هۆزە چیانشینەکان هەموو ئامرازەکانی ژیان تەنانەت یالتەبەق و دیزەو گۆزەو کەوچکیش لە داری بەختی جەنگەڵ سازدەدەن و لەم هونەرەدا شارەزاییەکی تایبەتیان هەیە . ئەو ئامرازە دارینەیانە هەم لەباری بەدەوامی و هەم لە لانی سووکییانەوە لەگەڵ ژیانی سادەو خانەبەدۆشی خێڵە کوردەکان تەواو ڕێكدەکەون .

---

(٨) ئەم قسەیە زۆر سەیرە نازانم لەکوێی هێناوە چونکو خوری ڕستن و گۆرەوی چنین لە کوردەواری ، بۆ پیاوان عەیبە ؛ تەنانەت لە لەهجەی باکووری زمانی کوردیدا مەتەڵێك هەیە دەڵێ « ڕیسی لەبەر دیا خۆ دەگرێ » .

# بەشی سێھەم

# جوغرافیای ئابووری

**سەرەتا :**

کوردستانی ئێران وڵاتێکی زۆر بەپیتو بەرەکەتەو هۆی جوغرافیاییی ئەوێ وەکو پێدەشتو دەشتاییو لەوەڕگەی سەوزو خۆشو چۆمو ڕووبارەکانو جۆری خاکەکەی، زنجیرەیەك کاری جووتیاریی وەکو کشتوکاڵی دەغڵودانو مەڕداریو بەخێوکردنی گیانلەبەرانی کەوی هەڵدەگرێ • هەبوونی سەرچاوەی بەنرخی خۆرسك چەشنی کانی فلزات (معادن) ، لێڕەواری چڕو زەبەند ، زەویو خاکێ کە بۆئەوە دەسبدا بکرێتە دارستان ، هەموو جۆرە گیاوگژڵی سنعاتیو خواردنو گیاندارانی کێویو ڕاو لە کوردستان ، ئەو پارێزگایەی کردوە بە یەکێك لە گرینگترین مەڵبەندە بەکەڵکەکانی ئێران ؛ بەڕاستیش تەبیعەت لە داهێنانی سەرچاوەکانی داراییو سامان لەحاست ئەو بەشەی خاکی ئێران هیچ دەستی نەقووچاندوەو ڕژدیی نەکردوە • •

بە تۆزێك چاوەدێرییو تێکۆشانو پارە خەرجکردن لە پێدەشتەکانی ڕۆژهەڵاتو جنووبی کوردستان ؛ دەغڵو دانێکی زۆر هەڵدەگیرێو لە کوێستانەکانی ڕۆژاوایو شوێنە بەرزە زۆرئاوەکانی بەهۆی بەخێوکردنی ئاژاڵو پاتاڵو دارناشتنو پێکهێنانی لێڕەوار ، داهاتێکی زۆر دەسدەکەوێ •

بەڵام لە دەورەکانی پێشوودا ئەوانەی جڵەوی کاروبـاری ئێرانیـان بەدەستەوە بوە ئاوڕێکیان لەئابووریی وڵات نەداوەتەوەو هیـچ گوێیـان نەداوەتێو هەموو کارێکیان حەواڵەی تەبیعەت کردوە ، کوردستانیش لـەم کەمتەرخەمی‌یە بەشی بەرکەوتوە ، زەوی‌وزاری بە بایەری ، کانەکانی بـە دەستنێ‌نەدراوی‌و دارستانەکانی بە وێرانی ماونەتەوە •

بوونی خێڵ‌و عەشایر لەم پارێزگەیەدا هۆیەکی دیکەیە کە ئابووریـی کوردستانی بەرەودوا بردوە ، ئەو خەڵکە دەوارنشینانە بەپێی پێداویستەکانی ژیانی کۆچەری قەت دڵیان بە زەوی‌وزارو ئاوو کشتوکاڵ‌و دامەزراندنـی ڕێکخراوە ئابووری‌یەکانەوە نەبوەو تائێستا پچووکترین هەنـگاویان بـۆ ئاوەدان‌کردنەوەی شوێنی خۆش‌نشینیی [1] خۆیـان هەڵنەهێناوە ، چونکو خواردنیان لە میوەی دارستانان‌و جل‌و بەرگیشیان لە کەوڵی نێچیرەکانیـان دابین دەکەن‌و [2] هەوای ئازادی لە هەڵسان‌و دانیشتنداو ئازادەیی کە تایبەتی خێڵە کۆچەرەکانە ، دڵی ئەوانی بەرامبەر زەوی‌وزاری بەپیت‌و بـەرەکەت ساردکردۆتەوەو لەناو هەموو چەشنەکانی کاری لادێ بۆ بەڕێچوونی خۆیان تەنیا مەڕداری‌یان هەڵبژاردوە کە بەخێوکردنی لەو شوێنە سەوزو خۆشانەی کوێستانەکانی ڕۆژاوا زۆر هاسانە • هەر خێڵێك بە چەند سەر مەڕو بزنەوە لە داوێنی کێوێك‌و لەژێر ڕەشماڵێکا بەشێوەیەکی زۆر سـادە دەژی‌و تـا ئەوکاتەی ناچار نەبێ بیر لە کشتوکاڵ ناکاتەوە •

بیروباوەڕی ئایینی ، بەتایبـەتی لەبـرەودابوونی لـق‌و پۆپـەکانی سونیگەری‌و بێ مبالاتی بەرامبەر کاروباری دنیاییش لەنێو هیندی خێڵـی

---

(١) خۆش‌نشینی = دانیشتن لە شوێنێکا بۆ ماوەیەکی تایبەتی ـ وەرگێڕ .

(٢) بێ‌گومان نووسەر ئەم قسەیەی لە ژیانی کۆچەریی زۆر کۆن دەرهێناوەو کردوویە بە شێوەی ژیانی کۆچەریی کورد لە چەرخی بیستەمـا چونکە بەش‌بەحاڵی ئێستارە زۆر لە ڕاستی‌یەوە دوورە ـ وەرگێڕ .

کورددا ، یەکێکە لەو هۆیانەی بوونە مایەی دواکەوتنی ئابووریی کوردستان، بڵاوبوونەوەی کێشانی بەنگ و تریاک و [٣] شوێن (شێخ و مورشید) کەوتن زیندوایەتیی مریدەکانی کوشتووە و لە کار و کاسبی و سەنعاتی کردوون •

پاش ئەم سەرەتایە ، چونکو مەبەستی نووسەر ئەوەیە ، کە بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە و ڕوونکردنەوەی جوغرافیای کوردستان ، سەرنجی کاربەدەستانی چالاکی ئیمڕۆی وڵات ڕابکێشێ تا بە چاوێکی تایبەتی بڕواننە ئەم پارێزگایە (!) ، پێشنیازەکانی خۆم بۆ بە پەلە ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵایەتی و خستنەگەڕی سەرچاوەکانی ئابووریی کوردستان پێشکەش بە خوێنەرانی کتێبەکە دەکەم :

١ــ خێڵەکانی سەرسنوور لە مەڵبەندی ئێرەوارەکان بگوێزرێنەوە بۆ پێدەشتەکان و هانیان بدەن خەریکی کشتوکاڵ بن و هەرچی بۆ ئەم کارە پێویستیان بێ بۆیان سازبدەن و بۆ هەر خێڵێك یەکێکی ئەمین لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە دیاری بکرێ کە لەگەڵ خێڵەکە دابنیشێ و چاوەدێری و سەرپەرشتیی کاروباریان بکا ، دیارە دەبێ ئەو (ئەمین کشتوکاڵ)انە زۆر بە وردبینی هەڵبژێردرێن •

٢ــ ئەو مەدرەسە گەڕۆکانەی ئێستا هەن و کەم و کووڕیشیان ئێجگار زۆرە و بۆ ژمارەی دانیشتوانی کوردستان بەس نین ، پەرەیان پێ بدرێ و بەرامبەر هەریەکێکیان بەپێی ژمارەی کوڕ و کچان مەدرەسەی سابیت

---

(٣) دانەر لە شوێنێکی دیکەشدا ئەم باسەی کردوە ، ئەوی ڕاست بێ عادەتی تریاککێشان لەناو کوردەواری ئێجگار کەمە و لە ئێرانییەکانەوە کەوتۆتە ناو کوردان . لە هەموو شاری مەهابادا ئەوانەی تریاکیان دەکێشا لە ژمارەی پەنجەی دەست تێنەدەپەڕین . ڕۆژنامەی (اطلاعات) لە ژمارە ١٥٦١٢ی ڕۆژی ١٧ی مایسی ١٩٧٨دا ئاوای نووسیوە : « هەندێ وڵات هەن کە هەم کوکنار دەچێنن و هەم تریاك کێشیشیان هەیە وەکو ئێران . کوردستان و بلووچستان تریاككێشیان نییە ــ وەرگێڕ .

دابنرێ . ئەوشتانەی لەو مەدرەسانە دەخوێنرێن برێتی بن لە خوێندنەوەو نووسینی زمانی فارسیو زۆر لە منداڵان نەکرێ کە دەرسی جیاجیا بخوێننو تەنیا کورتەیەکی مێژووی ئێران بە دەرس بگوترێتەوە .

٣ـ چەند مەدرەسەی فەننی ـ زانستی بۆ فێرکردنی پیشەی دارتاشی . ئاسنگەری ، خەراتی و ... هتد لە سنەو کرماشان یا هەر جێگایەکیتری دەولەت بە پێویستی بزانێ ، دابنرێ .

٤ـ لقی بانقی کشتوکاڵ لە کوردستان دابمەزرێنرێ تا یارمەتی جووتیارەکان بە نەختو بە کەلوپەل بداو لە چنگ زوڵموزۆرو دەسدرێژیی خاوەنملکەکان رزگاریان کاو پەرێشانیی نەدارییان لەکۆڵ کاتەوە .

٥ـ چەند کارگەیەکی رەنگرێژیو تەونی قاڵی لە کوردستانی سنە دروست بکرێو بخرێنە ژێر ئیدارەو چاوەدێریی پسپۆرانەوە . بۆئەوەی فەرشە چاکەکانی کوردستان ـ کە تەونگەرەکانی شارەزای نەخشی جوان نینو لە دەرەوە کڕیاریان نییە ، لە رووی نەخشی تازەوەو بە رێو شوێنی فەننی دروست بکرێن [٤] .

٦ـ دەستی قاچاخچییە ملهوڕەکانی سنەو هەورامانو مەریوان لە بازرگانی بکێشرێتەوەو شێوەی بازرگانیی کوردستانو ناردنی کاڵا بۆ دەرەوەو هێنانی بۆ وڵات زۆر چاك ئاگاداری بکرێ .

٧ـ چونکو زوربەی بەرهەمەکانی خواردەمەنیی کوردستان بەشێوەیەکی ناڕێك سازدەدرێو دەنێردرێتە دەرەوە ، پێویستە لە هەر ناوچەیەك چەند قوتابخانەی هونەریی کشتوکاڵی بکرێتەوە ، یا هیچنەبێ لە پسپۆڕەکانی کشتوکاڵو ئەوانەی قوتابخانەی بەرزی کشتوکاڵیان تەواو کردوە ، چەند

---

(٤) فەرشەکانی کوردستانو تەونی ئەم پارێزگایە شێوەیەکی تایبەتییان هەیە لە باسی (سەنعات)دا لێیدەدوێین .

کەسێك بنێررێنە کوردستان تا خەڵکی فێری وشك کردنەوەی میوەو شێوەی بەرگری لە خراپبوونیان بکەن •

٨ـ خێڵەکانی دەوروبەری دارستانەکان بۆ پێداویستی خۆیان ، نەشارەزایانە درەختەکانی دارستانەکان دەبڕنو لەئەنجاما لێرەوار بەرەو نەمان دەچێ • دەوڵەت دەبێ ئیدارەی دارستان لە کوردستان دابنێو بۆ ئاوەدانیی لێرەوارەکانو بەرگری لە بڕینی ( داری جوان ) پسپۆڕی تایبەتی بنێرێ •

٩ـ بۆ ڕزگارکردنی جووتیارانی کوردستان لە زوڵمو دەسدرێژیی ئەربابو خاوەن ملکەکان ، دەبێ لەلایەن دەوڵەتەوە یاسای تایبەتی بۆ ( ڕێکخستنی ـ وەرگێڕ ) قازانجی خاوەن موڵكو جووتیار دابنرێو کاری پێ بکرێو شێوەی ئێستای بەشکردنی بەرهەم کە زۆر بێدادانەیە هەڵوەشێتەوە ، تا جووتیاریش پارچە زەوییەکی هەبێو دڵی بە ئاوەدانکردنەوەیەوە ببەستێ •

١٠ـ دروستکردنی ڕێگای شۆستە لە کوردستان تا ئەو پارێزگایە بە کرماشانو ئازربایەجانو عێراقی عەجەمو ڕێگاکانی ( مێزۆپۆتامیا )وە ببەسترێتەوە •

١١ـ بەهۆی دانانی ڕێکخراوەکانی لەشساغیو چاوەدێری کردنی خانووی دانیشتن پێش بە لەناوچوونی نفووسی خێڵەکان بگیرێ چونکو باسكو مەچەکی ئەوان دەتوانێ چاکترین هێزی کرێکاری بۆ کشتوکاڵ ئامادە بکات •

# سەرچاوەکانی دارایی لە کوردستان

## ١ ـ سەرچاوەی خۆڕسکی گژوگیا

**دارستان :**

مەڵبەندی لێڕەواری کوردستان ، لە باکووری ڕۆژاوای ( سنە )وە لە ملەی (کەلی‌خان)ەوە دەست پێ‌دەکا تا دەگاتە سنووری (کرماشان) کە ٤٠ فرسەق ( ٣٢٠ کیلۆمیتر ـ وەرگێڕ ) بەدرێژایی کێوەکانی ڕۆژاوا کشاوەو هەموو زەوی‌و داوێنی چیاکانی ڕۆژاواو ناوچـەکانی ژاوەرۆ ، گاوەرۆ ، سوورسوور ، ڕەوانسەر ، جوانڕۆ ، هەورامانی لهۆن ، هەورامانی تەخت ، مەریوان‌و بانە جەنگەڵ‌و مێشە داپۆشیون •

بێجگە لەو دارستانەی کە لەسەرەوە باس‌کرا ؛ مەڵبەندێکی تێزیك لـە حەوت‌صەد فرسەقی چوارگۆشە ، لە زەوی‌یە بەرزەکانی جنووبی کوردستان بۆئەوە دەبێ داری لێ بنێژرێ‌و بکرێتە لێڕەوار ، ئەم مەڵبەندە هەر لەپێشدا خۆی دارستان بووەو لەبەر بێ‌مبالاتیی خێڵەکان لـە داربڕینـاو پـەلاماری عەسکەری عوسمانی وێران بووەو بۆتە زەویی بەیار •

دارەکانی لێڕەواری کوردستان بریتین لە : بەڕوو ، مازوو ، دارەبەن (قەزوان ، کە بەرێکی تام‌و بۆن‌خۆشی هەیە) • میوەی گرینگی دارستان ئەمانەن : بەڕووی شیرین ، بەڕووی تاڵ ، مازوو ، جەویی دەنووکە ، گوێژ ، بادامی تاڵ ، هەڵووژەی کێوی‌و لە وەختی قاتی‌و قڕیدا خەڵکی دەوروبـەری دارستانەکان دەیانخۆن‌و پێی دەژیـن •

دار مازووی کوردستان چاردە بەری هەیـە : مـازوو ، بـەڕوو [1]

---

(١) ئەو (بەڕوو)ەی کە دار مازوو دەیگرێ بۆ خواردنی ئینسان نابێ‌و بەڕووی خواردنی لێڕەوارەکانی کوردستان بەگشتی دارێکی جیاوازی هەیـە ـ وەرگێڕ •

دەنووکە ، سیچکە ، خڕنووك ، گەڵوان ، برامازوو، کەلەشینکە، هەمزەبەگی، تسقوڵ ، کەوەڵ ، پانکە ، قوڕکە ، پووزەخووگە .

هەموو بەرەکانی دار مازووی کوردستان بەکاری پیشەی خۆشکردنی چەرم (دەباغی) دێن ، بەتایبەتی گەڵوان‌و مازوو کەرستەی یەکەمی ئەم پیشەیەن .

هەروەکو لە باسی (ئاوو هەوا)دا وترا ، خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژاوای سنە چونکو پێویستیان زۆر بە سووتەمەنیی زستانە هەیەو شوێنی دانیشتنیشیان لە دارستانەوە نێزیکە، بەناچاری بۆ پاراستنی خۆیان لە سەرمای زستان ، دەست دەدەنە داربڕین‌و لەبەرئەوەش کە چوونە ناوەوەی دارستان ئەرك‌و زەحمەتێکی زۆری پێ‌دەوێ ؛ خەڵك هەر لە کەناری ئەو دارستانەوە دەستیان داوەتە داربڕین‌و بەوجۆرە زۆژ لەگەڵ زۆژ پێوانەی دارستان کەم‌دەبێتەوەو هیی زەویی بەیار زیاددەکا .

شتێکی‌دیکەش کە خەڵك بۆ داربڕین هان‌دەدا ئەو پێویستی‌یەیە کە بە زەویی کشتوکاڵیان هەیەو زەویی ژێر دارستان کە ئاودارەو بۆ ڕوانی گژوگیا چاك دەست‌دەدا هەڵدەبژێرن ، بەڵام چونکو پێداویستەکانی پەرەسەندنی کشتوکاڵ لە کوردستان نی‌یە ، بۆیە هەر دەیەکی ئەو شوێنانەی دارەکانی دەبڕن کشتوکاڵی لێ‌دەکرێ‌و ئەوی‌تری هەروا دەمێنێتەوە .

**گژوگیای خۆرسکی پزیشکی‌و سەنعاتی :**

لە دارستانەکانی کوردستانی سنە ، بێجگە لە دارو میوەی داران ، هێندێك گیاوگوڵی خۆڕسکیش هەن کە لە سەنعات‌و پزیشکیدا ( بۆ داو دەرمان) زۆر گرینگن‌و ، هەروەها لە شیری داران‌و ڕیشەی گژوگیای جەنگەڵی‌و کێوی کەرەستەی سەنعەتی‌ز خواردەمەنی دەگیرێ ، وەکو (گەزۆ) کە هەموو ساڵێ لەسەر لق‌وپۆپی دارەکانی لێزەوار دەبارێ‌و ئەوەندەی (شێ)و (نم) زۆر بێ ئەویش زۆرتر دەبێ. یەکیتر (بنێشت)ە کە لە

گیانووسەکەکان حیسابەو شیرەی دارە (بەن)ەو لە دارستانەکانی کوردستان زۆرو زەبەندە ، بنێشتی کوردستان یەکێکە لەو کالاّیانەی کە لەم پارێزگایەوە زۆری لێ دەنێردرێ بۆ دەرەوە •

شتێکی‌دیکەش (کەتیرە)و (گیا سالەە)یە کە لە هەموو کێوەکانی جنووب‌و ڕۆژاوای کوردستان دەستدەکەون • ئەو دوانەش وەکو بنێشت لەو شتانەن کە بە بێ زەحمەتی چاندن‌و ئاودان دەبنە مایەی کەڵك وەرگرتنی چۆڵنشینانی کوردستان‌و هەموو ساڵێ ئەندازەیەکی زۆر کەتیرە کە لە گیای خۆڕسکی (گوێنی) دەگرن دەنێردرێ بۆ دەری ئێران‌و لەڕاستیدا سەرچاوەی دارایی بەشێك لە جووتیارانی کوردستانە •

**داری نا دارستانی :**

داری بەرداری کوردستان ئەوانەن : توو ، گوێز ، هەنار ، هەنجیر ، ترش (سماق) ، قەیسی ، بەهێ ، هەرمێ ، سێو ، گێلاس ، هەڵووژە ، شەفتالوو ، بادام ، سنجوو ، پستە ، فندق •

لە شیوو دۆڵە تەنگەبەرەکاندا (مێو) زۆر هەیەو بەرێکی ئێجگار زۆر دەگرێ‌و (ترێ) وشك دەکرێتەوەو دەنێردرێ بۆ ڕووسیاە داری بێ‌بەری کوردستان ئەمانەن : ئەسپیندار ، سوورە چنار ، پەڵك ، بووز ( نارەوەن ــ دارمێشوولە ) ، [زمانە چۆلەکە] ، [وزم] ، کێکف ، عەنناب ، بی ، چوالە کێویلە ، بی مشك ، شۆڕەبی ، سوورەبی ، [ ئەقاقیا ] ، [ بەیداخ ] ، ئەرخەوان ، مێخەك ... هتد (٢) •

داری (توو) لە کوردستان زۆرە ، تۆزێك چاوەدێری بکرێن بۆ بەخێوکردنی کرمی ئاوریشم لەم پارێزگایەدا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ •

---

(٢) ئەم ناوانەی کە خراونەتە کەوانەی [ ]ەوە ناوە کوردییەکانیانم نەزانی‌و هەندێکیان تەنانەت فەرهەنگی فارسی‌یش نایانگرێ ــ وەرگێڕ •

## ٢ ــ سەرچاوەکانی گیانداران

کوردستانی (سنە) لەبەرئەوەی ئاوو هەوای جۆربەجۆری تێدایە ، گیانداری کەوی‌و کێویی هەیە • لەنێو گیاندارانی کەویی کوردستاندا ئەوەی لەلایەنی ژمارەو گرنگیی ئابووری‌یەوە لە ڕیزی پێشەوەیە ( مەڕ )ە ؛ کە ڕانەکەی بەکوردی پێی‌دەڵێن (پەز)و [٣] لە هەموو لەوەڕگە سەوزو خۆشەکانی کوێستانی ئەم پارێزگایە بەری دەدەنە لەوەڕ • زۆریی ژمارەی مێگەلە مەڕو ئاسانیی لەوەڕانیان ، لەلایەکەوە زیانی بە کشت‌وکاڵ گەیاندووەو لەلایەکیشەوە خواردەمەنیی بەتایبەتی ئەوشتانەی لە شیر دێنە بەرهەم زیادکردوە ، چونکو زوربەی لادێیی کوردستانی بژیویی خۆیان لە بەخێوکردنی گیاندارانی کەوی دابین‌دەکەن‌و کەمتر خەریکی کشتوکاڵ دەبن •

گیاندارێکی‌تری کەویی کوردستان (ئەسپ)ە کە خێڵەکانی ڕۆژاواو دانیشتوانی دەشتەکان بەخێوی دەکەن، ڕەگەزی ئەسپی کوردستان دەچێتەوە سەر ڕەگەزی ئەسپی عەرەبی‌و لە کاتی پێویستا تەنیا لە کوردستانی (سنە) ٦٠ ــ ٧٠ هەزار ئەسپی خۆشڕۆی چاك کۆدەکرێتەوە •

بە شێوەیەکی گشتی ، داوێنەی چیاکانی ڕۆژاوای کوردستان مەڵبەندی بەخێوکردنی گیاندارانی کەوییە ، لە پێدەشت‌و دەشتەکان هێندێك دڕندە بەتایبەتی (گورگ) دەستە دەستە دەبیندرێن ، لە شاخەکان ورچ‌و بەرازو هەموو چەشنە نێچیرێك هەیەو خەلکی ناوشاخەکان کەلکیان لێ وەردەگرن‌و لاوانی خێڵەکان هەموورۆژێ لە لوتکەی چیاکان‌و شیو‌و دۆڵەکاندا خەریکی ڕاوو شکاری گیاندارانی کێوین‌و هەموساڵێ زیاتر لە دەهەزار کەولەڕێوی‌و دەڵەکی کوردستان بە ڕێگای ڕووسیادا دەنێردرێتە ئەورووپا •

---

(٣) (پەز) وەکو دەزانین لە بن‌لەهجەی جافی‌و لەهجەی باکووری بە (مەڕ) دەڵێن نەك بە ڕانی مەڕ . وادەزانم نووسەر لێی تێك‌چوە ــ وەرگێڕ .

## ٢ ـ كانـەكان

هەلاتی كوردستان چونكو لە دەورانەكانی جیۆلۆجیدا چەندین جـار گۆڕانی بەسەراهاتوەو هەڵترچاوە ، كانی (فلز)ی جۆربەجـۆرو مەعـدەنی بەنرخی تێدایە كە هێندێكیان بە ئاسانی دەردێـنو لە زۆرگارانی كۆنـەوە كەلكیان لێ وەرگیراوەو هێندێكیشیان هەروا بە دەس لێ نەدراوی ماونەتەوە .

ئەو كانانەی كوردستان كە بە ئاسانی دەردێن زیاتر ( بەرد )نو بەپێی گرینگییان ئەمانەن : بەرد ئەستێ ، بەردی مەڕمەڕ ، بەردە قـڵ ، بـەردە گەچ ، گڵەسپی ، بەردی خوێو زوربەیان ئێستا دەردەهێنرێنو سوودیـان لێ وەردەگـیرێ .

ئەو كانانەی كوردستان كە دەرهێنانیان گرانەو دەستیان لێ نـەدراوە ئەمانەن : ڕەژووی بەرد ، گۆگرد ، زەڕنیق ، تەڵق [٤] مۆمنـایی كێوی ، مس ، كە هیچ كەلكیان لێ وەرناگیرێ لە هێندێ ناوچە نەبێ كەمێك زەڕنیق دەردێنن [٥] .

ئەگەر دەولەت شـیركەتێك بۆ دەرهێنـانی گۆگردی كوردسـتان دابمەزرێنێ بەو هـەموو دارو درەختـەی كە لـە لێـڕەوارەكان هەیـە ، دروستكردنی چەند فابریقەی شقارتە لە كوردستانو ڕزگاركردنی چەندین هەزار كرێكار لە فەقیریو ، نەداری كارێكی زۆر ئاسانەو دەبێتە مـایەی وەبرەوكەوتنو ئاوەدانیی ئەم پارێزگایە .

---

(٤) تەڵق : یەكێكە لە كانەكان ، ئەگەر كرۆكی ئەو تەڵقە بپەنروێ لە لەش ئاگر نایسووتێنێ ـ وەرگێڕ .

(٥) نووسەر ئەم مەعدەنانەی لەبیرچوە یا نەیزانیون : جیوە ، ئاسن ، زێڕ ، ئەسبەست ، كریستاڵی تەبیعی ـ وەرگێڕ .

# کشتوکاڵو سەنعاتو بازرگانیو ڕێگاوبان

**کشتوکـاڵ :**

ژیانی لادێیی کوردستان ، تەنیا مەڕداریو بەخێوکردنی گیاندارانی کەویو چاندنی هێندێك دەغڵودانەو لە کارەکانی جووتیـاریدا مەڕداریو بەخێوکردنی گیانداران لە هەموان گرینگترن ، چونکو زوربەی خەڵـکی کوردستان ، هەروەکو لەپێشداش باسمان کرد ، جگە لە هەندێ دانیشتوانی شارەکانیو ئەوانەش کە بە کشتوکاڵەوە خەریکن ، هەمـوو هەر خێـڵو عەشیرەتنو شوێنی دانیشتنی ئەم خێڵانەش لەبەر بەرزاییی زۆرو زۆریـی تەڕوتووشی لەگەڵ مەڕداریو بەخێوکردنی گیاندارانی کەوی نەبێ لەگەڵ شێوەیەکی دیکەی ژیانی لادێیی ڕێك ناکەوێ ، هەربۆیەشە کە کشتوکاڵی کوردستان تەنیا لە پێدەشتەکانو دەشتاییو هێندێ شیوو دۆڵی بەرینەدایە • بەم پێیە دەتوانین مەڵبەندەکانو جۆری کشتوکاڵی کوردستان بکەینە دوو بەشی لێك جیاواز •

**یەکەم ـ دەشتاییو پێدەشتەکان :**

لە دەشتاییو پێدەشتەکاندا هاوینان کە هەوا زۆر گەرمە ، جووتیارەکان گەنمو شامیو تووتن دەچێننو گەنمی لێ دەرچێ کە ڕێژەوی زۆرەو ئەغڵەب بۆ مەڵبەندەکانی دراوسێی کوردستان دەنێردرێ ، بـاقیی حاسڵاتیدیـکە شتێکیوای لێ بەدەست نایەو گەلێ ساڵان پاش وەلاتانی میقدارێك بۆ ساڵی ئایندەو بەشی بەڕێچوونی جووتیارو ملکانـە شتێك بـۆ نـاردنە دەرەوە نـامێنێتەوە •

جسنی خاکی دەشتو پێدەشتەکانی کوردستان ، گڵەسوورو گڵەڕەشو یاخیسکەو ، گەنم وجۆ یەکو دەو یەکو دوازدەو گەنمەشامیو دانەوێڵەیتر

یەك‌و سی تا یەك‌و چل‌دەبرێ‌ێ بۆ دانەوێڵەی بێ‌هێز وەکو گاودانەو هەرزن‌و جۆرەش زۆر باشـــە .

پاش گەنم ، تریاك‌و تووتن گرینـــگترین بەرهــەمی کشتـــوکاڵی [٦] کوردستانەو چاکترین جسنی ئەم دوانە لەو پارێزگایە دێتە ناو بەتایبـــەتی تووتن کە هەم لە لانی زۆری‌و هەم لە باری نەرم‌و نیانیی گەڵاو بۆنی چاترین نەوعی ئەو کاڵایەیە .

ئەم ناوچانە (پەتاتە)شیان لێ‌دەکرێ ، بەڵام لەبەرئەوەی زەوی تەڕاییی کەمەو جووتێرەکانیش نازانن چاك بیهێننەنـــاو زێژەوێـــکی زۆری نی‌یـــەو جسنی خاکی دەشتەکانیش بۆ چاندنی ئەم گیایە دەس‌نادا .

وەرزێری کوردستـــان لەوپەڕی هەژاری‌و نەداریدا دەژی‌و ژەنـــگە لەنێو جووتیارانی ئێراندا وێنەی نەبێ . منداڵەکانیان بێجگە لە کراسێ کـــە لەشیان لە ناڵەباریی هەوا دەشێرێتەوە بەرگێکی دیـــکەیان نی‌یە ، ئەغـلەب ژن‌و پیاوو منداڵ تەنانەت زستانانیش بە پێ‌خاوس بەســـەر بەفردا دەڕۆن ، ملکانەو باج‌وپیتاکی ئاغایان‌و توندو تیژیی (سەرکار)ی ئاغا کە بە هیـــچ بارێك لە هەڵگرتن نایە ، زوربەی لادێ‌یی‌یەکانی لە پەل‌وپـــۆ خـــستوەو بەدبەخت‌و چارەڕەشی کردوون‌و هەر ئەوە بۆ خۆی یەکێکە لە هۆ گرینگەکان کە خێڵەکانی وا لێ‌کردوە بەلای نیشتەجێ بوون لە دێهات‌و خەریك‌بوون بـــە کشتوکاڵەوە نەچن‌و بۆیە نە هیچ پارێزگایەکی ئێرانـــا دێهـــاتی وێـــران‌و چۆڵ‌وهۆڵ بەقەد دیهاتی کاولی کوردستان وەگیرناکەوێ .

**دوەم ـ ناوچەی شاخاوی :**

دانیشتوانی ناوشاخ‌و دۆڵ‌و دەرەکان کە زوربەیان خێڵ‌و عەشیرەتن هەموو خەریـــکی بەخێوکردنی گیاندارانی کەوین‌و وەختی خۆیـــان بە ڕاوو

---

(٦) تریاك تەنیا لە کولیایی‌و ناوچەی سونگور نەکرێ‌و هیچی‌تر ــ وەرگێڕ .

شکار زادەبوێرن‌و هەر لەو ڕێگایەشەوە خۆیان بەڕێ‌دەبەن ، تەنیا هێندێك لە خێڵەکان نەبێ کە زۆر دەمێکە نیشتەجێ بوون کاتێ ئافات‌و ئازار لەناو مەڕو مالاتیان پەیدا دەبێ‌و لەناویان‌دەبا بەناچاری دەست بە چاندنی دەغڵ‌ودانی دێمەکار دەکەن .

خێڵە کوردەکان مێگەلەکانیان بەردەدەنە لەوەڕگە خۆشەکان‌و خۆیان دەچن بۆ ڕاو ، مایەنی بەهێزو خێرا بۆ گەرمێن‌و کوێستان کردنی خۆیان بەخێودەکەن‌و زۆر چاك لەم کارە دەزانن ، ئەسپی کوردان چەند فرسەق لەسەریەك بە غار دەڕۆن‌و هەر ئەوەندە تۆزێك ڕاوەستان ماندوویان دەحەسێتەوەو جۆرێك ڕاهێنراون کە کێوە بڵێندە بەردەلانەکانیان بەئاسانی لەبەر دەڕوات .

سەنعاتی لادێیی خەڵکی ناوچە شاخاوی‌یەکان‌و خێڵە کوردەکان زۆر ساکارەو هەر ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە (شیر) دروست‌دەکرێن ئەویش بە دەستی کچان‌و ژنانی کوێستانی ئەنجام‌دەدرێ ، سەرەڕای ئەمەش کاری مەڕداری‌و بەخێوکردنی گیاندارانی کەوی بە بۆنەی پەرەسەندنی سەنعاتی تەونی قاڵی لەلایەن خێڵەکانەوە بەگرینگ دەژمێردرێ ، هەرئەوە بۆتە مایەی ناچاریی ئەوکەسانەی لە سنەو ناوچەکانی‌تر تەونی فەرش دەکەن کە هەمیشە پێوەندی خۆیان لەگەڵ خێڵەکان باش‌کەن .

لەبەرئەوەی خێڵەکوردەکان زۆر گوێ‌نادەنە پاك‌و خاوێنیی بەرهەمەکانیان بۆیە ئەوشتانەی لە شیر دروست‌دەکرێن‌و خوریی مەڕەکانیان ، لە بازاڕەکانی دەرەوەدا برەوی‌نی‌یە ؛ ئەگەرچی پسپۆڕان قۆڵیان لەسەر کێشاوە کە خوریی ڕۆژاوای ئێران چاکترین جنسی ئەم کالایەیە . ئاشکرایە ئەگەر خوری بە شێوەیەکی زانستی ببڕێتەوەو کەمێڵ‌و پیسایی‌یەکی پێیەوە نووساوە لێی‌بکرێتەوە، لە کارخانەکانی ولات‌و بازاڕەکانی ئورووپا کڕیاری زۆر دەبێ.

کشتوکاڵی خێڵ و کێونشینانی کورد زۆر کەم و بێ ئەهمیەتە ، حاسلی کشتوکاڵیان ئەوەی بۆ خواردن دەشێ بەشی خواردنی خۆیان ناکاو زیاتر بە میوەی جەنگەڵ وەکو ( بەڕوو ) بەڕێدەچن و بۆ پۆشاک و پێداویستی دیکەی ژیانیان داری دارستانەکان دەکەنە ڕەژی (خەڵووز)و بە خەڵکی دێهاتی پێدەشتەکانی دەفرۆشن یا بە گەنم و جۆی دەگۆڕنەوە • بەم جۆرە چوار فەسلی ساڵ پێک گۆڕینەوەی نەختی و کەل و پەل لە نێوان خێڵەکانی چیانشین و خەڵکی دەشت و دێهاتی کوردستان لەکارایە •

(پەموو)ش لە بەرهەمە گرینگەکانی کوردستانە کە لە ئاوو هەوای گەرم و تەڕی دۆڵ و دەرەکانی چیای ڕۆژاوا دەکرێ ، بەڵام لەلایەنی جنس و نەرم و نیانیی هێندە ڕەغبەتی ناچێتێ ، چونکو خێڵ و چیانشینەکان لە چاندن و ئاوادانی ئەوەندە سەرڕشتەیان نی یەو بۆ جیاکردنەوەی (لۆکە) لە تۆزاخەکەی و خاوێن کردنەوەی ، ئامرازی زانستی یان بەدەستەوە نی یە •

**سەنعات :**

کوردستان پارێزگایەکی سەنعاتیی ئێرانەو یەکێکە لە مەڵبەندە گرینگەکان کە ( فەرش )ی لێ دروست دەکرێ و چونکو کەرەستەی سەرەکیی فەرش کە (خوری)یە لەم پارێزگایە زۆرە ، سەنعاتی فەرش دروست کردن لە هەموو ناوچەکانی کوردستان و لەنێو هەموو دانیشتوانی دێهات و شاخەکان باوەو لە زستانی درێژی کوردستانا کە لادێ یی یەکان وەکوو بەندی یانیان لێ دێت ، ژن و پیاو وەختی خۆیان بە (تەون)کردن ڕادەبوێرن •

کوردستان هەموو جۆرە فەرش و قاڵیچەو بەرماڵی ( خوری ، ئاوریشم و دەزوو)و بەڕەو جاجمی لێ دروست دەکرێ ، بەتایبەتی تەنکی و قایمیی بەرماڵەکانی کوردستان لە ئێران و بازاڕەکانی ئورووپادا ناوبانگی دەرکردوەو سەنعاتکارەکانی کوردستان لەم مەیدانەدا گۆی هونەریان بردۆتەوە،هەروەکو

سەنعاتکارانی ( کاشان ) لە تەونی قالیچەی ئاوریشمو ، خەڵکی ( کرمان ) لە دروستکردنی فەرشی خوریو ئاوریشمو قالیی زێڕبافدا مەشهوورن •

سەنعاتی فەرش دروستکردن لە کوردستانا شێوەیەکی تایبەتیی هەیە ئەویش ئەوەیە کە لەم پارێزگایەدا تەونی فەرشو قالیچە لە سەلیقەی سەنعاتکارانی کورد دەرنەچوەو سەلیقەو شێوەی ئورووپایی کاری تێنەکردوە ، چونکو ئاژاوەو پشێویو نائەمینی لە کوردستانو دەستدرێژیو پەلاماری خێڵە کوردەکان تاماوەیەك لەمەوپێش ، ڕێگای سەفەرو هاتوچۆی نوێنەرانی بازرگانیی ئورووپای بۆ ئەم خاکە هێنابوە بەست ، جا بۆیە سەنعاتی فەرش هەر بەوشێوەی کۆنو لەڕووی نەخشەکانی پێشوو بەپێی سەلیقەی سەنعاتکارانی کورد ماوەتەوە •

ئەگەر قالیی کوردستانو سوڵتانابادی عێراق (مەبەستی عێراقی عەجەمە ــ وەرگێڕ ) پێکەوە بەراورد بکەین ، لەباری وردەکاری ، قایمیی تانوپۆ ، جوانیی نەخشو ڕێککەوتنی لەگەڵ زەوقی ئێرانی ، قالیی کوردی هەڵدەکشێتە سەرووی قالیی سوڵتاناباد ، چونکو لە سوڵتاناباد سەنعاتی قالی بەتەواوی کەوتۆتە ژێردەستو نفووزی کومپانیا ئەمەریکاییەکانو سەنعاتکارانی ئەم ( قەزا )یە بو بەڕێچوونی خۆیان ناچارن فەرشەکانیان بەپێی نەخشەو فەرمانێکی کومپانییەکان دەیاندەنێ دروستبکەن تابەلایانەوە پەسند بێ • بەڵام لە کوردستان نەخشو شێوەی تەون تەواو خۆجێییەو بەپێی زەوقو سەلیقەی کوردان پێکدێت ، هەر بۆیەشە قالیی کوردستان لە ئێرانا زۆرتر دەفرۆشرێو ئەوەی بۆ دەرەوە دەنێردرێ لەچاو هیی سوڵتانابادو مەڵبەندەکانی دیکە کەمترە •

تەراوەکانی (منسوجات) دیکەی کوردستان بریتین لە گۆرەوی ، شاڵی تەنکی خوری بۆ جلکی هاوینی ( مەبەستی بووزووی ڕانكو چۆغەیە ــ

وەرگێڕ )و قوماشی ئەستوور بۆ زستانو شتی لەمبابەتانەن کە هەمووی بە دەستو پەنجەی کوڕانو پیاوانی خێڵەکان دەتەنرێن •

بێجگە لە سەنعاتی جۆلایی ، لە کوردستان دارتاشیو کلاش چنینو بەردتاشینو بارووتپێژیو نیشەك داگرتنەوەو چەخماخسازیو حەسیر دروستکردنیش باوە •

بۆ کاری دارتاشیو خەڕاتی ، لە کوردستان وەستای دەسڕەنگین وەگیردەکەون کە ئەم سەنعاتەیان گەیاندۆتە ڕادەی هەرەبەرزی جوانیو قازاخی ، شتومەکی زۆر ورد وەکو قوتوە جگەرە، جانتای دەستیو چەمەدانی گەورەو پچووك ، گۆچانو داردەستی زۆر قایم ، تەختە نەردو شەترنجی جوان لە داری دارستانەکان دروستدەکەن، ئەم سەنعاتە زیاتر بەدەس هێندێ ئەرمەنی ئاسۆری [٧] دانیشتووی ( سنە )وەیە •

یەکێ لە سەنعاتە تایبەتییەکانی کوردستان دروستکردنی شتومەکی زۆرجوان و وردیلەیە لەو گڵە بۆنخۆشانەی کە لە گردۆڵکەکانی کوردستان هەن • سەنعاتکارانی کورد کاسەو گۆزە تەنانەت سەرە سەبیلی تریاك کێشان[٨] (حۆقە)و چوارچێوەی جوانی ڕەسم لەو گڵانە دروستدەکەنو بەوڕەنگە تایبەتانەی کە لە گژوگیا دەیگرن دەیان نەخشێننو دەینێرنە ئەولاولا بۆ فرۆشتن •

**بازرگانی :**

هەروەکو دیتمان کوردستان خاوەنی هەموو جۆرە لێڕەوارو سەرچاوەی

(٧) ڕستەی (ئەرمەنی ئاسۆری) تەواو نییە ، یا دەبێ نووسەر وشەی (ئەرمەنی) لەباتیی (مەسیحی) بەکارهێنابێ یا دەبێ ڕستەکە (ئەرمەنیو ئاسووری) بێ ــ وەرگێڕ •

(٨) نووسەر نووسیویە ( دەستەها وافور ) بەڵام ئەوی لە گڵی دروستدەکرێ ( حۆقە )ی تریاککێشانە ــ وەرگێڕ •

خۆڕسکی گژوگیاو گیاندارە، هەموو چەشنە (مەعدەن)ێکی هەیەو لق‌وپۆپی سەنعاتی نیمچە گرینگی تێدایە ، بۆیە دەبوو کاروباری بازرگانیشی ڕەواجی زۆری بوایە ؛ بەڵام چەند شتێ بوونەتە مایەی شکانی کاری بازرگانیی کوردستان •

یەکێك لەم هۆیانە شێوەی ژیانی کۆچەریی خێڵە کوردەکانە کە گوێ نادەنە کاروباری ئابووری‌و ئاوەدانی‌و ئاوەدانکردنەوەی وڵات‌و بەتەنگ دەوڵەمەند بوونەوە نین‌و دڵیان بەو شوێنەوە نانووسێ کە تێیدا دادەنیشن •

هۆیەکی دیکە نەبوونی ڕێگاو بانە کە کوردستان لەگەڵ مەڵبەندە گەورەکانی بازرگانی پەیوەند بداو تەنیا لەلای جنووبەوە ڕێگا بۆ (سنە) هەیە •

مەسەلەیەکی‌تر ئەوەیە کە کوردستان سەرمایەی گەورەی تێدا نی‌یەو فەقیری‌و نەداریی گشتی هەمیشە خەڵکی ئەم پارێزگایە ئاتاجی بازرگان‌و سەرمایەدارانی دەوروبەری خۆیان دەکاو توانستی ئەوەیان نی‌یە کاڵای خۆیان بنێرنە دەرەوە •

بازرگانی کوردستانی تەنیا دەڵاڵێکە لەنێوان چۆڵنشینان‌و بازاڕەکان• چۆڵنشینان پاش ئەوەی کەتیرەو تریاك‌و تووتن‌و پەمۆو خوری‌و بەرهەمەکانی جۆڵایی خۆیان هێنایە بازاڕ ، بازرگانی سنەیی بەنرخێکی مناسب لێیان دەکڕێ‌و چونکو ئەوەندەی سەرمایە نی‌یە قیمەتی هەموو کاڵاکان دەربێنێ دەست‌بەجێ بە بازرگانی کرماشانیی دەفرۆشێتەوەو تەنیا تمەنی یەك دوو شایی (لە صەتا نیو تا یەك ــ وەرگێڕ) قازانج بۆ خۆی حیساب دەکاو بەم‌جۆرە قازانجی گەورە بەر بازرگانی کرماشانی‌و بەغدایی دەکەوێ‌و بازرگانی بێچارەی سنەیی بە دەڵاڵی‌و ئەمانەت‌فرۆشی ڕادەبوێرێ •

کوردستانی سنە شەریکەی گەورەی بازرگانیی تێدا نی‌یەو سەرمایەیەکی

ئەوتۆشی تێدا وەگیرناکەوێ بۆ بازرگانی دەستبداو کارو کاسبیی بازرگانیی دەرو ژووری کوردستان بەدەست جوولەکانەوەیەو ئەم تایەفە بەپێی تایبەتەکانی ڕەگەزی ئامادەیی‌یەکی تایبەتی‌یان بۆ کۆکردنەوەی پارە هەیەو بە هیچ جۆرێ کۆڵ نادەنو لەم‌ڕێگەیەدا لە هیچ کارێکی ڕەواو ناڕەوا ناپرینگێنەوەو هیچ کاتێ چاو لە پچووکترین قازانجی فەردیی خۆیان لەپێناو قازانجی کۆمەڵدا ناپۆشن، هەبوونی بازرگانی جوولەکە لە کوردستان کە بەداخەوە ژمارەشیان زۆرەو لە لانی سەرمایەشەوە لە سەرووی بازرگانی دیکەوەن ، لە هۆیەکانی داشکانی بازرگانیی ئەو پارێزگایەیە ، چونکو ئەو قەومە تەماعکارو قازانج پەرستە کە هەندێجار ناموسو ئابڕووی ولاتیش دەخەنە ژێر پێ ، لە وێرانکردنی دارستانەکان بە دەستی چۆڵنشیناو ڕاوو شکاری پەیتا پەیتا بۆ وەدەستخستنی کەولی بەنرخ کە ئاخریەکەی توخمی گیاندارەکان دەبڕێنێتەوە ، خۆ ناپارێزنو ئەگەرچی ئەم کارانەیان ببێتە مایەی زەرەرو زیانی ولاتو کۆمەڵیش هەر وازی لێ ناهێنن •

هەبوونی بازرگانی ئاوا بێ‌ئابڕوو لە ولاتی ئێران لە ژەهر کوشندەترەو بۆ ئابووریی ولات کە ئێمڕۆ لە هەموو شتێ زیاتر ئاتاجی بازرگانی نیشتمانپەروەرە لە هەموو شتێك مەترسیی زیاترە ، چونکو ئەو قەومە سەرەڕای ئەوەی لە کاسبیو بازرگانیدا قەت قازانجی گشتی ڕەچاو ناکەنو ڕەوتی بازرگانیی خۆیان لەگەڵ قازانجی ولات ڕێك ناخەن ؛ هەر بەوجۆرەی خۆم ئاگادارمو لە ئاگادارانیشم بیستوە ، لە قاچاغچێتیشدا دەستی خەڵکیان لە تەختە بەستووە ، زۆر چاك دەتوانم بڵێم کە یەکەمینو زەبربەدەستترین مایەی ئەم کارە ناڕەوایە (قاچاغچێتی ــ وەرگێڕ) هەر ئەو ئەولادانەی ئیسرائیلن کە بەلای گیانو ماڵی هەموو ولاتانی خاوەن تەمەددونی جیهانن •

لەناو ئەو کالایانەی کە لە کوردستان دەنێردرێنە دەرەوە ، قاڵی لە سەرووی هەموانەوەیەو پاشان (مازوو) دێ کە جۆرەکانی لە سەنعاتی

دەباغیو ڕەنگ‌کردندا بەکاردەهێنرێ • میقداری ئەو مازووەی کە جاران لە دارستانەکانی کوردستان کۆدەکرایەوەو دەنێردرا بۆ قەفقازو ڕووسیا دە هێندەی ئێستا بوو ، بەڵام ئەم کاڵایە بەرە بەرە لە گرینگی کەوتوەو هەر ئەو هۆیانەی بە باری خراپەدا کاریان کردۆتە سەر بازرگانیی دەرەوەی ئێران ، کاریان لە ناردنە دەرەوەی بەروبووی دارستانەکانی کوردستانیش کردوەو کەمیان کردۆتەوە • (کەتیرە)و (جەوی)ش لەو کاڵا گرینگانەی کوردستانن کە دەنێردرانە دەرەوەی وڵاتو چونکو وەدەست‌هێنانیان هێندە ئەرکی نیەو پێویست بەوە ناکەن ئینسان خۆی بی‌بانهێنێتە بەرهەم ، زوربەی لادێیی کورد کاتی بێکاریی خۆیان بە کۆکردنەوەی ئەو جۆرە کاڵایەوە ڕادەبوێرن • هەر بۆیەشە ئەندازەی کەتیرەی کوردستان کە دەنێردرێتە دەرەوە لە هیی هەموو پارێزگاکانی ئێران زۆرترە ، بەڵام لەلانی چاکیی جسنەوە کەتیرەی محالی عێراق (مەبەست عێراقی عەجەمە ـ وەرگێڕ )و (خوانسار)و ( خومین ) لە کەتیرەی کوردستان چاترە •

کاڵایەکی‌تری کوردستان کە دەنێردرێتە دەرەوە میوەی وشك‌کراوە وەکو : کشمیش ، مێوژ (مێوژ کشمیشێکی دەنك گەورەیە لە وشك کردنەوەی جۆرێك ترێی سپیی بۆڵ گەورە پەیدا دەبێو چاکترین جۆری هیی ئەسەداباتی هەمەدانە )و ناوکە بادامو گوێزو میوەی وشك‌کراوی دیکە ، بەڵام لەم پارێزگایەش وەکو زوربەی مەڵبەندەکانی ئێران ، بۆ وشك‌کردنی میوەجات ڕێگای زانستیو فەننیی ڕەچاوناکرێو میوەی وشکی کوردستان کە بە دەستی جووتیارانی نەزانی نەخوێندەوار دێتە بەرهەم بەگشتی تۆزو خۆڵی پێوەیەو چونکو لە بەرهەتاو وشك دەکرێتەوە تامیشی خۆش نیە •

بێجگە لەو کاڵایانەی کە لە سەرچاوەکانی گژوگیای کوردستان پەیدادەبن سەرچاوەیەکی گرینگی دیکەش هەیە کە کاڵاکانی لەم پارێزگایە دەنێردرێنە دەرەوە ، ئەویش سەرچاوەی ڕاوو شکارە • لە کوردستان ڕێوی،

سمۆرە ، سەگلاو ، گورگ ، دەڵەك زۆرەو لە بازاڕەکانی ئورووپاو ئەمریکادا لای کڕیارە زۆرەکان کەوڵی ئەو جانەوەرانــە زۆر پەســندە ، بەتــایبەتی دەڵەك کە جانەوەرێکە وەکو پشیلە وایەو کەوڵەکەی سپیی بۆر باوەو[9] تەنیا لە کوردستان دەستدەکەوێو کەوڵەکەی زۆر نەرمو نیانەو لە بازاڕەکانی دەرەوەی ئێران بە نرخی زۆر گران ( هەر کەوڵێك ٢٠ تا ٣٠ تمــەن )[10] دەفرۆشرێــت •

حاسڵاتی کشتوکاڵی کوردستان شتێ وای لێ نــاتێردرێ بۆدەرەوەو تەنیا بۆ ئەو پارێزگایانەی کە ڕێگایان دەچێتــەوە ســەر بــەڕێدەکرێ ، بەتێکڕایی قیمەتی ئەو کاڵایانەی لە کوردستــانەوە بــۆدەرو ژووری وڵات دەچێ زیاترە لە قیمەتی ئەو کاڵایانەی دێنە کوردستانەوە ، ئەگەر ئابووریی ئەم پارێزگایە بەتایبەتی چۆنیەتیی بازرگانی چاوەدێری بکرێت ئامــادەیی پەرەسەندنو گەشەکردنێکی زۆری هەیە •

## ڕێــگا و بــان :

ئەوەی لە بەشی جوغرافیای تەبیعیی کوردستانــا گوترا تــازادەیەك چۆنیەتیی ڕێگاوبانی ئەم پارێزگایە ڕۆشندەکاتەوە ، گەڕیدەو ڕێبوارانێ کە چەند ساڵ بە گۆشەو کەناری ئەم پارێزگایەدا خولاونەوە ، لە سەفەرنامــەو سەیاحەتنامەکانی خۆیاندا کە بە یادگار بەجێیان هێشتوون لــە ســەختیو ناهەمواریی ڕێگاوبانی کوردستان ناڵەیان بوە ، هێندێك لەو گەڕیدانە کــە زۆر بەتەنگەوە بوون هەموولایەکی ئەم پارێزگایە بگەڕێن لە زۆر جێگا ناچار بوون بە گاگۆلە بڕۆن ، لە بەشی شاخاویی ڕۆژاوای کوردستــان ڕێــگای شۆسە یا کاروانەڕێ نیەو دەربازبوون لە زنجیرەکانی زاگرۆسو تێپــەڕین

(٩) دەڵەك ڕەنگی زۆرەو دەڵەکی کوردستان زیاتر ڕەنگی قاوەیی تۆخە •
(١٠) بۆ ئەوکاتەی ئەم کتێبەی تێدا نووسراوە ٢٠ ــ ٣٠ تمەن پارەیەکی زۆر بوە ــ وەرگێڕ •

بە دارستانە چڕوپڕەکاندا تا چەند ساڵ لەمەوپێش بۆ سەربازە ئازاو ڕەشیدەکانی ئێرانیش نامومکین دەهاتە بەرچاوو ئەم مەڵبەندە چونکو هیچ ڕێگایەك نەبوو لەگەڵ ناوەندی پارێزگای بەستێتەوە بووبوو بە کانگای ئاژاوەو پشێوینە گێڕیی هەندێ سەرکردەی سەرکێشی خێڵو عەشایرەکانی سەرسنوورو شوێنی زۆر گرینگی ئێستراتێژی هەمیشە لەدەست یاخییەکانی خۆجێییدا بوو ، ئیمڕۆش تێپەڕینی ژمارەیەك سەرباز بە چەكو جبەخانەی قورسەوە لە شیوو دۆڵە بەسامەکانی چیا بەرزەکانی ئەم مەڵبەندە کارێکی زۆر دژوارەو تەنیا ڕەشیدیو لەخۆبووردنی سەیری سەربازەکانی ئێرانی ئیمڕۆ کە هەموو نارەحەتییەك تەحەممول دەکەنو بە دڵسۆزیی نیشتمانپەروەرانە گیانیان خستۆتە سەر بەری دەستیان – پێکی هیناوە ، دەنا بۆ خەڵکی ئاساییو کاروانی بازرگانی تێپەڕین لەم هەموو ترکزەو مەترسییانە کاری کردن نییە .

بەشی دەشتاییو پێدەشتەکانی کوردستان ئازادەیەك بۆ کێشانی ڕێگاوبان دەستدەدا ، بەڵام بەداخەوە هیچ گوێی نەدراوەتێو تەنیا کاروانەڕێیەکی کۆن هەیە کە (سنە) لەجنووبەوە لەگەڵ هەمەدانو کرماشانو لە باکوورەوە بە ڕێگای سەقزا لەگەڵ سابلاغ تێكدەکاتەوەو ئەم دوایانە بەشێکی کەمی لێ تەختکراوە ، دەنا لەم مەڵبەندەدا ڕێگایەکی شۆسە نییەو لەمپارێزگا پانو بەرینەی کوردستاندا زیاتر لە ٥٠–٦٠ فرسەق (٤٠٠ – ٤٨٠ کیلۆمیتر – وەرگێڕ ) ڕێگایەکیوا نییە بۆ ئەوە بێ هاتوچۆی پێدا بکرێ ، ئەویش وەکو بەشی زۆری ڕێگا شۆسەکانی ئێران لە شەش مانگی زستانو بەهارا لە بەرسەرماو بەفری زۆرو تەڕو قوڕی هاتوچۆی پێدا ناکرێو ئاڵوگۆڕی بازرگانیی کوردستان بە هۆیەکانی خێرای گواستنەوە ، ساڵێ تەنیا شەش مانگ لە ڕێگای باکوور بۆ جنووبی ئەم پارێزگایە مومکینە ، نەبوونی ڕێگاوبان لە کوردستان ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێوەشاوەتەوە .

یەکەم ــ لە کۆنەوە خێڵ و هوزەکانی ڕۆژاوای کوردستان لە پەنای چیا بەرزەکان و شیو و دۆڵەکاندا کە هاتوچۆکردن پیایاندا دژوارە ، بە سەربەخۆیی ماونەتەوەو لەبەرئەوەی لەگەڵ خەڵکی شاران و ناوەندەکانی دەستەڵاتی دەوڵەت پێوەندیان نەبوە ، ڕێ وشوێن و داب و دەستوورو کردارو ڕەفتارێکی تایبەتی یان بۆ خۆیان گرتۆتەبەرو هەمیشە پێکەوە لە گێرەو کێشەدا بوون ونەهاتوونە ژێر باری یەك یاساو ڕێ و شوێن ، دووربوونیان لە ناوەندەکانی دەستەڵاتی حکوومەتی ئێران و پێوەندیان لەگەڵ دراوسی یەکانی ڕۆژاوا بۆتە هۆی ڕاپەڕینی بەتەوژم و فیتنەو ئاژاوە •

دوەم ــ بەهۆی نەبوونی ڕێگاو بانەوە لەنێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژاوای کوردستاندا ، لەشکرکێشی و دەست گەیشتنە جێگای شۆڕشگێڕەکانی سنوور بۆ کاربەدەستان دژوارو جاروبارەش هەر لە وزەیاندا نەبوەو ئەگەر توانیبێتیان کارێ بکەن ، بە خەرج کردنی پارەی زۆرو زەرەری بێ ئەژماری گیانی بۆیان پێکهاتوە • ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی کوردستان بەڵگەی ڕاستیی ئەم قسەیەن •

سێیەم ــ لەبەر نەبوونی ڕێگاو بانی ڕاستەوخۆ [11] لە کوردستان ، دەرگای کڕین و فرۆتنی ماڵی قاچاخ بۆ قاچاخچی یانی ئەم پارێزگایە کەوتۆتە سەر پشت و هەرئەو بازرگانە تەماعکارانەی کە پارەو دارایی یان لە وڵات و نیشتمان بەلاوە باشترە ، زۆر بە ئاسانی و بەهۆی خەڵکی ساویلکەی شاخانەوە خەریکی کاری خۆیانن ، بە دڵنیایی دەتوانین بڵێین کە لە ڕێگا نەناسراوەکانی کوردستانی ڕۆژاواوە ئەوەندە ماڵی قاچاغ دێتە ژوورەوەو لەوێشەوە بەڕێ دەکری بۆ ئەولاولا ، کە بەقەد هەموو ئەو کالایە دەبێ کە لە گومرگی خانەقینەوە دێتە ئێران • ئەو کارە زیانێکی گەورەی لە بازرگانیی

---

(11) مەبەستی پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێرانە ــ وەرگێڕ .

ئەم پارێزگایە داوە ؛ چونکو ماڵی قاچاغ لە بازاڕەکانی کوردستان بە نیــوە قیمەتی ماڵی گومرگ کراو دەفرۆشرێتو بەمجۆرە بازرگان بەربەرەکانییان پێ ناکرێو بەرە بەرە لە پەلوپۆ دەکەونو زیانی ئەم کارە تەنیا بازرگانانی کوردستان ناگرێتەوە ، بەڵکو بەوشێوە بازرگانییەی ئێستای ئێران ، بــۆ ئابووریی وڵات زۆر زیانی هەیەو پێویستە هەرچۆنێ بێ ئەم ئیشە بەرگریی لێ بــکرێ •

## سەرچــاوەکان

هەرچەند لە پەراوێزی لاپەڕەکانی ئــەم کتێبەدا بــۆ ئاسانیی کاری خوێندنەوە بەکورتی باسی هەندێ بەڵگەو زانیــاریو مەبەســتێ کە لــەم نامیلکەیەدایە کراوە ، بەڵام باسێ سەرچاوە گرینگەکان کە زەمینەی ئەسڵیی لێکۆڵینەوەی نووسەرە نەکراوە ، ئەوا بۆئەوەی زیاتر کەڵکبــەخش بــێو بۆئەوەی خوێنەرانی بەرێز درێژەی ئەم کورتە باسە بخوێننەوە ، پێڕستی ئەو کتێبو سەرچاوە فارسیو عەرەبیو فەڕەنگییانەی کە دانەر کەڵــکی لێ وەرگرتوون بە تەرتیبی ئەلفو بێ دەنووسرێ :

١ ــ ئاناباسیس ، یا گەڕانەوەی دە هەزار کەسی ، دانەری گزینفــۆن ــ (فڕەنسی) •

٢ ــ تاریخ الکامل ، ابن الاثیر ، ڕووداوەکانی ساڵانی ١٦و ١٧و ١٩ی کۆچی ــ (عەرەبی) •

٣ ــ تاریخ طبری ، محمد جریر طبری ، بەرگی چوارەم ، گرتنی تکریتو جزیرەو ئەهواز ، ڕووداوەکانی ساڵانی ١٦و ١٧و ١٨و ١٩ ــ (عەرەبی)•

٤ ــ لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕەگەزی کوردانو باپیرەکانیان کلدانییەکانی باکوور ، (لێرچ)ی ئەڵمانی ــ (فڕەنسی) •

٥ ــ جوغرافیای ئێسترابۆن ، ٤ بەرگە کە ١٧ کتێبە ، کتێبی ١١و ١٥و ١٦و ١٧ ؛ بەرگی ئاخری ئەم کتێبە ناوی شوێنو ئەعلامو بەرگی پازدەهەم تایبەتی جوغرافیای ئێرانو هیندوستانە ــ ( فرەنسی ) •

٦ ــ جوغرافیای عالەم ؛ لۆیی دۆبوو • بەرگی شەشەم ــ ( فرەنسی ) •

٧ ــ ئەنسیکلۆ پیدیای ئیسلامی • بەرگی دوەم ؛ ل ١٢٠٠ • (فرەنسی) ئەم کتێبە کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی هەموو ڕۆژهەڵاتناسانی فەڕەنگییە کە دەربارەی مێژوو ، جوغرافیاو ئەدەبیاتی ئیسلامی کردوویانە • کتێبێکی زۆر بەنرخەو لەم دوایانەدا ڕێکخراوەو چاپکراوە ؛ دوو ساڵ لەمەوبەر کە من لە کتێبخانەی پەڕلەمان خەریکی خوێندنەوە بووم ئامیلکەکانی یەك بەدوای یەکا دەنێردرانو ئێستا کە خەریکی نوسینی ئەم کتێبەم ڕەنگە بەرگی سێ‌یەمیشی چاپکرابێو هاتبێ •

٨ ــ ئەنسیکلۆ پیدیای ئیسلامی ، بەرگی دوەم (ئینگلیزی) ، ئەم کتێبەش کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسانی ئورووپایە کە کراوە بە ئینگلیزیو چاپکراوەو من بۆ دڵنیایی تەماشای ئەم کتێبەشم کردوەو لەگەڵ ئەنسیکلۆ پیدیای ئیسلامی ( فرەنسی ) بەراوردم کردوە تەنیا لە هەندێ شوێن نەبێ هەردوکیان وەکو یەکن هەروەکو یەکیان وەرگێڕراوی ئەویتریان بێ •

٩ ــ ئەنسیکلۆ پیدیای بریتانی ، بەرگی ١٣ ؛ ل ٥٢٠/٥٢١ •

١٠ــ شەرەفنامەی بدلیسی ، ئەمیر شرفالدین بدلیسی ، بەسەرهاتی ئەمیرو حاکمو پاتشایانی خۆجێیی کوردستانو سلەیمانیو بدلیسو سنجارو باسی ئەمیرەکانی کورد ڕەگەزی شامو ئاسیای پچووك ــ (فارسی) •

١١ــ فتوح البلدان ، بەلاذەری ، چاپی لیدن بەیارمەتی دخویە ، گرتنی الجزیرە ــ (عەرەبی) •

١٢ــ کوورۆپیدی ، ( عاملاندنی کورش ) ، گزینفۆن ــ ( فرەنسی ) •

١٣ــ مروج الذهب ، مەسعوودی ، دوو بەرگ ــ (عەرەبی) •

١٤ــ المسالك والممالك ، ئیستەخری ، چاپی لیدن ، ل ١٩٥ ، الجبال ــ (عەرەبی) •

١٥ــ معجم البلدان ، یاقووتی حەمەوی ، بەرگی سێیەم ، ل ٤٤و ٩٦ ــ (عەرەبی) •

١٦ــ نزهة القلوب ، حەمدوڵلای موستەوفی ، چاپی لیدن ، باسی بەشەکانی کوردستان ــ (فارسی) •

١٧ــ ڕەگەزەکانو مێژوو ، ئوژین پیتار ــ ( فرەنسی ) •

★ ★ ★

هەواڵنامەی کتێب

بێجگە لەو بەڵگانەی کە لەسەرەوە باس کراون ، دەستنووسێکی زانای پایەبەرز جەنابی حجة الاسلام شێخ محمدی مردوخ لە زانایانی سنە کە ماوەیێکی زۆر خەریکی گەشتو گێڵ بوون ، بەهۆی زانای خۆشەویست جەنابی ئاغای (نەسری) سەرۆکی پێشووی مەعاریفی کوردستان ، لەلایەن نووسەرەوە کەڵکی لێ وەرگیراوە ، ئەم دەستنووسە جوغرافیای تایبەتی سنەیەو زانیاریی گرنگی دەربارەی خێڵو عەشایری کوردستانو ناوی محاڵو قەزاکانو هەندێ حاسڵاتی ئەم پارێزگایەی تێدایەو بەسەر یەکەوە کتێبێکی ئێجگار بەکەڵکە •

نرخی ( ٢٥٠ ) فلسه

٤٠٠٠ دانه لەم کتێبە لەچاپ دراوە

لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا ژمارە (٦١٣)ی ساڵی ١٩٨٠ی دراوەتێ

هەواڵنامەی کتێب